# دەق و رەخنە

# دەق و رەخنە

د. عەبدوڵلا ڕەحمان

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **دەق و رەخنە**

- نووسەر: عەبدوڵڵا ڕەحمان
- پیچنین: نووسەر
- ڕێنوس و هەڵەچنی: محەمەد عەبدولڕەحمان خدر
- نەخشەسازیی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- نرخ: ( ٣٠٠٠) دینار
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: (هێڤی) هەولێر
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (٢٨٩) لەساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (١٠٦٣)

**ماڵپەڕ**: www.mukiryani.com

**ئیمەیل**: info@mukiryani.com

پێشکێشه

به یەکەمین نوێخوازی شیعری کوردی **عەبدوڵڵا گۆران**

# ناوەرۆک

ڕازێکی دەروون ........................................................ ٩
بەچیت بچوێنم ....................................................... ٤١
١٩٦٥/١١/١٨ ............................................................ ٥٨
ژنێکی بێ ناونیشان ................................................. ٩٥
مرۆڤ ....................................................................... ١٢٣

# ڕازێکی دەروون

گوێ شلی ئەو وتانەم لە شەوەزەنگا
چرپەیانە لە خامۆشی تاری سنگا
ئەو سکاڵا تاڵەی هەردەم
هەڵدەڕێژێ زووخاوی خەم
ئەو پرسیارە، بێ وەڵامەی، ڕێی پێنابەم
نە تێی ئەگەم
نە ئەشتوانم لێی هەڵبێم و خۆم دەربازکەم.

* * *

چیم لە بوونما ئاخۆ دەسکەوت
بڵێسە و گڕ؟
یا هێمنی، گیانی نەسرەوت
شادمانی، یا خەمی دڕ.

* * *

دنیا و تەمەنی لەمەودوام
ئاخۆ چۆن بێ؟

پڕ جریوەی ئەستێرەبێ

ئاسمانەکەی دوێنێی بڕوام.

❊ ❊ ❊

ئەی خۆم، کێ بم؟

بەزەیی بم، یا شەڕخواهی

خۆشەویستی، یا ڕقاوی

ئاخۆ چی بم؟

❊ ❊ ❊

تەزوویەکیش بە گیانما دێت

فرمێسک و بزەی لێدەتکێت

کاتێک دەروون

دێتە گڕ و کفت و هەڵچوون

وێنەیەکی پرسیاراوی

ئەخەمە بەرچاوی وێڵم

تیایا دڕکی ئاگراوی پڕ لە چزەی ژین دەشێلم.

❊ ❊ ❊

لە فرمێسکا . لە بزەی یادی جارانما

لە هەنسکا. لە شاڵاوی بیرسووتانما

لە ناخەوە

لە ناخێکی بە داخەوە.

ڕوخساری خۆم، بەدی ئەکەم

ڕووم تێ ئەکا. ڕووی تێ ئەکەم
دێینە دووان.
لە من یەک و لەو بە سەدان.
* * *
جا لە ڕوخسارم تێ ئەگەم
بۆ وتەیەک گوێ شل ئەکەم
لە قووڵایی دڵمەوە دێت
ئەنەڕێنێت و پێم ئەڵێت
نازانیت کێیت؟
پایەت چەندە؟ کامەیە جێت؟
* * *
تۆ مرۆڤیت. بڵندە جێت
چەند بە ژان بێ ژینی دوێنێت
ئەمڕۆ ئازاد، ملی ڕێگات
بگرە بەرەو دنیای هیوات
ئەوسا هەر وێنەی ڕووی دوێنێت
هەزار و یەک ڕەنگ ئەنوێنێت
باخی وشکی زەردی سیسبوو
بە دەریای گوڵ ئەنەخشێنێ
بە هەزاران وتەی نوستوو
لە خەوی قورس هەڵئەسێنێ

پەڵە هەوری ڕەشی سنگت

دێتە ڕەوینەوە و نەمان

لێڵی گۆمی خولیای مەنگت

ڕوون ئەبێتەوە گەش و جوان

تێدەگەیت کێیت

بۆچی دەژیت. کامەیە جێت

بەرەو کوێیە هەنگاوی ڕێت

تێئەگەیت کێیت.

## کردەی خۆدواندن و گەیشتن بە کەنارەکانی خۆناسین
## لە دەقی: (ڕازێکی دەروون)ی جەلالی میرزا کەریمدا

خۆناسین یەکێک لەو کردە ئاڵۆزانەی، کە هەمیشە مرۆڤ لەو دنیا وێڵ و سەرگەردانەدا ڕێگای پڕ لە ئەفسوونی دەروونی خۆی پێ تاقی دەکاتەوە. لەمەشدا دەروون دەبێتە ئەو گۆڕەپانەی کە مرۆڤ لە پێناویدا دەیخاتە بەر نەشتەری ئەزموونەکانی و هەوڵ دەدات لەوێوە ئە و کردەیە بەڕێوە ببات و لەڕێگای بنیاد نانی سەر لەنوێی ناخی خۆیە وە، سەرە داوەکانی ئەو کردەیە بدۆزێتەوەو ئاشنای ببێت. دیارە خۆناسین گرنگترین و پڕ ناسۆرترین کردەیە کە بەرۆکی مرۆڤ دە گرێت و خانەکانی مێشکی دەگرن و لەپێناو دۆزینەوەی خوددا دەگەنە چڵەپۆپەی کارکردن. لەمەشدا مرۆڤ تەواوی جومگەکانی دیکەی دەکە وێتە ژێر خزمەتی ئەو هەنگاوە. بەواتایەکی دیکە هەر چەندە هێشتا خودی خۆی نەدۆزیوەتەوە و عەودالّی بەدواگەڕان و سۆراخ کردنیەتی، کەچی تەواوی بوونی خۆشی جڵەوگیری ئەو گەڕانەی دەبێت و لەخزمە تی خود دۆزینەوەدا دەبن. بۆیە سەرلێشوانی دەروون و ئاڵۆزبوونی بیرو سەرگەردان بوونی هزری مرۆڤ تا ئەو کاتە لەگەڵ ئەو کردەیەدا ئاوێزان دەبن، کە مرۆڤ خودی خۆی دەدۆزێتەوە. لەگەڵ ئەو دۆزینە وەیەشدا کردەکە کۆتایی نایەت، بەڵکو قۆناغێکی دیکەی بۆ دروست دە

بێت، کە ناخ و دەروون و هزری گۆڕەپانێکی دیکەی چەسپاندنی بوونە کەی دەبن. لێرەشدا دەروون بنچینە و بناغەی ئەو کردەی خۆناسینە پێکدەهێنێت و بەیەکەوە دووانەیەکی لێکدانەبڕاو دروست دەکەن، کە هە ر یەکێکیان ئەوی دیکە تەواو دەکات. دەروون بەشێکی گرینگ لە بوونی مرۆڤ پێکدەهێنێت و مرۆڤ بەهۆی حاڵەتەکانی دەروونییەوە لە هەنگاوەکانی ژیان بەرەو پێشەوە دەچێت و ئایندەی خۆی دیاری دە کات. بەو واتایەی دەروون بوونێکی سەقامگیر و چەسپاو بۆ مرۆڤ دە هێنێتەکایەوە، بەهۆیەوە مرۆڤ پێیەکانی خۆی لەو ژیانەدا قایم دەکات و شوێنێک لە بەرزایی و نزماییەکانی ژیان دەگرێت، بەڵام ئەو شوێن پێ گرتنە هاوکاتە لەگەڵ کردەی خۆناسین، کە بەهۆیەوە مرۆڤ لە بوونی خۆی دەگات و هەوڵ دەدات ئاوات و ئامانجەکانی لەرێگەی ئەو بوونەوە دەستەبەر بکات، لێرەشەوە بوون و دەروون و خۆناسین ئەو سێ لایەنەن، کە بەیەکەوە گرێدراون و ناتوانرێت لێک داببڕێن. بەو واتایەی ئەو سێ چەمکە کاریگەری و کارتێکردنی گەورەیان لەسەر یە کدی هەیە و هیچ کامێکیان توانای ئەوەی نییە بە تەنیا رێی خۆی بکات و گەشە بکات، گەر لایەنەکانی دیکە هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵیدا نە کەن. کاتێک شاعیریش هەوڵی ئەوە دەدات لەرێگای کردەی خۆناسینە وە بوونی خۆی بدۆزێتەوە و جەخت لەسەر کایەکانی بکاتەوە، پەیوە ندییەکی راستەوخۆ لەنێوان ئەدەب و دەروونناسی دروست دەکات، چونکە خودناسین پایەکی گرینگە لە پایەکانی دەروونناسی. بەو هۆیە شەوە ئەدەب و شیعر سوود لە کەرستە و رشتەو بابەتەکانی دە

رووناسی وەردەگرن و بەکاری دەهێنن. بەم چەشنە دەروون لەرێگای سۆز و خەون و خەیاڵ و ڕەمز وەکو کەرەستەی دەروونی بەشدارییە کی کارایان لە شیعردا هەیە (( واتە دەروون بەڕێگا و بەشێوازی جیاجیا و هەر جارە و لەرێگەی پێکهاتە و ڕەگەزێکەوە خۆی داوێتە ناو شیعرەوە، بەپێی ئەم میتۆدە شیعر و هونەر بەگشتی ڕەنگدانەوەی دە روونن وا دەکەن دەروون بدرەوشێتەوە لەمەشخەڵەکانی خۆیاندا هە میشە و دەم و سات دەروون بنووسنەوە بەشێواز و رێگای جیا جیا ئە م هەستە دەرببڕن و عەینی بکەنەوە . لەراستیدا دەروون بەوەی خە سڵەتی درەوشانەوەی هەیە. خاوەنی کۆمەک و هاوکارییە بۆ شیعر)) (پێشڕەو عەبدوڵڵا،٢٠١٣، ل٧٥-٧٦). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چ شیعر و چ شاعیر لەژێر کاریگەرییەکی گەورەی دەروونەدان و لەرێگای ئامرازەکانی دەروونییەوە گوزارشت لە حاڵەتەکانیان دەکەن، لەو خاڵە شدا دەروونناسی ئەدەب وەکو زانستێک لەناو زانستەکاندا سەریهەڵدا و پایە و خەسڵەتەکانی داڕێژراوە. بەم پێیە هەمیشە شاعیر ورووژاوەو ئەو ورووژاندنە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دەروونی بە جێهێشتووەو شیعریش ئەو ژانرە بەردەستەبووە کە حاڵەتەکانی ئەو ورووژاندنەی نووسیوەتەوە. ئەمەش بەیەکتر بەستنەوەی دوو جیهانی ناوەوەی مرۆڤ و دەرەوەی دەگەیەنێت، کە دیارە ئەو دوو جیهانە کاریگەری و کارتێکردنیان لەسەر یەکتر هەبووە و بەهۆیەوە تاکیان لە ژیاندا ئاراستە کردووە ((دەروونشیکاری ئاوڕدانەوەیەکی تەواو بوو لە لایەنەکانی کەسایەتی و گەڕانەوە بوو بۆ دیوی ناوەوەی تاک، کە پێیان

وابوو مرۆڤ لە ژوورەوە لەناوەرۆکێکی ئاڵۆز پێک هاتووە، کە کردە جۆربەجۆرەکان و لایەنەکانی وەک ئەدەب و هونەر پەیوەستن بەو ناوە رۆکەوە، دواتر ئەو ناوەرۆک و لایەنانە مرۆڤ ئاراستە دەکەن، بۆ مامە لە کردن لەگەڵ دنیای دەرەوە و کار لەسەر ڕەفتارە دەرەکییەکانی مرۆڤ دەکەن)) (ڕێبوار محەمەد، ٢٠١٦، ل ٢١٣-٢١٤)، واتە حاڵەتە وروژێنراوەکە لەناوەوەی تاک دەست پێدەکات و سەرهەڵدەدات و دە پەڕێتەوە بۆ جیهانی دەرەوە و پەیوەندی تاک بەو جیهانە دەرەوەیەیدا شرۆڤە دەکات و لەوێوە دیوە شاراوەکانی دەق ئاشکرا دەبێت. لەم روانگەیەوە لە شیعرێکی (جەلالی میرزا کەریم)دا دەکۆڵینەوە، کە بە ناونیشانی (رازێکی دەروون)ە و لە گۆڤاری (تووتن)، ژمارە (٤)ی ئایاری ساڵی (١٩٧٠) بڵاوکراوەتەوە، کە دەتوانین بڵێین بە پلەی یەکەم دەقێکی دەروونییەو تێیدا شاعیر لە بارودۆخێکی زۆر تایبەتی دە روونیدایە و بەو هۆیەشەوە خوێنەریش دووچاری شۆڕبوونەوەی ناخ دەکات و لە رامانێکی هەنووکەییدا هەوڵی خۆناسین و دۆزینەوەی خودی پێ دەدات. دیارە لە مێژووی شیعری کوردیدا ئەم جۆرە روانینانە شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەی شاعیری کورد پیشان دەدات، بەمەش لە قۆناغێکی گرینگی کلاسیک و نوێخوازی جودای دەکاتەوە، بە و واتایەی شیعری هاوچەرخی کوردی سەرەڕای ئەو ئەرکەی کە لەسە ری بووە، ئاوڕێکی بەهێزی لە ناخی خۆی داوەتەوە، (( چونکە پێگەی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا بەهای خۆی هەیە و شیعر لە قۆناغە جیاوازە کاندا جگە لە ئەرکی خۆی، ئەرکی فکری و فەلسەفی و سیاسیشی

گرتۆته خۆی، بۆیه تێگەیشتن له شیعری کوردی دەرگا کردنەوەیه له زۆر بواری دیکه و تێگەیشتنه له زۆر کایەی تری ڕۆشنبیریمان)) (پێشڕەو عەبدوڵلا، ل٥). بۆیه شیعری هاوچەرخی کوردی سەرەڕای ئه و ئەرکانەی که بەمیرات بۆی بەجێ مابوو، بەهۆی بارودۆخه سیاسی و نەتەوەییەکەوه  که نەیدەتوانی لێی لابدات، لەگەڵ ئەوەشدا توانی ده رگایەکی دیکەی نوێخوازی بکاتەوەو رامانێک لەگەڵ هەست و سۆز و خەونەکانی بکات. لەم بوارەشدا (جەلالی میرزا کەریم) وەکو شاعیرێکی نوێخواز جێ دەستی دیار بووه ((شاعیرێکی وەکو (جەلالی میرزا که ریم) خولیای نوێخوازی بوو، دەیویست قاڵبه کۆنەکان بشکێنێ، هەنگاو بەرەو سنوور شکاندن بنێ و دەرگایەکی تر لەبەردەم هزر و شیعردا والآ بکات، شۆڕشێکی دیکه بەرپا بکات )) (کەمال غەمبار، ٢٠٠٨، ل ١٢٥)، یەکێک لەو دەرگا کردنەوانەی که شاعیر کردوویەتی، دەرگا کردنەوه بووه بەڕووی دەروونییەوەو قووڵبوونەوه بووه له راز و نه ستەکانی ناخییەوه. دیاره لەمەشدا لەو رێگایەوه هەوڵی داوه رێچکەیه کی دیکه لەناو شیعری کوردیدا بێنێته کایەوه و مرۆڤی کورد لەرێگای خۆناسینەوه بەسەر تەنگوچەڵەمەکانی ژیان زاڵ بێت و هێزو وزەی نوێ بەدەست بهێنێت و ئیرادەیەکی پۆلاین دروست بکات، چونکه تا مرۆڤ خۆی نەناسێ، زەحمەته لەخۆی بگات و هەنگاو بهاوێژێت و ئامانجەکانی له ژیان دەستنیشان بکات، دواجاریش توانای ئەوەشی نامێنێت له بارودۆخی دەرەوەی دەروون و بوونی خۆی تێبگات و شیکردنەوەی راست و دروستی بۆ بەرهەم بهێنێت. شاعیر لەرێگەی ئه

و خۆدواندنەوە ڕێگایەکی گرینگی دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی بە بوونی خۆی بگات و خودی خۆی بناسێت و لەوێوە وێستگەکانی ژیانی ره نگڕێژ بکات و هەنگاوەکانی ئایندەی دیاری بکات. بۆیە خۆدواندنی وه کو ئامرازێکی کاریگەر بەکارهێناوە و بەهۆیەوە توانیویەتی خاڵ و پنته کانی خودی خۆی دەستنیشان بکات و بیان دۆزێتەوە. لەبەر ئەوەی خۆدواندن ساتێکی زۆر پڕ مفایە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا و کاریگەرییه کی گەورە لەسەر هزر و گیانی بەجێ دەهێڵێت. بەو پێیەش کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت بە تەنیا ژیان بەسەر ببات، به شی زۆری ژیانی لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە بەسەر دەبات، که گیانێکی کۆمەڵی پێ دەسپێرن و ڕێگەی نادەن لە تەنیایی و دۆخی بیرکردنەوەی تاکایەتی نزیک بکەوێتەوە. بۆیە ئەو ساتانەی کە مرۆڤ هەلێکی تاک و تەنیایی بۆ دەرخسێت و هەست لە رازو نهێنییەکانی ده روونی رادەگرێت، ژیان و بوونی خۆی بە شێوەیەکی دیکە بەرچاو ده کەوێت، جۆرێک لە تازەکردنەوەو بووژانەوە بەسەر هەست و سۆز و خەونەکانیشیدا دێت، کە وای لێدەکات بەشێکی زۆری ئەو تازەکردنەوه و بووژانەوەیە لەگەڵ دەروونی خۆیدا شەن و کەو بکات، لەم خۆدواندنەشەوە بە کەنارەکانی خودی خۆی دەگات و بوونە فیزیکییه کەی خۆی دیاری دەکات. بۆیە بۆ تێگەیشتن لەم شیعرەی شاعیر و شەنوکەوکردنی لایەن و ڕەهەندە دەروونییەکانی، پێویست دەکات سه رەتا رامانێکی کورت و پوخت لەبارەی هەردوو چەمکی خود ناسین و خۆدواندن بکەین، کە شاعیر کردوویەتییە بەردی بناغەی دەقەکەی.

# خودناسین

خودناسی یەکێکە لەو کردە دەروونییە ئاڵۆزانەی مرۆڤ لە ژیانیدا ڕووبەرووی دەبێتەوە و لەپێناو دۆزینەوەی خۆیدا دووچاری ئازارێکی دەروونی سەخت دەبێتەوە، لە هەمانکاتیشدا بۆ ئەو دۆزینەوە خودییەش چەندین ڕێگای جۆراجۆر دەگرێتەبەر، کە لەناویشیاندا ئەدەب بەگشت ژانرەکانییەوە یەکێکە لەو ڕێگاو پانتاییە فراوانەی خودی مرۆڤ تێیدا ڕە نگدەداتەوەو بە ئاسانی دەستەمۆ دەکرێت. بۆیە ئەو خودناسینە دە روونێکی سەقامگیر دروست دەکات و دەبێتە کۆڵەکەی بنەڕەتی ژیانێکی ئاسوودە، بەو پێیەی ((یەکەم بناغە و کۆڵەکەی دروستی دەروونی و دووربوون لە گرفت و نەخۆشی دەروونی خۆناسینە، واتە هەموو کە سێک پێش ئەوەی ببێت بە برادەرو دۆستی کەسانی دیکە دەبێت ببێتە هاوەڵ و دۆستی خۆی و بەناخ و دڵ و دەروونی خۆیدا بچێتە خوارەوە ، لەبەر ئەوەی نەزانینی خود و پشتگوێ خستنی و شارەزا نەبوونی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی، مرۆڤ بەرەو هەڵدێر و کۆمەڵێک کێشەو گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبات)) (د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، ٢٠٠٦، ل٣٩٩)، چونکە زۆر پێویستە مرۆڤ لایەنە بەهێز و لاوازەکانی خودی خۆی بزانێت و شارەزایی و زانیاریی لەبارەیانەوە هەبێت و

ئاستی ئەو حەزو ئارەزووانەی خۆی دیاری بکات، ئەو پاڵنەر و هۆکارانەی شێوەو شێوازی رەفتارەکانی دیاری دەکەن بناسێت. چونکە پاڵنەرەکان ژیانی ئێمە بەڕێوە دەبەن و تووشی خۆشی و ناخۆشیمان دەکەن، بۆیە دەبێ مرۆڤ هۆی ئەو پاڵنەرانە بزانێ، کە وای لێکردووە هەڵە بکات و لە هەمان کاتدا هۆکاری ئەو پاڵنەرەش بزانێ کە دڵخۆشی دەکات، هەروەها لەسەر خود پێویستە لە میکانیزمە بەرگرییە دەروونییە کان دوور بکەوێتەوە، چونکە زەرەرو زیانی گەورە بە کەسایەتی تاک دەگەیەنێ، میکانیزمەکانیش وەکو کپ و خەفەکردنی حەزو ئارەزووە کانمان، لەبەر ئەوەی زۆر بەکارهێنانی ئەمانە تاک وا لێدەکات لە ژیانی واقیعی دوور بکەوێتەوە، لە هەمان کاتیشدا مرۆڤ دەبێ ڕووبەڕووی ترسەکانی ببێتەوە لە دەستیان ڕانەکات، چونکە چۆک دادان لە ترس و دڵەڕاوکێ، زیانی زۆر بە دروستی دەروونی دەگەیەنێ. بۆیە خودناسی تەنیا لەسەر کەسایەتی و بارودۆخ و پۆلینکردنی کۆمەڵایەتی ناوەستێتە وە، بەڵکو رەهەندی دیکەش وەردەگرێت، کە مرۆڤ هەستی پێ ناکات، تەنیا ئەو کاتانە نەبێت بەڕاستگۆیی لەبەرانبەر خودی خۆی دەوەستێت و خۆی پێ دەناسێنێت و لەناویدا بەدوای ئەو خودە راستەقینەی خۆیدا دەگەڕێت کە تا ئەو ساتە هەستی پێنەکردووە. ئەم کارەش وا ئاسان نییە و پێویستی بە راستگۆیی و هاوسەنگی هەیە، سەرەڕای ئەوەش رامان و خودناسین پێویستی بە سەقامگیرییەکی ناوەخۆیی دەروونی هە یە، کە هێز بە مرۆڤ دەبەخشێت لە هەموو ئەو پەراوێزانەیساڵەکانی ژیانی رزگاری ببێت و خۆی بۆ ناسینی خودە راستەقینەکە تەرخان

بکات، ئەمەش وا دەکات هەر مرۆڤێک شێوەو شێوازی دیاریکراوی خۆی هەبێت لە کردەی خودناسیندا، کە زیاتر پشت بەو ئەزموونە تاکییە دەبەستێت لەژیانیدا بەدەستی هێناوە( مادونا عسکر، ٢٠١٣، ص٢٥). لێرە شدا شاعیر لە ساتەوەختێکی دەگمەنی رامانی دەروونی خۆیدایە و هە وڵ دەدات خودی خۆی بەدی بکات:

گوێ شلی ئەو وتانەم لە شەوەزەنگا
چرپەیانە لە خامۆشی تاری سنگا
ئەو سکاڵا تاڵەی هەردەم
هەڵدەڕێژێ زووخاوی خەم

دەستپێک لەم شیعرەدا بەو کۆپلە پڕ لە تەمومژاوی دەروونییە دە ست پێدەکات، شاعیر راستگۆیانە دەروونێکی شڵەژاوی خۆی پێشکێش بە خوێنەران دەکات. بەشێوەیەکی دیکە شاعیر خوێنەران رادەکێشێتە ناو دەروونێکی پڕ لە کێشە و گرفتی کە هەمیشە سکاڵای تاڵ هەڵدە ڕێژێ و پێکی خەم دەنۆشێت و لەوێوە دەیخاتە ناو ئەو چوارچێوە دە روونییەی کە خۆی لە ڕامان و هزرینی خۆیەوە دەبینێتەوە. شاعیر عە ودالی دۆزینەوەی بوونی خۆیەتی و هەوڵ دەدات خۆی بناسێت و لە خۆی تێبگات، بۆیە لە ساتێکی دیاریکراودا گوێ لەناخ و دەروونی خۆی دەگرێت. گوێگرتنیش لە ناخ و دەروون، لەکارە ناوازەکانی مرۆڤە، چونکە مرۆڤ بەهۆی ئەو جەنجاڵی و پەیوەندییە ئاڵۆز و فراوانانەی ژیانییەوە کەمتر ئاوڕ لە ناخ و دەروونی خۆی دەداتەوە.

هەر کاتێکیش هەلی ئەوەی بۆ رەخسا گوێ شل بکات لە گوتە و ناڵە کانی ناخ و دەروونی خۆی، دووچاری شڵەژان و هەژانێکی سەخت دە بێتەوە کە لە ئەنجامی بەریەککەوتنێکی گرینگ لەگەڵ بوونی خۆیدا دێتەکایەوە، گۆڕانکارییەکی سەرتاپاگیری لە هەڵوێست و هەڵچوون و رەفتارو رەوتی بیرکردنەوەی لێدەکەوێتەوە، بەو هۆیەشەوە کردەیەکی پڕ مفای خودناسین دێتە کایەوە. کەواتە ئەو دەستپێکە سەرەتایەکە بۆ خودناسین. سەرەتای ئەو خودناسینەش لەو پرسیارەوە دەست پێدەکات (تۆ کێی)، کە (سوکرات)ی فەیلەسووف یەکەم کەسێک بووە بەلایدا چووە و یەکێک بووە لە تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەکەی کە خۆی لەم گوزارشتە (خۆت بناسە) دەبینێتەوە، هەر لە سەرەتاوە (سوکرات) کردوویەتی بە سەر مەشقی ژیان و بیروباوەڕی فەلسەفەکەی و لەو باوەڕەدابووە نە زانین یەکەم هەنگاوە بەرەو زانین و پێویستە خۆمان بناسین، ئینجا هە وڵبدەین شتی دیکە بزانین. کەواتە ئەو پرسیارە، رەنگە قورسترین پرسیار بێت، کە رووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە، چونکە وەڵامدانەوەی پێویستی بە هۆشیاری و زانینێک هەیە رەنگە هێشتا مرۆڤەکە بەو ئاستە نەگەیشتبێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئەو کردە خۆناسینە لەوانەیە تەمەنێکی زۆر بخایەنێت، تا لەدواجاردا مرۆڤەکە وەڵامێکی راست و دروستی ئەو پرسیارەی دەست دەکەوێت ((کەواتە خودناسی ئەنجامی پرسیارکردنە و ئەو مرۆڤەی کە هەوڵی بەدەستهێنانی ژیان دەدات دە بێت پرسیار لەخودی خۆیەوە لە بوونی خۆی بکات، ئەو پرسیارەی لە بوونی بکات، کە ئەو کێیە؟ لەکوێوە هاتووە؟ بۆ کوێش دەچێت؟ وە

لامێکی دیاریکراویش نییە، کە جێگەی ڕەزامەندی بێت، بۆیە لە سەرجە م وێستگەکانی ژیانی، دووبارە ئەو پرسیارە لە دەروون و بوونی خۆی دەکات لەبارەی مەسەلەی سەرچاوەکەی و ئایندەی و بەهای وە کو مرۆڤ، ئەو پرسیارکردنەش وەکو خۆراکێکە بۆ بوونی و هەمیشە لە حاڵەتی زیندوویەتی و بەردەوامی لە دڵی مەرگەساتەکانی مرۆڤبوونی دایدەنێت، کە گومان و یەقینە. گومانیش هەر دوو ڕووی پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی هەیە، بۆیە بەردەوام دەبێت لەسەر خستنەڕووی مەسەلەکەوە)) (ماری مادلین داقی، ١٩٨٣، ص١٩). لەم ڕوانگەشەوە شاعیر دوای ئەوەی لە ساتێکی پڕ لە ڕامان و هزرینەوە لە بوونی خۆی ورد دەبێتەوەو ناخ و دەروونی خۆی دەدوێنێت، زانینێکی لا دێتەکایەوە و بەهۆیەوە هەوڵی خۆناسین دەدات:

ئەو پرسیارە، بێ وەڵامەی، ڕێی پێنابەم
نە تێی ئەگەم
نە ئەشتوانم لێی هەڵبێم و خۆم دەربازکەم.

ئەمە دەستپێکێکی ئەو کردەیەیە کە لەنەزانینەوە بەرەو زانین ڕێچکە دەگرێت و بەهۆیەوە قۆناغی پرسیارەکانی خودناسین دێتەکایە وە. بەو واتایەی شاعیر دەرگای بەسەر ناخ و دەروونی خۆیدا دەکاتە وەو هەوڵ دەدات لەرێگەی پرسیارەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت و هە نگاوەکانی گەیشتن بە زانین دەستبەر بکات. هەر بۆیە لەکۆپلەکانی

دواتردا خوێنەر ڕووبەڕووی ئەو پرسیارانە دەبێتەوە، کە شاعیر لە دە قەکەیدا خستوویەتییە ڕوو و هەوڵی داوە بەهۆی ئەو پرسیارانەوە خوێنەران بخاتە چوارچێوەی شڵەژانی دەروونی خۆیەوە:

چیم لە بوونما ئاخۆ دەسکەوت
بڵێسە و گڕ؟
یا هێمنی، گیانی نەسرەوت
شادمانی، یا خەمی دڕ
* * *
دنیا و تەمەنی لەمەودوام
ئاخۆ چۆن بێ؟
پڕ جریوەی ئەستێرەبێ
ئاسمانەکەی دوێنێی بڕوام.
* * *
ئەی خۆم، کێ بم؟
بەزەیی بم، یا شەڕخواهی
خۆشەویستی، یا ڕقاوی
ئاخۆ چی بم؟

خاڵی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە کردەی خودناسی بە پرسیارکردنە وە دەست پێدەکات. بەو واتایەی کردەکە لە گومانەوە سەرهەڵدەدات،

گومانی بوونی مرۆڤ، ئەو بوونە مرۆڤ ناچاری پرسیارکردن دەکاتە وەو دۆزینەوەی وەڵامەکانیش لە دواجاردا خودناسی لێدەکەوێتەوە. لە مبارەیەوە (ئەفلاتوون ٤٢٧-٣٤٧ پ.ز) دەڵێت: ((وەکو مرۆڤێک ناژیت، ئەو کەسەی پرسیار لە بوونی خۆی نەکات لەبارەی خودی خۆیەوە)) (ماری مادلین دافی، ص١٩).بەمجۆرە خودناسی لەلایەکەوە ناسینی مرۆڤەکە خۆیەتی و لەلایەکی دیکەشەوە لەناوچوونی بوونەکەیەتی، چونکە بەهۆی ناسینی خودەوە، مرۆڤ ئەوانی دیکەش دەناسێت و پە یوەندییەکی کۆمەڵایەتی دێتەکایەوە، کە نەوەکانی لێ بەرهەم دێت. بە و واتایەی مرۆڤ لە ڕێگای خود ناسییەوە بوونی خۆی سەر لەنوێ دادەڕێژێتەوەو دەیپارێزێت. لێرەدا شاعیر کردەیەکی گرینگی خودناسی دەستپێکردووە خۆی لە وێستگەکانی بوون و گومان و پرسیارکردنەوە دەبینێتەوە. بەو واتایەی دەتوانین خودناسین بە سەر دوو پارچەی بەیەکتر بەستراو دابەشبکەین، لەپارچەی یەکەمدا کردەکە بە بوون و گومان و پرسیارکردنەوە هەنگاوی خۆی دە هاوێژێت:

ئەم کردەیە لەسەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ لە ئەشکەوتەکانەوە دە بینریت، مرۆڤ کاتێک خۆی ناسیوە، ئەوانی دیکەشی ناسیوە، هەوڵی پاراستنی ئەو بوونەی داوە، ئەمەش زیاتر لەو وێنانەی لەسەر دیوارە کانی ئەو ئەشکەوتانەوە بەدیار دەکەوێت کە کێشاویەتی ((بۆ رزگار بوون لەو حاڵەتە پەشۆکاویە و تەنگژە دەروونییەکان و پاراستنی کیانی مرۆڤ خۆی هەڵدەستا بە تۆمارکردنی مێژوو و دروستکردنی زەمەنێک کە دەقی دروست بوونەکە لەهیچەوە رزگار بکات و ئەو دەقە شێوە کارییەی کە پەیدا بووە جۆرێک بووە لە پەیوەندی دیالێکتانەی نەوەکانی داهاتوو. کە مرۆڤی سەرەتایی هەڵسا بەدروست کردنی هێڵکاری (ئاگر، لافاو، ئاژەڵی دڕندە، داڕمانی شاخ) لەسەر بەرد و دیواری ئەشکەوتەکان یاخود هەیکەلی سەری ئاژەڵە دڕندەکانیان لەمەراسیمەکان بەکاردەهێنا)) (یووسف عوسمان حەمەد، ٢٠٠٤، ل٧٧)، کەواتە پرسیارکردن و هەوڵە کانی مرۆڤ بۆ پاراستنی بوونی خۆی، خودناسی لێکەوتەوە. بۆیە سەرە تا دەبێت ئەو ئامرازانەی خودناسی کە پرسیارکردن و هەوڵی پاراستنی بوونن بزانرێت و بناسرێت، چونکە مرۆڤ ئەگەر ئەو ئامرازانە نەزانێت و بەکاریان نەهێنێت، ناتوانێت لە ژیاندا کاردانەوەی هەبێت. لەمبارەیەوە (ئەریک فرۆم) پێیوایە مرۆڤ بکەری سەرەکییەو ئەو بڕیار دەدات و کار دەکات، ئەگەر خودی خۆی نەناسێت، بەواتای ئەوە دێت کە هەموو کاروکردەوەو بڕیاردانەکانمان لە تاریکی و جەهەلەوە دێت، چونکە خودناسی تەنیا مەرجێکی گیانی و ئایینی، یان ئاکاری و مرۆڤایەتی نییە،

بەڵکو لەگۆشەنیگای بایۆلۆژییەوە داواکارییەکی پێویستە، لەبەر ئەوەی بڕیار و بیروبۆچوونەکان و تەندروستی و فێربوون و پەروەردە و پەیوەندییەکان پشت بەو خودناسییە دەبەستن، کە دەبێتە هۆکارێکی گرینگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەو لێکەوتە دەروونییەکان وا لە مرۆڤ دەکات هەروەکو (فرۆید) ئاماژەی بۆ دەکات توانای کارکردن و بەرهەم هێنانی هەبێت، ئەمانەش دوو داواکاری گەورەی کۆمەڵگە و تاکەکانن ( ابراهیم غرائبیة، ئینتەرنێت). لەبەر ئەو گرینگی و بایەخییەدا خود دەبێتە چەقی کەسایەتی مرۆڤ و پێکهێنەری ئەو گشتەیە کە تاک لەبارەی خۆی و دەرکەوتە ئاکارییەکانی هەیەتی، چونکە تاک گوزارشت لە هەموو دەربڕین و ئاکارێک دەکات، لە خۆی دەدوێت و خۆی دەناسێت و ئەوانەی دەوروبەریشی بەهۆی رەفتارو هەڵسوکەوتەکانییەوە دەیناسن، ئەو بینینەی ئەوانیش رەنگدانەوەی خودی تاکەکەیە، بۆیە زۆر گرینگە تاک خۆی بناسێت و گوزارشت لەو ناسینەش بکات و کاروکردەوەو رەفتارەکانی لەژێر کاریگەری ئەو تێگەیشتن و خودناسینەی خۆی بگۆڕێت و رێکیان بخاتەوە، بۆ ئەوەی ئەوانی دیکەش هەستی پێ بکەن و لێی تێبگەن (مهند عبدسلیم عبدالعلي، ٢٠٠٣، ل٢٩) کەواتە لێرەدا مرۆڤ لە رێگای خودناسییەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پەرە پێدەدات و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەی و ئەوانی دیکەشدا دەبەستێت. بۆیە کاتێک دەڵێین مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بنچینەو بناغەی ئەو کۆمەڵایەتیبوونە خودناسینە، کە بەهۆیەوە تێکەڵاوی کۆمەڵگە دەبێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراجۆرەکان دروست دەکات. لەم ڕووەو شاعیر هەر چەندە

پرسیارەکانی لەبارەی بوونی خۆی لە رووی تاکەوەیە، بەڵام بەهۆی ئە وەی ناخی خۆی هەڵدەڕێژێت و دەیەوێت هەرچی ئارەزوو و ئاواتە پە نگخواردووەکانی هەیە دەریبکات، لەمەشدا پێویستی بە کەسێکی دیکە و رەنگە کەسانی دیکەش هەبێت بۆ ئەوەی گوێی لێ بگرن و شەن و کەوی ئارەزوو و خەمەکانی لەگەڵدا بکەن، لێرەشدا ئەو کردە کۆمەڵایەتییە دێتەبوون کە شاعیر باسی لێوە دەکات:

تەزوویەکیش بەگیانما دێت
فرمێسک و بزەی لێدەتکێت
کاتێک دەروون
دێتە گڕ و کفت و هەڵچوون
وێنەیەکی پرسیاراوی
ئەخەمە بەرچاوی وێڵم
تیایا دڕکی ئاگراوی پڕ لە چزەی ژین دەشێلم.

پێدەچێت شاعیر لەبەردەم ئاوێنەیەکدا وەستا بێت و رووخساری خۆی بکاتە ئەو کەسە بەرانبەرەی، کە بیەوێت بیدوێنێت و خەم و ئارە زووەکانی لەگەڵدا بەش بکات، بۆیە سەرەتای ئەو گفتوگۆیەی نێوان خۆی و بوون و خودی خۆی لەدەقەکەدا دەست پێدەکات، بەتایبەتیش کە (شیعری ئەم شاعیرەش سروشتێکی ترپە و ئاوازییە و دەربڕین لە بارە بوونییەکان و دەرخستنی مانا دەکات)) (سەباح رەنجدەر، ٢٠١١، ل٢٢١)، بۆیە رەوشی بوونەکەی لە گومانەوە بەرەو سەقامگیرکردن دە

بات و هەوڵ دەدات لەرێگەی ئەو گفتوگۆیەوە بەشێک لەو پرسیارانە بورووژێنێت کە پەیوەستن بە خودی بوونەکەیەوە:

لە فرمێسکا. لە بزەی یادی جارانما
لەهەنسکا. لە شاڵاوی بیرسووتانما
لە ناخەوە
لە ناخێکی بە داخەوە.
ڕوخساری خۆم، بەدی ئەکەم
ڕووم تێ ئەکا. ڕووی تێ ئەکەم
دێینە دووان.
لەمن یەک و لەو بەسەدان.

بۆیە ئەو وەڵامانەی کە لەسەرەتاوە شاعیر لە دەقەکەدا لەخۆی کردووە و عەودالّی وەڵامەکەیەتی، ئەو پرسیارەی کرۆک و جەوهەری دەقەکەی لەسەر بنیادکراوە:

ئەی خۆم، کێ بم؟
بەزەیی بم، یا شەڕخواهی
خۆشەویستی، یا ڕقاوی
ئاخۆ چی بم؟

وەڵامی ئەوەی کە بوونی ئەو کێ بێت و چی بێت، هەر لەخودی خۆی دەستی دەکەوێتەوە، ئەو پەیوەندییەی بە کەسایەتی خۆیەوە دێتە وەڵام جۆرێک لە دۆزینەوەی بوونەکەی بۆ مەیسەر دەکات:

جا لە ڕوخسارم تێ ئەگەم
بۆ وتەیەک گوێ شل ئەکەم
لە قووڵایی دڵمەوە دێت
ئەنەڕێنێت و پێم ئەڵێت
نازانیت کێیت؟
پایەت چەندە؟ کامەیە جێت؟

لێرەشدا شاعیر بەهۆی دیالۆگەوە بەشێک لەو شڵەژان و ڕاڕاوییە ی دەروونی خۆی بەدەر دەخات و لەو گفتوگۆیە دەروونییەی خۆیدا هەوڵی دۆزینەوەی بوون و ڕەوینەوەی گومانەکانی دەدات، بەمەبەستی گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان، کە ئەویش بەهۆی ئەو دەنگە جیاوازە ی ناخییەوە دەبێت و لە کردەیەکی کۆمەڵایەتیدا کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ کەسی ناوەوەی خۆی دەیدوێنێت:

تۆ مرۆڤیت. بڵندە جێت
چەند بەژان بێ ژینی دوێنێت
ئەمڕۆ ئازاد، ملی ڕێگات
بگرە بەرەو دنیای هیوات

ئەوسا هەر وێنەی ڕووی دوێنێت
هەزار و یەک ڕەنگ ئەنوێنێت
باخی وشکی زەردی سیسبوو
بە دەریای گوڵ ئەنەخشێنێ
بە هەزاران وتەی نوستوو
لە خەوی قورس هەڵئەسێنێ
پەڵە هەوری ڕەشی سنگت
دێتە ڕەوینەوە و نەمان
لێڵی گۆمی خولیای مەنگت
ڕوون ئەبێتەوە گەش و جوان

وەرگرتنەوەی ئەو وەڵامانەی لەچوارچێوەی ئەو دیالۆگەدا سەرە تاکەی بە ناسینێک لەبارەی خۆیەوە وەکو مرۆڤێک ئاشنا کراوەو لە وێوە هەوڵی ئەوە دراوە کە بەها و پێگەی بەهێزی مرۆڤ بەرچاو بخرێت و ئەوە بسەلمێنرێت کە ئیرادەی مرۆڤ زۆر لە کارە ئەستەم و خەیاڵییەکان بەدی دەهێنێت و بەربەستەکان دەشکێنێت، بەو مەرجەی مرۆڤ ئاشنای خودی خۆی بێت و بوونی خۆی هەست پێبکات و ئە رک و بەرپرسیارەتییەکانی ئەو بوونەی خۆی دەستنیشان کردبێت. ئەو بوونە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی مرۆڤێک پڕ لە داهێنان بێت و مرۆڤێک بەرهەمهێنەر بێت، کە سوودی بۆ کۆمەڵگەکەی هەبێت و بە شدار بێت لە پێشکەوتنی، ئەو ئامانجەش پێویستی بەوە هەیە مرۆڤ لە

و باره گوماناوییەی کەهەیەتی رزگار بکرێت و سەقامگیرییەکی دە روونی بۆ فەراهەم بکرێت، تا خۆی بناسێت و پەرە بە بوونەکەی بدات، ئەمەش زیاتر لەو دیالۆگەدا بەرجەستە دەبێت، بەهۆیەوە گومانەکانی دەڕەوێنرێتەوە و لەدواجاریشدا وەڵامی لەبارەی بوونی خۆی و ناسینی خودەکەی بەدەست دەکەوێت:

تێدەگەیت کێیت
بۆچی دەژیت . کامەیە جێت
بەرەو کوێیە هەنگاوی ڕێت
تێئەگەیت کێیت.

لێرەدا شاعیر گەیشتۆتە سەقامگیریەکی ئەوتۆ کە توانیویەتی بوونی خۆی بدۆزێتەوەو خۆی بناسێت و بەهۆیەوە دەروونێکی تەواو زاڵ و ساغ بنیاد بنێت. دیارە وێستگەکانی ئەو ئەنجامەی خودناسینە لە چەند بڕگەیەکدا خۆی دەبینێتەوە، کە لێکەوتەی وێستگە سەرەتاییەکانی خودناسین، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە:

لەدواجاردا ئەو وێستگانەی خودناسی لەناو دەقەکەدا بەیەکتر دەگەنە وە، خودناسی دەگاتە لووتکەی گەشەکردن و مرۆڤ بەهۆیەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت و پەرەپێدەدات، دەتوانین بەمشێوەیە گەیشتنەوەی ئەو وێستگانەی خودناسی لەناو دەقەکەدا دەستنیشان بکەین، کە بەهۆیانەوە شاعیر توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێت و بگاتە کەنارەکانی

خودناسی و لەوێوە بچێتە ناو خانەکانی ئەو خودناسییەی کە تێیدا ئاشنای خۆی دەبێت:

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤ هەمیشە عەودالّی بوونی خۆیەتی لەرێگای خودناسینەوە، بەو واتایەی مرۆڤ هەمیشە لەگە ڕانێکی بێ حەسانەوەدایە بەدوای ناسینی خودەکەی . لەم پێناوەشدا هە موو رێگایەکی گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی بە کەنارەکانی ئەو خودەی خۆی بگات، ئەدەبیش بە هەموو ژانرەکانییەوە ئەو رێگایە بووە کە مرۆڤ بە هۆیەوە هەولّی بەدەستهێنانی خودی خۆی تێدا داوە و لەوێوەوە ویستوویەتی بەشێک لەو بوونەی خۆی بەهۆی ژانرە جیاوازەکانی ئە دەبەوە بپارێزێت و کۆمەلّێک چەمک و تێگەیشتنی نوێی تێدا هەلّکڕێنێت و بەشێک لەو بوونەی خۆی لێ دابنێت. ئەمەش لەرێگای بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئەو خودناسینەوە بووە زیاتر گەڕان بووە بەدوای بەدە ستهێنانی وەلاّمی ئەو پرسیارانەی لەبارەی بوونی خۆی و ئامانج و ئاواتەکانی خۆی بووە، دیارە لەمەشدا ئەدەب بە گشت ژانرەکانیەوە ئە و کایە بەهێزو سەرنج ڕاکێشە بووە کە مرۆڤ تێیدا بە خودناسی بگە یەنێت.

# خۆدواندن

خۆدواندن کردەیەکی کەسییە و لە ئەنجامی کەشێکی دەروونیی تایبەت دێتەکایەوە، بەتایبەتیش کاتێک مرۆڤ لە ساتەکانی ژیانیدا بە ئاگایی بێت، یان لە بێ ئاگاییەوە دووچاری ئەو خۆدواندنە دەبێتەوە و بەسەر جومگە و بابەتەکانی ژیانیدا دەچێتەوە و هەڵیدەسەنگێنێ، بە مجۆرەش جۆرە گۆڕانکارییەک، یان جۆرێک لە نوێبوونەوە بەسەر بیروهزری دا دێت و چەشنێکی دیکە لە روانین و تێبینییەکانی لەسەر کێشەکان بۆ دروست دەبێت و لە ئەنجامیشدا رەنگە بڕیارەکانی بە شێوەیەکی دیکە لە ژیاندا بکەونەوە. ئەم خۆدواندنەشی بەهۆی قسە کردن دەبێت، قسەکردن لەگەڵ خودی خۆی لەبارەی مەسەلەیەکی دیاریکراوەوە. شاعیر لەو دەقەیدا بەمەبەستی ناسینی خودی خۆی، پە نا بۆ خۆدواندن دەبات و لەو رێگەیەوە هەوڵدەدات جۆرێک لە روانین و بۆچوونی نوێ لە ژیانی بنیاد بنێت:

گوێ شلی ئەو وتانەم لە شەوەزەنگا
چرپەیانە لە خامۆشی تاری سنگا
ئەو سکاڵا تاڵەی هەردەم
هەڵدەڕێژێ زووخاوی خەم
ئەو پرسیارە، بێ وەڵامەی، ڕێی پێنابەم

نه تێی ئەگەم
نه ئەشتوانم لێی هەڵبێم و خۆم دەربازکەم.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ تەنیا لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و کەسانی دەوروبەری بەشداری تێدا ناکەن، بەڵام لەهە مانکاتیشدا دەوروبەرەکەی ئاگاداری دەبن، ئەم خاڵەشە لە جۆرە کانی دیکەی مەنەلۆگ جیای دەکاتەوە، چونکە خۆدواندن ((قسە کردن لەگەڵ خود، ئاخاوتن لەگەڵ خۆ، ئەمەش بەو واتایەیە کە کارە کتەر بیر و بۆچوون و هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێت تاکو خوێنەر و بینەر ئاگاداری خواست و ئامانجەکانی بێت. لەم ڕێگەیە وە زانیاری سەبارەت بە کارەکتەرەوە دەست خوێنەر دەکەوێت، لە خۆدواندن جگە لەوەی کارەکتەر بە خوێنەر دەناسێنرێت تایبەتمە ندییە دەروونییەکانی گێڕەڕەوەش بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت. بەپێی ئەم خەسڵەتانە بەدیاردەکەوێ خۆدواندن یەکێکە لە تەکنیکەکانی شە پۆلی هۆش. جیاوازی خۆدواندن و مەنەلۆگی دەروونی لەوە دایە، لە خۆدواندن کارەکتەر بە دەنگێکی بەرز دەدوێت، لەکاتێکدا لە مەنە لۆگی دەروونی گفتوگۆکان لە زەین و هۆشدا پەنگدەخۆنەوە.)) (فە رهاد عەزیز، ٢٠١٤، ل٣٧)،

لێرەشدا بەهۆی ئەو خۆدواندنەوە زانیارییەکانی تایبەت بە دەروونی شاعیر دەخرێتەڕوو و خوێنەر ئاشنایان دەبێت:

چیم له بوونما ئاخۆ دەسکەوت
بڵێسه و گڕ؟
یا هێمنی، گیانی نەسرەوت
شادمانی، یا خەمی دڕ
* * *
دنیا و تەمەنی لەمەودوام
ئاخۆ چۆن بێ؟
پڕ جریوەی ئەستێرەبێ
ئاسمانەکەی دوێنێی بڕوام.
* * *
ئەی خۆم، کێ بم؟
بەزەیی بم، یا شەڕخواهی
خۆشەویستی، یا ڕقاوی
ئاخۆ چی بم؟

بەمشێوەیه هەر چەندە کە کارەکتەر لەخۆدواندن لەلایەن خۆیەوە کێشە و گرفتەکان لەرێگەی دەقی ئەدەبییەوە دەورووژێنرێن، خوێنەر بە ئاشکرا هەست بەو گفتوگۆیەی دەکات و شارەزای گرفتەکەی دە بێت، بەو واتایەی لەرێگەی خۆدواندنەوە زانیاری و شارەزایی لەبارە ی ژیانی کەسی خودی شاعیرەکەوە بەرچاو خراوە، ئەو بە رچاوخستنەش لەچوارچێوەی شڵەژانێکی دەروونیدا خۆی دەبینێتەوە

شاعیر لەپێناوی دۆزینەوەی بوونی و ناسینی خودی خۆیدا عەودالٌییە تی، کەواتە خۆدواندن کرۆک و چەقی دەقەکە پێکدەهێنێت و ئامرازێکی گرینگی شاعیر بووە بۆ گەیشتن بە خودناسین، ئەمە لەکاتێکدا شاعیر ئاگای لە ئامادەیی و بوونی کەسانی دیکە نییە، بەو واتایەی شاعیر ئە وەندە لەگەڵ خودی خۆی کەوتە دواندنەوە، ئەوەندە ئاگاداری دە وروبەری خۆی نییە و نازانێت کەسانێک لەرێگەی دەقەوە خەریکی بە دەستهێنانی ئەو زانیارییانەن کە لە ئەنجامی کردەی خۆدواندنەوە دە خرێنەڕوو. ئەو خۆدواندنەش کردەیەکی تاکی دەروونییەو تێیدا شاعیر کێشەیەکی وروژێنراوی دیاریکراو دەخاتەڕوو و بەدوای چارەسە ری گونجاویش دەگەڕێت ((بەم پێیەش شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستە وخۆ پەیوەندی بە خوێنەرەوە دەکات و زانیارییەکانی پێدەگەیەنێت وخوێنەر لە دەروونی کەسێکدا کە گوایە لەگەڵ خۆی دەدوێت، جێگیر دەکات، مانای هەست بەو کارانەی ئەنجامیان دەدات و ئەو رووداوانە ی بەسەر ئەودا تێدەپەڕن ناکات، مەگەر بە ئامادەبوونی خۆی راستە وخۆ لەرەوتی زەینی ئەودا. نە بەو مانایەی بیری ئەو بخوێنێتەوە، وە ک چۆن رۆژنامە دەخوێنێتەوە، بەڵکو بەو مانایەی لەناو بیرو هزری ئەودا بوونی هەیە، واتە وەک بیری خۆی هەستی پێدەکات، بیرو هزرێک کە هێشتا دروست نەبووە و بەدوای خۆیدا دەگەڕێت)) (عە بدوڵڵا رەحمان، ٢٠١١،ل٣٨٩). و لەدواجاردا دەگاتە ئەو وەڵامانەی کە گومانەکانی دەڕەوێنەوە، ئەویش لووتکەی خودناسین لەخۆ دەگرێت و لەدوا دێری دەقەکەدا بەرجەستە دەبێت:

لێڵی گۆمی خولیای مەنگت
ڕوون ئەبێتەوە گەش و جوان
تێدەگەیت کێیت
بۆچی دەژیت. کامەیە جێت
بەرەو کوێیە هەنگاوی ڕێت
تێئەگەیت کێیت.

لێرەدا وەڵامدانەوەیەکی ئەو پرسیارانە بەدەستهاتووە کە لەرێگەی کردەی خۆدواندنەوە شاعیر ورووژاندوویەتی، ئەمەش ئەوە دەردەخات شاعیر خۆدواندنی کردۆتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە خودناسین، کە دە کرێت لەم وێنەیەدا روون بکرێتەوە:

کەواتە خۆدواندن وەکو کردەیەکی دەروونی تایبەت بە تاک، جیا لە وەی زانیاری و بیروبۆچوونەکانی بە خوێنەر دەگەیەنێت، ساتێکی تێڕامانی تایبەتی شاعیریش لەخۆ دەگرێت، کە بە کاریگەری و کارتێکردنی ژینگە و دەوروبەرەکەی هاتۆتە کایەوە. لەمەشدا دەقی ئە دەبی دەبێتە هۆکارێکی گەیاندنی ئەو ساتە خۆدواندنە تایبەتیانەی شاعیر و بەهۆیەوەش خوێنەر زانیاری دیاریکراو بەدەست دەهێنێت.

سەرچاوە:

١. جەلالی میرزا کەریم، رازێکی دەروون، گۆڤاری (تووتن)، ژمارە (٤)ی ئایاری ساڵی (١٩٧٠).

٢. پێشڕەو عەبدوڵڵا، دەروونشیکاری شیعر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٢.

٣. ڕێبوار محەمەد مەلازادە، نالی و سایکۆلۆژیای شیعر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

٤. کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.

٥. د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر٢٠٠٦. مادونا عسكر، معرفة الذات، مجلة (عود الند)، العدد(٨٠) ٢٠١٣.

٦. ماري مادلين دافي، معرفة الذات، ترجمة: نسيم نصر، منشورات عويدات، بيروت ١٩٨٣.

٧. یووسف عوسمان حەمەد، چەند وێستگەیەکی سایکۆلۆژی، چاپخانەی تیشک، هەولێر ٢٠٠٤.

٨. مهند عبدسليم عبدالعلي، مفهوم الذات واثر بعض المتغيرات الديموغرافية و علافته بظاهرة الاحتراق النفسي لدى معلمي المرحلة الثانوية الحكومية، رسالة ماجستير،جامعة النجا الوطنية، فلسطين ٢٠٠٣.

٩. سەباح رەنجدەر، دوو کتێب لەبارەی شیعرەوە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر ٢٠١١.

١٠. عەبدوڵڵا رەحمان، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردی ـ باشووری کوردستان (١٩٢٥-١٩٦١)، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردستان ٢٠١١.

١١. ابراهیم غرائبیة، معرفة الذات و التقدم، www.alghad.com.

١٢. فەرهاد عەزیز حەسەن، مەنەلۆگ لە ڕۆماندا، گۆڤاری لێوار، ژمارە (١) ٢٠١٤.

# بەچیت بچوێنم

بەچیت بچوێنم؟
بە ئاسۆی باران؟
بە ماندووبوون و
خەون و
تینوێتی
یان بە دارستان؟
بەچیت بچوێنم؟
بە پۆلێ هەتاو؟
بە وڵاتێکی لە خوێنا گلاو؟
یان بە گۆرانی و
هەناسەدان و
هەرەس و
لافاو
تۆ لە بوون دەچی، بەچیت نەچوێنم!
لە نەبوون دەچی، بەچیت بچوێنم!

١٩٨٣

# لێکچوواندن وەکو بوون

## لە دەقی: ( بەچیت بچوێنم)ی ڕەفیق سابیردا

لێکچوواندن سەرەڕای ئەوەی یەکێکە لە ستوونە هەرە بەرزو باڵاکانی زانستی ڕەوانبێژی و لەمێژە وەکو تەکنیکێکی ڕازاوەی شیعری لە دنیای شیعر نووسین و لە هۆش و بیر و ئاوەزی شاعیراندا بە کاردێت، وەلێ کەمتر ئەو هونەرە لە چوارچێوەیەکی فەلسەفی لێیکۆڵراوەتەوە، چونکە چەندی لێکچوواندن وەکو هونەرێکی ڕەوانبێژی خۆی بەدیار دەخات، لەهەمانکاتیشدا ڕەهەندێکی قووڵ و گرینگی فەلسە فیش لەخۆ دەگرێت، بەهۆی ئەوەی لێکچوواندن جۆرێک لە زیندوویی و ئاگایی بەرهەم دەهێنێت. بەتایبەتیش، ئەگەر لەگەڵ بوونێکی زیندووی دیکەدا مامەڵەی لەتەکدا بکرێت. لەمەشدا هاوکێشەیەک دروست دەبێت کە لایەکی لێکچوواندن و لایەکەی دیکەی بوونە، بوون وەکو فەلسەفەیە کی گرینگی ژیانکردن. لەگەڵ ئەوەی ئاڵۆزییەکی زۆر لە بووندا هەیە. وەکو چەمکێکی فەلسەفی، کەچی لێکچوواندن چەمکێکی بەو ڕادەیە ئاڵۆز نییەو سادە دەردەکەوێت، چونکە لێکچوواندن هۆکارێکە بۆ ڕوونکردنەوەی مانای مەبەستدار و دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی و گەیاندنی ئەو لایەنە شاراوانەن بۆ لایەنی بەرجەستەکردن و ڕوونی و پوختیەکەیەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش لێکچوواندن کاریگەری و

کارتێکردنی لایەنی دەروونی لەسەر وەرگر روون دەکاتەوە، رادەی هێزی باسکراو بەدیار دەخات (مبارکە هاشمی، ٢٠١٦: أ)، کەواتە لێکچوواندن سەرەڕای ئەرکی رازاندنەوەو رەوانبێژی، ئەرکێکی گرینگی لەناو دەق هەیە و تانوپۆی رایەڵە پێکهێنەرەکانی دەق دەکات، لەهە مانکاتیشدا بەشێکی گرینگ لە وێنەی شیعری و مۆسیقا و کێشی شیعری پێکدەهێنێت و رۆڵی گرینگ لە دروستکردنی ئەو رایەڵ و هونە رانەی شیعر دەگێڕێت. بەهۆی ئەمەشەوە کاریگەرییەکی بێ وێنە لە دە رەوەی دەق لەسەر وەرگر و خوێنەران دروست دەکات، ئاراستەی دروستکردنی مانا لەلایەن خوێنەران پێکدەهێنێت و دەبێتە بەشێک لە چەقی بیرکردنەوەکانی وەرگر و بەهۆیەوە وەرگر و خوێنەران مانایەک لە دەق وەردەگرن و کۆد و نیشانەکانی شیدەکەنەوە. لەوێوە بەرەو حە شارگە شاراوەکانی مانا دەچن و نهێنییەکانی دەدۆزنەوە، کەواتە لێکچوواندن تەنیا لە چوارچێوەی رەوانبێژی قەتیس ناکرێت، بەڵکو سنوورەکانی زۆر فراوانە و لەگەڵ گەلێک لە بوارە زانستییەکانی دیکە ی وەکو فەلسەفە و کۆمەڵایەتی و دەروونی....تاد. تێکەڵ دەبێت و سوودیان لێ وەردەگرێت. ئەمەش بۆ خودی لێکچوواندن وەکو هونەر و زانستێک دەگەڕێتەوە کە مێژوویەکی دێرینی هەیە. بەشێکی گرینگی لە خەیاڵدانی مرۆڤ لە سەردەمانی زوو داگیرکردووە و لەمێژووی خۆیدا بەگەلێک وێستگەی جۆراجۆر و جیاواز تێپەڕیوەو گەلێک بەرگی جۆراجۆری پۆشیوە تا گەیشتۆتە ئەو هونەرە رەوانەی ئێستای. بۆیە لێکچوواندن هونەرێکی کاریگەری دەربڕین و گوزارشتکردن بووە کە

لەکۆنەوە مرۆڤەکان خولیای بوونە و بەکاریانهێناوە و هەمیشە مرۆڤ بۆ روونکردنەوەی حاڵەتێکی دیاریکراو پەنای بۆ لێکچوواندن بردووەو بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵی لایەنەکانی ئەو حاڵەتە بکات، تەواوی کەرە ستە پێکهێنەرەکانی ئەو حاڵەتە وەسف بکات و بیخاتە بەردەستی خوێنەرەوە (نبراس جلال عباس، ؟، ٢٥٥).

بەمشێوەیە لێکچوواندن دەبێتە گۆڕەپانێکی گرینگی ئەدەبی و لەوێوە دەق تەواوی رایەڵ و پێکهاتەکانی بەدەست دەهێنێت، چونکە کاتێک شاعیر پەنا بۆ لێکچوواندن دەبات، ئەوا پەنای بۆ هەڵبژاردنی چەند مانایەکی دیاریکراو، دواتریش وشەیەکی دیاریکراو بردووە، دیارە لێرە دا هەڵبژاردن لەناو شتەکاندا خۆی لەسەر شاعیر فەرز دەکات، ئەمەش قورسترین ئەرکی شیعر و شاعیر دەبێت، چونکە زانایانیش جەختیان لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە هەڵبژاردن قورسترین وێستگەیەکە شاعیر پە نای بۆ دەبات، لەوانەش (ئیبن عەبد رەبە ئەلەئەندلسی) کە دەڵێت : ( هە ڵبژاردنی وشەو گوتن قورسترە لە داڕشتن و نووسینی)، چونکە هە ڵبژاردن بەواتای ئەوە دێت کە شاعیر خۆی لە وشەو واتای بێ کەڵک و سواو و دووبارە بەدوور بگرێت، هەروەها بەشێکی گرینگ لە زەوق و سەلیقە و چێژی خوێنەریش پێک بهێنێت، گەلێک واتاو مەبەستی پەروە ردەیی و فێرکردن و رەوشتی و ...تاد بەدەستەوە بدات (محمد رفعت احمد، ١٩٩٥: ١-٢)، هەڵبژاردنیش پەیوەستییەکی روحی بە لێکچوواندنە وە هەیە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو لێکچوواندن بە خودی هەڵبژاردنەوە ئە نجام دەدرێت، شاعیر لەنێوان کۆمەڵێک شت، شت و وێنەگەلێکی

دیاریکراو هەڵدەبژێرێت، کە ئەمەش قورسترین ئەرکی شاعیر دەبێت، چونکە دەبێت هەڵبژاردنێک ئەنجام بدات، لەناوەوە لەگەڵ رەوتی دەق و پێکهێنەرەکانی بێتەوە، لە دەرەوەش ببێتە هۆکاری دەوڵەمەندکردنی زانست و زانیارییەکانی خوێنەر و ورووژاندنی چێژ و سەلیقە و خەیاڵە کانی، تا ئاستی کاریگەری و کارتێکردنی بەرز بکاتەوەو بەهۆیەوە پە یام و مەبەستەکانی بگەیەنێت. بەمشێوەیە فەلسەفەی لێکچوواندن ئەوە یە کە ئەوەی بەر هەستەکان دەکەوێت باشترن لەوانەی بەر هەستەکان ناکەون. بە واتایەکی دیکە ئەوانەی بە هەستەکانمان دەیانبینین زووتر کار دەکەن و ورووژاندن دروست دەکەن و کاریگەرییەکەیان راستە وخۆ و بەهێزە، بەڵام ئەوانەی بەر هەستەکانمان ناکەون، کاریگەرییان بەو شێوەیە راستەوخۆ و بەهێز نییەو دەرنگتر دەبنە مایەی ورووژاندن و کاریگەرییان هێواشتر دەبێت. لەم خاڵەشدا پەیوەندییەکی چڕو پڕ لەگەڵ بوون وەکو فەلسەفەیەک دروست دەکات، چونکە ئەو شتانەی کە بەر هەستەکانمان دەکەون و زووتر کاریگەری و کارتێکردن دروست دەکەن، لەبەر ئەوەیە کە بوونێکی دیاریکراویان هە یە، بە هەستەکانمان ئەو بوونە بەدی دەکەین و قەبارە و قەوارەی دیاریکراوی خۆی بەدیار دەخات و هەستەکانمان پێی ئاشنا دەبن، بۆیە ش زووتر دەبنە هۆکاری ورووژاندن کە ئەمەش کەرەستەیەکی باش دەبێت بۆ لێکچوواندن، کەواتە بوونیش لایەکی زۆر گرینگی ئەو لێکچوواندنە پێکدەهێنێت. لەمەشدا لێکچوواندن پەیوەست دەبێت بە زانستێکی دیکە کە ئەویش زانستی بوونناسییە (ئەنتۆلۆژیا) کە بریتییە

له وەسفکردنی دیاردەی بوون هەر وەکو خۆی کە هەیە بەبێ هیچ یارمەتیدەرێک و ناوەندگیرییەک، واتە راستەوخۆ ئەو بوونە بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەبێ هیچ هۆکار و ناوەندگیرییەکی دیکە. ئەمەش ئە وە دەگەیەنێت کە بوون لەسەر دیاردەگەرایی بنیادنراوە، چونکە بوون واتە دەبێت ئەو شتانە بن کە بەر هەستەکانمان بکەون، هەستە کانیشمان کاتێک درک بە بوونیان دەکات کە دیار و ئاشکرا بن، کەواتە بوون، بوونێکی دیارە و ئاشکرا خۆی نمایش دەکات، بەم پێیەش دیاردەگەرایی ئەوەیە کە بەدیار بکەوێت و نهێنی و رازێکی تێدا نەبێت ( جان بول سارتر، ١٩٦٦: ١٨) . کەواتە لێکۆڵینەوە لە بوون، لێکۆڵینەوەیە لە دیاردەگەرایی، چونکە دیاردەگەرایی یەکەم شتانێکە لە بووندا رووبە رووامان دەبێتەوەو بە هەستەکانمان بەرجەستەی دەکەین و دەتوانین بە هەردوو دەستەکانمان بیگرین، یاخود بۆنی بکەین و گوێمان لێی بێت و دەستی لێ بدەین. لێرەشدا بوون بە چەند شێوەیەک خۆی دیار دە خات لەوانەش :

١- بوون لە خود: واتە بوونێکی ناوشیارە، کە بوونی شت و جیهان و دیاردەکان دەگرێتەوە. واتە بوونێکی واتادارە کە لە پێناو بوونە سە رەکییەکەدایە.

٢ ـ بوونی خودی: کە ئەویش هەست و وشیاری دەگرێتەوە، بوونێکی خودییەو لە روانگەی خودی خۆی شت و دیاردەکان دەبینێت و شییان دەکاتەوە. واتە بوونی خۆی تەنیا لە ناو خودی خۆی دەبینێتە وە.

٣ ـ بوون لە پێناو خود: واتە بوونی ڕەها، کە لەشوێنێکەوە هەست بەخۆی دەکات، کە بکەر و کارایە. واتە بوونێک دەسەلمێنێت دوور لە هەموو شتێکی دیکەی ناوەندگیر (ایمانویل کانگ، ٢٠٠٩: ٢٠٢-٢٠٣).

بەم پێیەش لێکچوواندن دیوێکی گرینگی بوونە، چونکە سوود لە تە واوی دیاردەکان دەبینێت و وەکو کەرستەی چوواندن مامەڵەیان لەتە کدا دەکات و بوونیان دەسەپێنێت، بەهۆیەوە لێکچوواندن سوودێکی زۆر لە بوون دەبینێت و دەتوانین بڵێین بوون بەشێکی دانەبڕاوە لە هاوکێشەی لێکچوواندن.

لەم چوارچێوەیەدا دەقێکی ڕەفیق سابیر وەردەگرین بەناونیشانی (بەچیت بچوێنم) و ئەگەر سەرەتا لە ناونیشانەکەی وردبینەوە تێبینی ئەوە دەکەین ڕێک ناونیشان هاوکێشەی لێکچوواندن دەسەلمێنێت، هەر خۆی پێناسەیەکی گرینگی کردەی لێکچوواندنمان پیشان دەدات، هەروە کو (بارت) ئاماژەی بۆ کردووە ناونیشان بلاجکتۆری دەقە، کەواتە لەو ناونیشانەوە ماهیەتی دەق و ناوەڕۆکەکەی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ناونیشانی دەقەکە، ناونیشانێکی سادەیە و ئاڵۆز نییە، چونکە ڕاستەوخۆ واتا بەدەست دەدات و خوێنەر یەکڕاست لە مەبەستی شاعیر دەگات و دەزانێت پەیام و ئامانجەکانی ئەو دەقە چین، کەواتە ناونیشانی دەق ناونیشانێکی ئاساییە، ئاسایی بەو واتایەی ناونیشانێکی ئاڵۆز و پڕ لە فەلسەفی نییە. هەموو کەسێک بە بینینی ناونیشانەکە بیرۆکەیەک لەسەر بابەتەکەی لە هزری خۆی بنیات دەنێت. دیارە شاعیر کە تەواوی دەقەکەی لەسەر لێکچوواندن بنیادناوە، نە

شیتوانیوه له باڵادەستی ئەو هونەره رزگاری بێت و کاریگەری و کارتێکردنەکانی بەکارهێنانی ئەو هونەره ئەوەنده زۆر بووه لەسەر شاعیر وای لێکردووه ناونیشانی دەقەکەی به ناوی ئەو هونەرەوه بکات. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیه که بنچینه و بناغەی پێکهاتنی ئەو ده قه لەسەر لێکچوواندنه و کەرەستەکانی لێکچوواندن وشەو رستەکانی دروست کردووه، بۆیه شاعیر وشیارانه یان ناوشیارانه کەوتۆته ژێر کاریگەری ئەو کەشەی ناو دەقەکەی و ناونیشانەکەی بەرهەمی ئەو کردەیه بووه.

ئەوەی سەلمێنەری ئەو بۆچوونەشمانه ئەوەیه شاعیر له دەستپێکی دەقەکەدا دووباره ناونیشانی دەقەکه دووباره دەکاتەوه:

بەچیت بچوێنم؟

به ئاسۆی باران؟ (کۆی بەرهەمه شیعرەکانی رەفیق سابیر: ٥٧٣)

کەواته شاعیر له ژێر پاڵەپەستۆی لێکچوواندندا بووه کاتێک ئەو ده قەی نووسیوه، دەقەکه خۆشی بنج و بنەوانی له لێکچوواندن پێکهاتووه، بۆیه دەستپێکیش له ژێر کاریگەری ئەو هونەره دابووه و هەر بەو که رەستەکانی لێکچوواندن شاعیر دەقەکەی داڕشتووه:

بەچیت بچوێنم؟به ئاسۆی باران؟

به ماندووبوون و

خەون و

تینوێتی
یان بە دارستان؟
(کۆی بەرهەمە شیعرەکانی رەفیق سابیر: ٥٧٣)

رووی دەمی شاعیر لە ئەوی دیکەیە، واتە دەقەکە لەسەر موخاتەبە ی بەرانبەر بنیادنراوە، جا ئەو بەرانبەرە گیانلەبەرە، بێ گیانە، دیار نییە ، گرینگ ئەوەیە تەواوی ئاراستەکانی دەق رووەو ئەو بەرانبەرەیە. شاعیر لە دەستپێکی دەقەکەشدا راستەوخۆ لەگەڵ ئەو بەرانبەرە دەکە وێتە گفتوگۆ، واتە دەستپێکی دەق بە گفتوگۆیەکی تاک لایەنانە دە ستپێدەکات، گفتوگۆیەک لایەنێکی روون و ئاشکرای هەیە شاعیرە و لایەنەکەی دیکەش تەمومژاوی و نادیارە. بنەمای ئەو گفتوگۆیە لەسەر لێکچوواندن بنیادنراوە.

لێرەدا شاعیر بۆ ئەوەی مەبەست و پەیامەکەی روون بکاتەوە و ئە و گفتوگۆیەی لەگەڵ ئەوی دیکە بە باشی بەڕێوەببات، پەنای بۆ هونە ری لێکچوواندن بردووە، هەر لەسەرەتاوەش دەپرسێت ئەو بەرانبەرەی بەچی بچوێنێت؟ کۆمەڵێک بوونی دیاریکراوی لە سروشت وەرگرتووەو هەوڵی داوە لەوانەوە مانایەک بۆ لێکچوواندنەکە بدۆزێتەوە. دیارە ئەو بوونانە دیاردەن و بە هەستەکانمان، هەستیان پێ دەکەین، لە سەرەتا پەنای بۆ باران بردووە، واتە رەگەزی ئاوی هەڵبژاردووە، چونکە ئاو زیندوویەتی بە هەموو شتێک دەبەخشێت، دیارە لێرەدا ئەو ئایەتە قورئانییەی کە ئاماژە بەوە دەکات هەموو شتێک لە ئاو زیندوو دەبێتە

وه وەکو خواستنێک بۆ ئەو لێکچوواندنه وەرگیراوە، سەرەڕای ئەوەش بوونێکی دیارو بەرچاویشی هەیه. پاشان شاعیر ئەو لێکچوواندنه به بوونێکی دیکەی دیارتر ئەنجام دەدات، که ئەویش ماندووبوونه، لێرەدا ماندووبوون وەکو رەمزێک بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە، چونکه مرۆڤ تاکه گیانلەبەره له سروشت هەوڵ دەدات و خەبات دەکات بۆ ئەوەی رووبه رووی تەنگوچەڵەمەکانی ژیان ببێتەوەو زاڵ بێت بەسەر کێشەو گرفته کانەوە، دیاره ئەمەش ماندووبوون و شەونخوونی گەرەکه. شاعیر دەیه وێت ئەوه له بەرانبەرەکەی بگەیەنێت که چۆن ماندوو و هیلاک بووه له گەیشتن پێی، ئەو ماندووبوونه وەکو سیمبوڵێک بەکاردەهێنێت و پله یەکی بەراوردکاریشی پێ دەبەخشێت. دواتر خەون دەکاته ئامرازێکی دیکەی لێکچوواندنەکه و خەون بەپێی لێکدانەوەی فرۆید حاڵەتی بێ ئاگایی مرۆڤ نیشان دەدات، لەوێوه بوونێکی دیار به کەسەکه دەبه خشێت که رەنگه پێشتر هەستی پێ نەکردبێت، فرۆید خاسیەتەکانی خه ونی به کۆمەڵه خەسڵەتێک دیاریکردووه ((لەپێشیانا: چڕکردنەوە.. خزاندن... ڕەمز، بەو واتایەی که خەون بەئەنقەست بەرەو دیارده درێژکراوەکان دەچێت و کورتی دەکاتەوه به لابردنی وردەکارییه زۆره کانی و به ڕێگەیەکی بەرز چڕی دەکاتەوە، ئینجا دەستدەکات به گواستنەوەی له بوارێکی هەستییەوه بۆ بوارێکی تری هەستی. لەوەشدا رەمزی جۆراو جۆر بەکاردەهێنێت)) (د. صلاح الفضل، ٢٠١٦: ٦٢-٦٣). دیاره ئەدەبیش هەمان کار دەکات و ئەو ماوه دوورودرێژه بەهۆی چڕکردنەوەو خزاندن و رەمزەوه له دەقێکدا کورت دەکاتەوە. لەمەشه

وە ئەگەر سەیری بکەین شیعر زۆرتر لە خەون نزیکترە لەچاو ژانرە کانی دیکە، چونکە هەمان کردارەکانی خەون بەوردی جێبەجێ دەکات. لەم دەقەدا شاعیر خەون وەکو کەرەستەیەکی لێکچوواندن بەکاردە هێنێت و سوودی لێ وەردەگرێت، بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی لەوە تێ بگات کە ڕەنگە بوونی ئەو وەکو بوونی خەون بێت، کورت و چڕ بێت، ئەمەش پێچەوانەی حەزی شاعیر خۆیەتی، کە دەیەوێت بۆ هەمیشە لە گەڵی بمێنێتەوە. کەرەستەیەکی دیکەی لێکچوواندن تینویەتییە، ئەمەش پێویستی لەرادەبەدەری شاعیر دەردەبڕێت لە گەیشتن بەوی دیکە، دیارە تینوێتی پەیوەندی بە کەرەستەی دەستپێکی لێکچوواندنی دەقە کەوە هەیە کە بارانە، سەرەتا شاعیر ئەو بە باران دەچوێنێت و دواتریش تینوێتی، کە ئەمانە دژیەکن و لە یەک قاڵبدا کۆکراونەتەوە، بەشی شاعیر لە هەردووکیاندا هەیە، چونکە ئەگەر ئەو بارانە نەبێت، هیوایەکی بۆ ژیان نامێنێت و ئەگەر تینووش نەبێت، تام لە عیشقی ئە بەدی ناکات. دارستان کەرەستەیەکی دیکەی بێ گیانە شاعیر وەکو بوونێکی دیار وەریگرتووەو بەکاری دەهێنێت، دارستان هێمایە بۆ چڕی و تاریکی ناوییەوە کە رەنگە لەناویدا نقووم و بزر بیت و دە روازەی چوونە دەرەوە نەدۆزییەوە، ئەمەش رێک مەبەستی شاعیر بووە کە بەرانبەرەکەی دارستانێکە تێیدا بوونەکان ون دەبن و لەناو دەچن . لەم کۆپلەیەدا شاعیر وەکو بوونێکی خودی کە دووەم جۆری بوونە خۆی دەبینێتەوە، چونکە بە هەستەکانییەوە بابەتەکانی هە

لّبژاردووەو بە ئاگایانەش بەکاری هێناون، سەرەڕای ئەمانەش لە خودی خۆیەوە شت و دیاردەکانی بینیوەو ڕاڤەی کردوون.

لە کۆپلەی دووەمی دەقەکەدا شاعیر بەردەوامی بە بەکارهێنانی لێکچوواندن و بوون دەدات و دەیانکاتە تەونی چنینی دەقەکە و هەوڵدە دات کۆمەڵە کەرەستەیەکی دیکە بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بە بەرانبەرە کەی:

بەچیت بچوێنم؟
بە پۆلێ هەتاو؟
بە وڵاتێکی لە خوێنا گلاو؟
یان بە گۆرانی و
هەناسەدان و
هەرەس و
لافاو
(کۆی بەرهەمە شیعرەکانی رەفیق سابیر: ٥٧٣)

دووبارە بە ناونیشانی سەرەکی دەقەکە دەست بەم کۆپلەیەش دە کاتەوە، دووبارەبوونەوەی ناونیشانی سەرەکی لەناو دەقەکە، بە واتای ئەوە دێت شاعیر بەتەواوەتی رکێفی هەست و سۆز و خەیاڵی داوەتە دەست هونەری لێکچوواندن و هەوڵدەدات بوونی خۆی لە بوونی ئەو کەرەستانە بدۆزێتەوە کە کرداری لێکچوواندنەکەی پێ دەکات. شاعیر

لەم کۆپلەیەشدا کۆمەڵێک کەرەستەی وەرگرتووە لەوانەش هەتاو، کە رووناکی و گەرمی بەخشە، بەرانبەرەکەی خۆی بەو رووناکی و گە رمی بەخشە دادەنێت، کە لە زستانێکی ساردو تووشدا لە ڕەقبوون دە بپارێزێت، هەروەها بەرانبەرەکەی بە گۆرانی و هەناسەدان دەچووێنێت، گۆرانی هەروەکو دەڵێن خۆراکی رۆحە و ئیدی لەوێوە هەوڵدەدات بە هۆی گۆرانییەکانی بەرانبەرەکەیەوە هەناسەیەک بدات. لەهەمانکاتیشدا لە وێنەیەکی کارەسات ئامێزدا دەیەوێت بارودۆخی دەروونی خۆی لە بەرانبەرەکەی بگەیەنێت، کاتێک وڵاتە پڕ لە خوێن و کارەساتەکەی خۆی وەکو هەرەسێک و لافاوێک دەناسێنێت و ئاشنای بەرانبەرەکەی دەکات.

شاعیر لە هەردوو کۆپلەی شیعرەکەدا هەموو ئەو لێکچوواندنانە لە دووتوێی پرسیاردا ئاراستە دەکات، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامێک بێت، ئەو وەڵامە ئەگەر چی لەلایەن ئەو بەرانبەرەی خۆی مەبەستییە تی زۆر خوازراوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەر کەسێک وەڵامێک بداتەوە ئاساییە، لەمەشدا وەڵامەکان جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ دەبن، بەو واتایە ی وەرگر لەلایەن خۆیەوە وەڵامێکی تایبەت بە بارودۆخی خۆی دادەڕێژێت و گوزارشتی لێ دەکات، بۆیە وەڵامەکانی ئەو لێکچوواندنە هەر چەندە پشت بە خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی کەرەستەکان و دیاردەکانی بوون دەبەستێت، لێ وەڵامێکی دیاریکراویش نابێت و بە گوێرەی کەس و لایەنەکان و هەڵسوکەوت و رەفتار و سروشتەکانەوە گۆڕانکار دەبێت و جیاواز دەکەوێتەوە. ئەمەش خودی مەبەستی

شاعیر بووە لەو دەقەدا، چونکە شاعیر لە ژێر فەلسەفەی بوونەوە و لە روانگەی هونەری لێکچوواندنەوە دەقەکەی دارشتووەو هەوڵی داوە لەرێگای پرسیارکردنەوە جۆرێک لە ئازادی بە خوێنەر و وەرگرەکانی ببەخشێت و هەناسەیەکی فراوانی وەلامیان بۆ برەخسێنێت، تاوەکو ئە وەی لە ناخیاندایە دەریببرن و بیخەنەروو.

لەکۆتایی دەقدا شاعیر دەگاتە ئەوپەری وێنەکێشانی بوون، بوونێکی بەرانبەر لە پێناو سەلماندنی بوونی خۆی:

تۆ لە بوون دەچی، بەچیت نەچوێنم!
لە نەبوون دەچی، بەچیت بچوێنم!
(کۆی بەرهەمە شیعرەکانی رەفیق سابیر: ٥٧٤)

لەم دێرەدا شاعیر هەوڵی داوە بوونی خۆی لە بوونی بەرانبەرەکەی بەدی بکات و بەجەختکردنەوە لەسەر بوونی بەرانبەرەکەی، بوونی خۆشی دەبێتە شتێکی کردەکی و دەچەسپێت، بۆیە لێرەشدا رووی لە بەرانبەرەکەی کردووە، بەلام ئەمجارە بەشێوازی سەرسوورمانەوە پرسیار دەکات کە ئەو لەهەموو شتێک دەچێت و چی نەماوە کرداری لێکچوواندنی پێ نەکات لەگەڵ ئەودا، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە دێرەکانی پێشووتردا تەواوی هونەری لێکچوواندنی بەکارهێنا لەگەڵ کۆمەڵێک وێنەی بێ گیان و گیانداردا بۆ سەلماندنی مەزنی و پر بەهایی بەرانبەرەکەی، بۆیە لێرەشدا بە سەرسورمانەوە پرسیاری ئەوە دەکات،

کە هیچ شتێک نەماوە لەگەڵ ئەو بوونەی ئەو بەراوردی پێ نەکات. بوونێک کە هەموو بوونی خودی شاعیری داگیر کردووە، بۆیە دۆش دادەمێنێت لەبەرانبەریدا و گومانی ئەوە دەکات کە ئەو بەرانبەرەی نە بووبێت، بۆیە چی دیکە توانای ئەوەی نەماوە بە شتی دیکەی بچوێنێت، چونکە بوونێکی نییە و نەبووە. ئیدی لەو ئاستەدا شاعیر کۆتایی بەدەقە کەی دەهێنێت. واتە ئاستێک کە بوونێکی بەهێزی خۆی لەبەرانبەری بوونێکی بەهێزی ئەودا دادەنێت، ئەمەش بوونێکە لە پێناو خود، واتە بوونێکی رەهایە و راستەوخۆ خۆی دەسەلمێنێت دوور لە هەموو ناوە ندگیرییەک، لێرەشدا ئەوە روون دەبێتەوە کە بەپێی تێزە بوونگەراییەکە ی (هایدیگەر) مرۆڤ بە پێی ویست و ئارەزووی خۆی نەهاتۆتە دنیاوە ، بۆیە هێشتا بوونی خۆی تەواو نەکردووە، بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگە ری ئەوانی دیکە بۆ تەواوکردنی بوونی خۆی، ئەمەش پێویستی بە کارکردن و داهێنان هەیە، لێرەشدا هایدیگەر دوو بوون دیاری دەکات، بوونێکی ڕەسەن کە خاوەن بیرکردنەوە و تێڕوانین و پرۆژەی خۆیەتی بۆ ژیان، ئەوی دیکەیان بوونی ناڕەسەنە، کە کەسێکە بەردەوام لە ژێر کاریگەری ئەوانی دیکەیە و لەرێگای ئەوانەوە بیر دەکاتەوەو خاوەنی هیچ پرۆژەیەک نییە بۆ ژیان ( د. حەمە مەنتک، ٢٠٢٠: ٢). لەم روانگە شەوە شاعیر لەڕێگای ئەم دەقەوە بوونێکی رەسەنی خۆی راگەیاندووە و لە رێگای ئەو دەقەوە هەوڵیداوە بیرکردنەوەو تێڕوانینی خۆی بۆ ژیان بخاتەڕوو، ئەمیش لەرێگای لێکچوواندنی بوونی خۆی بە بوونی شتانێک تا بە بوونی بەرانبەرەکەی ببەستێتەوە. لەمەشدا دەقەکە لەسەر

بنچینەی لێکچوواندنی بوون بنیادنراوەو بوون کراوەتە سەنتەری دەق و پێکهاتەی دەقیش بە لێکچوواندن بنیاتنراوە. لەپێناو گەیاندنی پرۆژەیەک بۆ ژیان و گەردوون.

بوون لە پێناو خود: واتە بوونی رەها، کە لەشوێنێکەوە هەست بە خۆی دەکات کە بکەر و کارایە. واتە بوونێک دەسەلمێنێت دوور لەهەموو شتێکی دیکەی ناوەندگیر.

سەرچاوە:

١. كۆی بەرهەمە شيعرەكانی رەفيق سابير، چاپی يەكەم، چاپخانەی مانگ ٢٠١٦.

٢. مباركة هاشمي، جمالية التشبيه في ديوان (كلمات لا تموت) لعبدالوهاب البياتى، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة محمد بوضياف ـ المسيلة، الجزائر ٢٠١٦.

٣. نبراس جلال عباس، التشبيه في النص القرأني، مجلة كلية الأداب، جامعة بغداد، العدد (١٠٤).

٤. محمد رفعت احمد زنجير، التشبيه في (مختارات البارودي)، رسالة دكتؤرا، جامعة ام القري، السعودية ١٩٩٥.

٥. جان بول سارتر، الوجود و العدم، ت: عبدالرحمن بدوي، دار الآداب ـ بيروت ١٩٦٦.

٦. ايمانويل كانط، انطولوجيا الوجود، ت: د. جمال محمد احمد سليمان، دار التنوير للطباعة والنشر و التوزيع ٢٠٠٩.

٧. د. صلاح الفضل، میتۆدەكانی رەخنەی ئەدەبی، و: پ.د. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی رۆژهەلآت، هەولێر ٢٠١٦.

٨. د. حەمە مەنتک، عەزیز گەردی خەواجەی زمانێ، www.kurdishbookhaouse.com.

## ١٩٦٥/١١/١٨

سالەکان ماندوون و گۆرانی نیوە گوتراون
دیوانەکەم لەلایەک دادەنێم و داوا لە خودا دەکەم
ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات
لە ڕۆژی لەدایکبوونم کۆچ و باربم
دارەبازەی بۆنخۆشیشم بەرز بکرێتەوە ناو ڕووناکییەکی بەهێز
ئەفسوونێک خەملێوە و میوەکان کۆ دەکەمەوە
لابالێکی مێش لە خۆشاویان نقووم دەکەم
دەستم بە سینگەوە گرت و هەڵمبڕی و هەڵمدا
هەواڵی بای جەنگی ناو چیاکانم پرسی
بۆنی پیس و ناقۆڵای لوولەی تفەنگم بۆ هات
خۆشی لە خۆم
ڕازی کەروێشکێکم نەشکاندووە
مێشێکیشم لەکەدار نەکردووە
قاچێکم لە ڕۆخی کەوتنەخوارەوە داکەوتووە
ئەنگوستیلەی حیکمەتیش
لە پەنجەم بەخەبەرە و دەڵێت
ئەمشەو بەیان زوو دێ و زیاتر لە جارێک بسووتێ

دەڵێی یەکەمجارە ژیان چەترم لەسەر هەڵدەدا
دنیا سەرەتایە و ساڵەکانیش پیرەوکەن
شیعرزادەیەکی بە خانەکانی خودا ڕەنگاوڕەنگ بووم
بەناو خەڵکدا تێپەڕیم
ویستم دوا وشەیان لێ وەرگرم و دوا وشەشم ببیستن
ڕوخسارەکان گرمۆڵە ببوون
مردنیش بەردەوام ڕووی دەدا
بیرم لە ئاسمانی بە باران کردبووەوە و هاتبووم
گوللەی گیربوو لە زمانیان دەربهێنم
کوورەی ئەتۆمیش
وەک دەمی بورکانێکی دامرکاو دابخەم
تەم ڕێگاکانی گەمارۆ دابوو
نارنجێک بووم
باران لە دار بەریدامەوە ناو چاڵی گوللەیەک
چیڵێکی عۆل و حەپۆل دەمخوات
نوێژی ئەستێران چاوەکانی خەڵک تاریکن
تاریکایی جیهانیشم لەپێشە
پێویستە من ئارام بم
شیعر ئەندازەی ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شوێنپێکان
کردوومت بە خوێنی پشتی خۆت
لە گۆڕستانی شادمانیی ئاوێتەی خاکم کە

پێشەکیم بۆ کتێبی خوداوەندان
درەختی بنەماڵەی شیعر
بە ژوور سەرمەوە شەرحی حاڵە
لە پەلکی یەکەمدا
کە تەختەڕەشی ڕەوانبێژییە بنووسن ئاوێنە گەورەکە
لە پەلکی دووەمیشدا پەیکەری سەرکردە
دەڵێی یەکەمجارمە چاو بەرز دەکەمەوە ناو ڕووناکییەکی بەهێز
لە ئەستێرەیەکی نزیک ورد دەبمەوە
بێپەروایی هاتوچوونی بڵاچە
ئەو کاتە نەرمەی ماوە بۆ سبەینێ
هەڵقولانی ناخێک کوشتیان وریابوو نەمرد
بیرکردنەوە لەو ئازایانەی دەبنە سرووشی پێشبینی
لە یەکەم ئومێددا گەشەدەکەن
لە دوا ئومێدیش دەمێننەوە
بەم شێوەیە لە لەشێکدا ڕەنگ و ڕووم کرایەوە
زەوی بە هێمای پەنجە گەرم بوو
ڕەش و سپی ڕەنگی تەواون و لە چاڵی گوللەیەک
ڕستی بینینیان تێکپەڕی
مەترسیی دڕندەی تاهەتاییان تێپەڕاند
شیعر کردنی بە یەکەم ئومێد
ئومێدی دووەمیش هێشتان ڕوخساری پیشان نەداوین

پاراو و ئاشکرا لە خوێنمدا
هەناسەیان لەسەرخۆ خواردەوە
ئەوەیان بینی کە دەیانەوێ
* * *
ڕووناکییەکی مایەوەی ناو قۆزاخە
کۆمەڵێک دەستنووسی تەواونەکراوی دامێ
بە تاسەوە ڕاما و فەرموو تەواویان بکە
لە ساکاریی توانیم بەم جۆرە بژیم
باران بەر لە بارینی
کۆپلەیەکی لە دەستنووسەکەی پێیداهاتبوومەوە
هەڵبژارد بۆ هەڵەچنی
لە ماتەمی بلیمەتان بگەڕێوە
خانەی شاکارەکانی خودا ڕژاوەتە خانەکانتەوە
خوێنت بەرەو سووربوون دەڕوا و ڕاڕایی پاک دەکاتەوە
دەشزانم لەناو چاڵی گوللەدا دەبێ قەڵەمکێشی
خاڵی سەر ڕوومەتی هەوری ڕێبوار بکێشم
بەو گۆزەیەش بگەم کە سکاڵای لە جامەکان دەکرد
گای وررووژاو بە نووکە قۆچێک تووڕی دابووە لاڕێ
* * *
بۆنی هێلکەی ڕووخۆشی ناو هێلانە
دەکەم و ختووکەی تررووکانی دەدەم

باڵندە لە واتا ڕووت نابێتەوە و دەکەوێتە باڵەپڕژێ
سوپاس بۆ خودا کەروێشک گۆشتخۆرنەبوو
ئەگەر پەنجەم لەسەر کاغەز
ڕاوی لە گۆمی لێڵ کرد
لێ دەگەڕێم مشکی دز بیخوا
چاوەڕوانیی و بێزارییم کەمتر دەبن
دەشمەوێ خەونەکانم زوو بگرم
نەوەک سەریان لەبن باڵی شکاوی
نائومێدیی بنێن و لە دەستم دەرچن

❊ ❊ ❊

قتووی دەرمانەکانم لەسەر پشتی ئەسپی
نیگا گوڵاو دانا
سروودی مەستان لە حاڵیان پرسیم
پێم لە عارد خشاند و لە میانەی دوو خەون
بووم بە ڕووەکخۆر
باڵندەش بەهەوام پەڕوباڵیان گرت
وێنەی منن ڕژاونەتە باخچە گشتییەکان
بە سینگی ئارامەوە هەناسە دەخۆنەوە
لە ڕووداوی لەدایکبوونم ڕازیم

❊ ❊ ❊

شیعرەکانم دڵسۆزمن و ژیانی لەوە باشتر ناژین

داواشم لە خاڵبەندی کردووە واز لە ڕاوەدوونانی ڕستە بێنێت
ئێستا هەر ئەوەندەم لەسەرە
لە نائومێدی نەترسم و بشزانم هەوێنی ئاسوودەیی نامەیێت
* * *
لەناو گەرمەی خەونێکدا ئەو ڕازەم دەستنیشان کرد
گۆڕستانی شادمانییم لە گوندەکەمە
ڕوخسارە لە یادکراوەکان و باڵندە تێیدا بەخەبەردێن
دار قەڵەمتۆزەکان تەواو دەنگی منن
وەک برووسکە زیندوون
وەرن کلیلی دەرگای باخم
لێ وەرگرن گڵۆپی تێدا دەپشکوێ
دنیا تۆ ناتوانی تێبگەی جارێ زۆر منداڵی
چەک و فەنەر و پەڕەمووچ دادەنێم و وچانێک
شتێکی سادە ڕوودەدا
وندەبم و شوێنەکەم پێنازانن
ژیان دەپارێزم و سەیری ئەو دەستانە دەکەم
کە گوشیومن بۆ تەوقە
لە گۆڕەکەشمەوە لەخۆم دەڕوانم
بوومەتە گۆی زەوی بە چواردەوری هەمووواندا دەسووڕێمەوە
تاج و ئەڵماسی واقوڕمانێکی هەمیشەیین
مانگ دەبینم دەژی

ئەسپی کێوی یەکەم گزنگ
دەخاتە سەرپشتی و دێتە سەرەتای ڕێگا
دەپرسێ خودا ئاسمانی بۆ باڵندە یان فڕۆکە ڕۆشنکردووە
شیعریش نقێمی ئەنگوستیلە ڕۆشندەکاتەوە
هەنگاوی ورچی عۆل و حەپۆلی پێ تێک دەدا
تشرینی دووەمی ٢٠١٨ هەولێر

## خودگێڕانەوە:

## ئەو وێنانەی تەمەن، کە شیعر دەیگێڕێتەوە

## لە دەقی: (١٩٦٥/١١/١٨) سەباح ڕەنجدەردا

ژیاننامە یەکێکە لە هونەرە هەر گرینگ و زراڤەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کە بەهۆیەوە ئەزموونگەلێک لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە. مرۆڤ لەناو چوارچێوەی چیرۆک و ڕۆمانگەلێک دەژیت هەر لە چرکەی یەکەمی لەدایکبوونەوە تا کۆتا چرکەی ژیانی کۆمەڵێک ڕووداو و بەسەرهات و کارەکتەری جۆراوجۆر ژیانی هەڵدە سوڕێنن، ڕەنگە خۆی بەشێکی دروستکەری ئەوان بێت و ڕەنگیشە ئە وان بەشێکی دروستکەری خودی خۆی بن. گرینگ ئەو لەو فەزایە دە ژیت و گەشە دەکات و هۆش و هزری فراوان دەبن و دەکرێنەوە. لەگە ڵ ئەوەشدا ئەو فەزایە تا ڕادەی داخران تایبەتییە و هەست و نەستە کانی مرۆڤ لەخۆ دەگرن، کە ئەو هەست و نەستانە تەواو کەسییە و بەهیچ شێوەیەک ئەوی دی درکی پێ ناکات و ئاگاداری نییە، بۆیە کاتێک کەسێک لە ژیانیدا هەوڵێکی مرۆڤایەتی داوە و بەشێکی گرینگی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردووە. ئەو شەنوکەو و چرکەکانی کات و شوێنەکەی لەناو دڵ و دەروونی خۆی حەشار داوە، ئەمە سەرەڕای ئە

وەش لە هەر کردەوەیەک، جا ئەو کردەوەیە دەستەجەمعی و کۆمەڵ و ئاشکراش بێت، نهێنیگەلێک هەن کە تەنیا پەیوەستە بە کەسەکانەوە، هە موو ئەوانە دەکرێ لە چوارچێوەی هونەرێکدا ئاشکرا بکرێن و تەواوی مرۆڤەکانی دیکەش بەشداری پێ بکرێت کە ئەویش ژیاننامەیە. لێرەشدا ژیاننامە ئەو کەناڵە گرینگە دەبێت کە ئەزموونی مرۆڤەکان دەگوازێتەوە و بەشداری مرۆڤەکان لە رووداو و بەسەرهاتەکان مسۆگەر دەکات. کە واتە ژیاننامە هونەرێکی گرینگە و لە وڵاتانی پێشکەوتووی هزری و رۆشنبیری لەزووەوە لە گرینگی ژیاننامەی زاناو داناکانیان گەیشتوون و بایەخێکی بێ وێنەیان پێداوە، بەڵام لە مێژووی کورددا زۆر درەنگ ئەو هونەرە بایەخی بەدیارکەوت و رووی تێکرا. بێگومان هەموو ئەو زانا و شاعیر و نووسەر و کەسایەتییە کوردانەی لەکۆندا بە حاڵ بە رهەمێک و نووسینێکیان بەدەست دەکەوێت و ساغ دەکرێتەوە، ئەوا ئە گەر هونەری ژیاننامە رەواجی هەبووایە و ژیاننامەی خۆیان نووسیبا، نەک هەر بەرهەمەکەیان بەڵکو قۆناغە مێژووییەکەش لە گەلێک رووەوە روووناک دەبوویەوە.

دیارە ژیاننامە وەکو زاراوەیەک باسکردنی ژیانی کەسێکە و لەناوە رۆکی زاراوەکەوە مانای خۆی بەتەواوەتی خستۆتەڕوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسایەتییەک چیرۆکی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، دیارە لێرەدا ژیاننامە یەکسان دەبێت بە خود، واتە خود دەبێتە سەنتەری گێڕانەوەو بەهۆیەوە تەواوی هێڵەکانی دیکەی گێڕانەوە دەکەونە خزمە تی خودەوە. خود دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دەقەکە دەبێت و ئاراستەی

لایەنە و ڕەهەندەکانی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک ئەو دەقە شیعر دە بێت، گێڕانەوەی خود ئاڵۆزی و تەمومژ دەکەوێتەوە، بەحوکمی ئەوەی شیعر سۆز و خەیاڵێکی فراوان لەخۆ دەگرێت و بەهۆیەوە ماناکان بە ئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە. سەرەڕای ئەمانەش ئەوەی لە گێڕانە وەی ژیاننامە تاوەکو ئێستا بەرچاو کەوتووە ئەوەیە کەسێک تەواوی بەسەرهاتەکانی خودی خۆی لە ئەزمونی ژیانکردنی باس بکات و بە ئە وی دیکەی بگەیەنێت. ((واتا مێژووی ژیانی تاک و چۆنیەتیی هەڵسوکە وتی لەناو خەڵکدا، هەروەها گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی ژیانی تاکێکە، یان دووبارە ژیانەوەی مرۆڤە لەسەر ڕووی لاپەڕەکاندا)) (نیعمە قەرەنی، ٢٠١٢:١٦). ئەو بەسەرهاتانە تەواوی لایەنەکانی کۆمە ڵگە لەخۆ دەگرێت کە لە ڕوانگەی خودەوە دەگێڕدرێنەوە. بەڵام کاتێک ئەو خودە شاعیر بێت و شیعر وەکو دەقێک هەڵدەبژێرێت بۆ ئەو بابەتە ، مەسەلەکە جیاواز دەکەوێتەوە. لێرەدا مەرج نییە هەموو ئەزموونی ژیان و وردەکاری بەسەرهاتەکانی بەدوایەکدا ریز بکات و بیانگێڕێتەوە ، بەڵکو بە سوود وەرگرتن لە تەکینکی شیعر و ئیحای شیعری رەنگە تەنیا خاڵێک وەربگرێت و خودییەتی خۆی تێیدا باس بکات، ئیدی لەو خاڵەوە ئاشنای گۆشەنیگای کەسی شاعیر دەبین بەرانبەر بە مرۆڤ و ژیان و کۆمەڵگەوە. بەو واتایەی شاعیر لە باسکردنی خودی خۆی شیعرییەتێک بەکار دەهێنێت لە زمانی پەخشان و گێڕانەوەی ئاسایی بە دوور دەبێت.

کەواتە ژیاننامە لە دووتۆیی خودەوە سەرچاوە دەگرێت و هەڵدە قوڵێت، بەو واتایەی کردەوەکانی خود دەبنە جێگەی بایەخ و گێڕانەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خود کردەوەکانی خۆی دووبارە دەژیێنێتە وە، بێگومان لەمبارەیەوە پێویستی بە هزر هەیە بۆ ئەوەی ڕێکیان بخاتەوە، کاتێک دیکارت کۆجیتۆیە بەناوبانگەکەی خۆی ڕاگەیاند (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم) ئەوا هەوڵیدا چالاکییەکانی هزر و کردە وەکانی ژیانی مرۆڤایەتی یەکگرتوو بکات و باسیان بکات، بەڵام هێزی ئەو کارەی بەخشییە هزر و بیرکردنەوەو بە سەرچاوەی چالاکییە ژیانییەکانی لەقەڵەم دا، لەبەرانبەردا (مین دی بیران) دژی ئەو بۆچوونە کۆجیتۆکەی خۆی دەربڕی (من دەیکەم، کەواتە من هەم) کردەوەی کردە سەر مەشق و بەپێش هزری خست، وەکو ئەوەی بیەوێت بڵێت کردەوە، نەک هزر سەنتەر و بناغەی ژیانی ئەو مرۆڤەیە کە خاوەنی هیچ نییە، جگە لەوەی کار بکات و بەرگری بنوێنێت و بەهۆیەوە لە جیهانی دەرەوەدا خۆی تۆمار بکات. لەمبارەیەوە (د. زەکەریا ئیبراهیم ) پێیوایە لێرەدا مەسەلە هەڵبژاردن لەنێوان هزر و کردەوەدا نییە، بەقەد ئەوەی کە هزر و کردەوە دوو بنچینەی گرینگی ژیانن و هەڵبژاردنیش تەنیا لەنێوان ئەوەیە کە کردەوەیەک لەهزرێکی خراپە و کردەوەیەکی دیکەش لە هزرێکی چاکەخواز دێتە کایەوە (د. عبدالعزیز شرف،١٩٩٨: ١) کەواتە خود لە دوو تۆیی هزر و کردەوەدا خۆی دەنووسێتەوە و دووبارە لەسەر ڕووی لاپەڕەکاندا ژیان دروست دەکاتەوە:




لەمەشدا هزری خود داینەمۆی کردەوەکانییەتی و ئەو ئەزموونەی لە چوارچێوەی دەقێکی شیعریدا دەیخاتە ڕوو یەکانگیرێکە لەنێوان هزر و کردەوەدا. بەدیوێکی دیکەشدا دەکرێت لە دایکبوونی ئەو دەقە شیعرییەش بە کردەوەیەکی دیکەی هزری خودی شاعیرەکە لە قەڵەم بدەین و بازنەیەکی سووڕاوەی هاوکێشەی هزر و کردەوە دروست بکە ین.

بێگومان خود نووسینەوە یەکێکە لە جۆر و لکەکانی ژیاننامە، بەو پێیەی ژیاننامە چەند جۆرێکی هەیە لەوانەش:

١- ژیاننامەی گشتی: لەو جۆرە ژیاننامەیەدا نووسەر ژیانی کۆمەڵە کەسێک کە خۆی دەستنیشانی کردوون دەنووسێتەوە.

٢- ژیاننامەی تایبەتی: ئەو ژیاننامەیە تەنیا بە دەوری یەک کەس دە خولێتەوە و هەموو بابەتی ژیاننامەکە تایبەتە بە کەسێکی دیاریکراو، کە ئەمەشیان دوو لکی لێ دەبێتەوە:

أ- ژیاننامەی خودی، یان خود نووسینەوە، کە نووسەر رووداو و بە سەرهاتەکانی ژیانی دەگێڕێتەوە.

ب ـ ژیاننامەی بابەتی: کە نووسەر رووداو و بەسەرهاتی کەسێکی دیکە دەنووسێتەوە (نیعمە قەرەنی،٢٠١٢ :١٧).

بابەتی سەرەکی ئێمە خود نووسینەوەیە کە لکێکە لە ژیاننامەی تایبە تی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاک چەقی گێڕانەوە دروست دەکات و هەوڵ دەدات ئەزموونی خۆی بۆ کەسانی دەوروبەری بگوازێتەوە. مە بەست لەم گوازتنەوەیە، ئەگەرچی بەنەمرکردنی خودە لە کۆی ژیاندا، لە هەمانکاتیشدا سوودگەیاندنە بە کۆی هەڵوێست و بینین و رامانەکانی بۆ ئەوەی دەوروبەر لەناخی بگەن و بیخوێننەوە.

بێگومان خودنووسینەوە پەیوەستە بە گێڕانەوە، چونکە گێڕانەوە زە مینەسازییەکی گەورە دەکات بۆ ئەوەی خود بتوانێت گوزارشت لە خۆی و لە گشت ئەزموون و جیهانبینی بکات. بەهۆی ئەمەشەوە ژیانی وەکو چیرۆکێک بەرجەستە دەکات و لە دووتوێی ژانرێکەوە دەیخاتە ڕوو، بەو واتایەی ((چیرۆکی ژیانی ـ یان چیرۆکێک لە چرکەیەکی ژیانیدا ـ لە کۆمەڵێک پێشنیاز پێکنەهاتووە، کە بۆ هەڵبژاردن بشێت، بە ڵکو دروستکراوە بەو پێیەی کە گێڕانەوەیە، ئەمەش کۆمەڵێک ڕێوشوێن دەچەسپێنێت، کە لەگەڵ پێداویستییەکانی گێڕانەوە بگونجێت، هەروەها دەبێت لەگەڵ ـ ئەوەی رووداوە ـ بۆ تاک، یان ئەوەی کە تاک بیری دە کەوێتەوە بەو پێیەی رووداوە، بگونجێت)) (جینز بروکمبیر و دونال کربو،٢٠١٥: ٥٣). بەمشێوەیە خود نووسینەوە، یان ژیاننامەی خودی لە ڕێگەی گێڕانەوە دەچێتە ناو بازنەی دەربڕین و لەوێوە زەمینەی خۆڕاگەیاندن دەدۆزێتەوە. ئەمەش پەیوەندییەکی پتەو بە ژانرەکانی ئە

دەب دروست دەكات و ئەدەب دەبێتە ئەو مینبەرەی تاكەكان خودی خۆیان تێدا دەدۆزنەوەو ئەزموون و رامان و بینینەكانیان تێیدا بە ئە وانی دی دەگەیەنن، یەكێک لەو هۆكارانەش كە وا دەكات تاک، بەتایبە تیش نووسەر و شاعیر ئەزموون و رامان و بیركردنەوە و هەستەكانی ناوەوەی خۆی لەڕێگای ئەزموونەكانی ژیانییەوە بە ئەوانی دی بگەیە نێت، ئەوەیە كە ((ئارەزووی هەمیشەییە بۆ نەمربوونی خودی خۆی، ئە و ئارەزووش لە كاتێكدا هەست بە جیاوازی و جیاكاری خۆی دەكات، دەگەشێتەوە و دەگاتە ئەوپەڕی لووتكەی دەربڕین، لەو حاڵەتەشدا هە ستێكی بەهێز لەلای دروست دەبێت، كە ئەو مرۆڤێكە شایەنی مانەوەیە و ئارەزووی بە نەمربوونیشی زیاتر هەڵدەكشێ، بەتایبەتیش لەو حاڵە تانەی كە هەست دەكات بە هەر هۆیەک لە هۆكارەكان لە مەرگ نزیک بۆتەوە)) (تهاني عبدالفتاح شاكر، ٢٠٠٢: ٢٥)، لێرەشدا نووسەر و شاعیران هەست بە نەمانی جەستەیی خۆیان دەكەن، پێش ئەوەی مە رگ زەفەریان پێ ببات، هەوڵ دەدەن لەڕێگای گێڕانەوەی بوون و ئاوە ڵاكردنی خودی خۆیان، پێش وەختە نەمری بەدەست بهێنن و ئەوان دە ست لە مەرگ بوەشێنن و زەفەری پێ ببن.

خود گێڕانەوە مێژوویەكی كۆنی هەیە. لە مێژوودا گەلێک دەق هە بووە ژیاننامەی خودیان وەكو بنچینە وەرگرتووەو تێیدا كەسێک لەبارە ی ژیانی خۆیەوە دواوە و ئەزموون و بیركردنەوەكانی خستۆتەڕوو. بەدرێژایی مێژووش نووسەرو شاعیران پەنایان بۆ خودنووسینەوە و خود گێڕانەوە بردووە، بەهۆی ئەم حاڵەتەشەوە گەلێک شێوەی جیاواز

بۆ خود نووسینەوەو گێڕانەوەی ئەزموون و ڕامان و بیرکردنەوەکانی نووسەران هاتۆتەکایەوە. ئەم جیاوازییانە و لێکەوتەکانیان لە لایەن (د. معجب الزهرانی)ییەوە لە سێ ئاڕاستەی سەرەکیدا کورت کراونەتەوە:

ـ ئاراستەی یەکەم: نووسەرو شاعیر خود نووسینەوە و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیان و ڕامان و بیرکردنەوەکان وەکو ئامرازێک بۆ راگە یاندن و پرتستۆکردن و ئاشکراکردنی تاوانەکانی توندوتیژی دەسەڵاتی ستەمکار بۆ کائینی تاک بەکارهێناوە. ئەمەش لەرێگای بوێری نووسینێک، کە خود لە پێگەی قوربانییەوە بۆ پێگەی مرۆڤێکی ئازاد و چالاک و بە رگریکار لەدژ هەموو جۆرە زوڵم و ستەمێک دەگۆڕێت.

ـ ئاراستەی دووەم: نووسەر لەرێگای خود نووسینەوە هەوڵ دەدات بەوپەڕی ئازادی و بابەتییەوە دووبارە ئەزموونەکانی ژیانی کەسی خۆی پێک بهێنێتەوە. لێرەشدا ئامانج لە خود گێڕانەوە رووبەڕووبوونە وەی دەسەڵاتی ستەمکار، یان کۆمەڵگە نییە، بەڵکو قووڵکردنەوەی تێگە یشتنی مەرجە تایبەتی و گشتییەکانی ژیانە کە هۆشیاری خود پێک دە هێنێت .

ـ ئاراستەی سێیەم: نووسەر خود نووسین وەکو شێوەیەک بەکاردە هێنێت بۆ داڕشتنەوەی ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ژیانی لە روانگەیە کی خۆشی و ئاهەنگگێڕانەوە. کە بەهۆیەوە ئازارەکانی خود لە رێگای فێربوون و هۆشیارییەوە بەدیار دەکەوێت، لەرێگای جوانییەکانی ژیان و پەیوەندییە گەرموگوڕییەکانی نووسەر کە لە وێستگەیەکی تایبەتی تە مەنی تێیدا ژیاوە (د. معجب الزهرانی، ٢٠٠٩: ٩٧) .

ئەم ئاڕاستانەی خود گێڕانەوە بواری گوزارشت کردنیان لە ژانرە ئەدەبییەکانی وەکو چیرۆک و رۆماندا باشتر دەڕەخسێت، ئەمەش بە هۆی ئەو پانتاییە فراوانەی ئەم ژانرانە لەخۆیان گرتووە، وەلێ ئەوە بە مانای ئەوە نایەت ژانرەکانی دیکە نەتوانن خودنووسین لەخۆ بگرن، بە تایبەتیش شیعر کە هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە خەون و ئاوات و هە ستەکانی مرۆڤی دەربڕیوە و بەشێکی گرینگی لە ژیانی خودی مرۆڤە کانی پێکهێناوە. بە واتایەکی دیکە شیعر ئەوەندە پەیوەستە بەخود کە تا ئەو ڕادەیەی قووڵایی خودی مرۆڤەکان دەردەبڕێت و لەگەڵ خودی مرۆڤەکاندا شەنوکەو دەکات. هەر لەبەر ئەمەشە شیعر وابەستەی خودە و خودی مرۆڤ ئاوێنەی شیعر پێکدەهێنێت. بۆیە خودنووسین لە گەڵ شیعردا مامەڵەیەکی تایبەتی دەوێت، کە بتوانێت هەموو بیرکردنە وەو ڕامان و بینینەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت. لەم روانگەیەوە شاعیران لە هەموو کەسێک زیاتر وابەستەی خودی خۆیان و ژیانی تایبەتی خۆیانن، ئەو ژیانەی کە ناوەوەیان دروست دەکات و هەمیشە لە کە سانی دیکەیان جیا دەکاتەوە. بەم پێیەش شاعیر لە دەقەکانیدا نمایشی خودی خۆی بە چڕی دەکات و هەوڵ دەدات خودی خۆی پیشانی ئە وی دی بدات.

سەرەڕای ئەوەی پێکهاتە و تەکنیکی شیعر چڕو کورت و پوختە و لە چەند وشەیەکدا دەگیرسێتەوە، کە ئەمەش بواری کەمتر بە شاعیر دەدات خودی خۆی نمایش بکات، بۆیە دەکرێت شیعر پانتاییەکی داخراو بێت بۆ خودنووسین، بەو واتایەی شاعیران لە دەقەکانیاندا بە

کەمترین وشە دەبێت بینین و ڕامانەکانی خۆیان باس بکەن، ئەمەش وا دەکات لەژیانی خۆیاندا لێرە و لەوێ چەند وێستگەیەکی گرینگ و کاریگەر هەڵبژێرن و بەپێی تەکنیکی نووسینی شیعر ئەو ئەزموونەی ژیانیان باس بکەن، لەبەر ئەوە قورسترین خودنووسین، ئەو خودنووسینانەن بە شیعر ژیاننامە و ئەزموونی خۆیان دەگێڕنەوە.

ئەو تەکنیک و ئامرازانەی لەدەست شاعیر دا هەیە، بۆ خودنووسین، ڕەنگە زۆر کەم و دیاریکراو بێت لە چاو ئەو تەکنیک و ئامرازانەی بە دەست چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانەوە هەن، بۆیە گەلێک لە شاعیران لەرێگای بیرەوەری پەخشانئامێز ئەزموونی ژیانیان دەگێڕنەوە. ئەوانەی بەشیعر ئەزموونی ژیانیان دەگێڕنەوە هەمیشە ژمارەیان کەمترە، چونکە باڵادەستی و شارەزاییەکی زۆری پێویستە، سەرەڕای ئەوەش شاعیر دەبێت بە تەواوی زاڵ بێت بەسەر دەقەکەی و تەکنیکی گێڕانەوە تێکەڵی تەکنیکی شیعر بکات، ئەمەش کارێکی قورسە و بەهەموو کە سێک ناکرێت. لەبەر ئەوە دەقی شیعری خودنووسین، دەقێکی ئاڵۆز و تێکچرژاوە، چونکە لە یەک کاتدا هونەرەکانی گێڕانەوەو تەکنیکەکانی شیعر لە بۆتەی یەک دەقدا کۆدەکاتەوە. شاعیر دەبێت جیا لەباسکردنی چەند وێستگەیەکی ژیانی، لەهەمانکاتیشدا ئاگاداری تەکنیکەکانی شیعر بێت و لێیان لا نەدات.

لەم چوارچێوەیەدا (سەباح رەنجدەر) دەقێکی شیعری بۆ بەشێک لە وێستگەکانی ژیانی تەرخان دەکات و لە چوارچێوەی هونەری شیعری و هونەرەکانی گێڕانەوە، خودنووسین بە جێ دەگەیەنێت. لەم دەقەدا

ناونیشان، که ( ١٩٦٥/١١/١٨)ە. ناونیشانێکی سەرنج ڕاکێشە، چونکە ناونیشانی دەقەکە پیت و وشە نییە، بەڵکو ژمارەیە. ئەو ژمارەیەش کاریگەری لەسەر وەرگرتنی دەقەکە هەیە، چونکە بەکارهێنانی ژمارە بۆ ناونیشان خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە تەمومژ و ئاڵۆزی هەڵدەگرێت. لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵێک پرسیاری لەهەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت و خوێنەر عەودالّی ئەوە دەکات بەدوای وەڵامەکاندا بگەڕێت. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مێژووییش لە بەکارهێنانی ژمارە لەناو ئەدەبیاتدا وردبینە وە. دەبینین کە ژمارە ڕۆڵی خۆی لە ناو ئەدەبیاتدا گێڕاوە و لە گەلێک دەقدا پەنای بۆ براوە، بەتایبەتیش لە ئەفسانەدا ژمارە کاریگەری و قورسایی خۆی هەیە، هەر بۆ نموونە ژمارە (٧) لە ئەفسانەکاندا خاوەن هێزێکی تایبەت و سیحراوییە و کۆدێکە بۆ گەلێک شت بەکاردەهێنرێت و چارەنووس دەخوێنێتەوە. بۆیە بەکارهێنانی ژمارە لەلایەن (ڕەنجدەر) بۆ ئەو دەقە هەڕەمەکی و لە خۆوە نەبووە، بەڵکو مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی هەبووە. پێش هەموو شتێک ئەو ژمارانە هەر ژمارەی ئاسایی نین، بەڵکو مێژوون، واتە: دەلالەتە لە کات، کاتەکە پێکهاتووە لە ڕۆژ و مانگ و ساڵ. کەواتە: لێرەدا ناونیشان سێ پارچە ی کاتی کۆکردۆتەوەو ئاماژەی بە سێ کاتی جیاواز داوە، ئەمەش لە خۆیدا قورسایی و پێگەیەک بە ناونیشانەکە دەبەخشێت و دەرگای گومان و پرسیارگەلێک دەکاتەوە کە خوێنەر وا لێ دەکات هەڵوەستەی لەبەرانبەردا بکات و خۆی پەیوەستی دەقەکە بکات و بەدوای وەڵامدا بگەڕێت. دیارە ناونیشان کلیلی کردنەوەی دەرگای دەقە و بەهۆی

ناونیشانەوە دەتوانین بچینە ناو کۆشک و تەلاری دەقەوە. ناونیشان یەکەم پارچەی دەقە کە بەرکەوتەی راستەوخۆی لەگەڵ خوێنەر دروست دەکات. بۆیە تا ناونیشان بەهێز و ئامانجدار بێت ئەوەندە بەرکەوتەکەی بەهێزتر دەبێت و زیاتر خوێنەر گیرۆدەی خۆی دەکات. ئەگەر بەوردی لەناونیشان وردبینەوە، دەلالەتە بۆ رۆژێکی ساڵ. واتە: قورسایی ناونیشانەکە لە رۆژێکدا کۆکراوەتەوە. چونکە کاتێک بەرواریێک بەم شێوەیە دەنووسرێت، زیاتر مەبەست لە رۆژەکەیە، بە بێ ئەوەی مانگ و ساڵەکەش فەرامۆش بکرێن. بەڵام قورسایی رووداوەکە زیاتر لەو رۆژەدا کۆبۆتەوە، نووسەر ئەگەرچی مەبەستی ساڵ و مانگیشە، بەڵام دیارە رۆژەکەش لەهەمووان گرینگتر بووە. بە وردبوونەوەو خوێندنەوەی ناوەرۆکەکەی زیاتر لەمەبەست و ئامانجی شاعیر دەگەین، کە بۆچی ئەو بەروارەی کردۆتە ناونیشانی دەقەکەی، چونکە ناونیشانێکی وەها راستەوخۆ هیچ تێگەیشتنێک و کۆدێک نادات بەدەستەوە، وەلێ کاتێک پەیوەستی دەکەین بە ناوەرۆکەکەیەوە، ئەوا یەکسەر ئامانج و مەبەستی ئاشکرا دەبێت. بەتایبەتیش کە ناوەرۆکی دەقەکە خود گێڕانەوەیە، واتە: گێڕانەوەی ژیانی رابردووی شاعیرە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ژیاننامەی شاعیر دەبێتە چەقی پێکهێنانی دەقەکە، بۆیە شاعیر بەرواری لەدایکبوونی خۆی، راستەوخۆ دەکاتە ناونیشانی دەقەکە. کەواتە: ئەو ژمارانە ئاماژە بە رووداوێک دەکەن، ئەویش رووداوی لەدایکبوون و هاتنە سەر تەختی شانۆی ژیانی شاعیرە. لێرەدا خوێنەر یەکڕاست لە ناونیشانەوە بەرکەوتەی لەگەڵ خودگێڕانەوە دەبێت و

ڕووداوێکی گەورە، کە لە دایکبوونی شاعیرە دەبێتە سەرەتای دەستپێکی ئەو خود گێڕانەوەیە، بەدیوێکی دیکەدا شاعیر تەنانەت سوودی لە ناونیشانیش بینیوە بۆ گێڕانەوەی ژیاننامەکەی. کەواتە: ناونیشان سەرەڕای ئەوەی کاتە و ئاماژە بە پارچەکانی کات دەکات، لەناوەڕۆکیشدا ئاماژە بۆ ڕووداو دەکات، کە ئەویش ڕووداوی لە دایکبوونی خودی شاعیر خۆیەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناونیشان وەسف، یان ستایش نەبووە، بەڵکو بەشێک بووە لە خودگێڕانەوەی ژیانی شاعیرەکە خۆی. ئەمەش بەهێزی بۆ دەقەکە دروست کردووە و خوێنەری ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات بزانێت لەو بەروارە چی ڕوویداوە .

بەتایبەتیش شاعیر لە دەستپێکی دەقەکەیدا ئاماژەکانی ڕاستەوخۆ بە ناونیشانەوە بەستاوەتەوە، دەستپێکی هەر دەقێکیش گرینگی و بایەخی هونەری خۆی هەیە، چونکە دەستپێک زەمینەخۆشکەرێکە تاوەکو خوێنەران بتوانن بە ئاسانی و بە بێ زۆر لە خۆکردن بچنە ناو دەقەکەوە. دەستپێک وەکو هونەرێک ستراتیژ و ڕایەڵەکانی گشتی دەقەکە دروست دەکات، لەوێوە نووسەر هەوڵ دەدات کرۆکی بابەتەکەی بۆ خوێنەران ئاشکرا بکات. چەند دەستپێک بەهێز و سەرنج ڕاکێش بێت، ئەوەندە دەقەکە بەهێز دەبێت و خوێنەر کەمەندکێش دەکات بۆ ئەوەی بچێتە ناوەڕۆکی دەقەکەوە و بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەی دەقەکە. ئەگەر سەیری دەستپێکی ئەو دەقەش بکەین کە بەمشێوەیە دەست پێ دەکات:

ساڵەکان ماندوون و گۆرانی نیوە گوتراون
دیوانەکەم لەلایەک دادەنێم و داوا لە خودا دەکەم
ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات
لە ڕۆژی لەدایکبوونم کۆچ و باربم (سەرەتا وشە بوو: ٣)

دەبینین ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ناونیشانەوە، بەواتایەکی دیکە ناونیشان بەردەوامی بەخۆی دەدات و لە دەستپێکدا هێڵە سەرەکییە کانی دادەڕێژێتەوە. خود گێڕانەوە، یان ژیاننامەی خودی پەیوەستە بە کاتەوە و بەواتای گێڕانەوەی کاتی ڕابردوو دەگەیەنێت، کەواتە: ماددەی خامی خودگێڕانەوە کاتە، ئەو کاتەشە کە بڕبڕەی پشتی دە قی ژیاننامەیی پێکدەهێنێت، ئەو ئاماژەیە لە دەستپێکدا بەڕوونی بە دیار دەکەوێت و یەکەم وشەی دەقەکە بە (ساڵەکان) دەست پێ دە کات. ساڵەکان، واتە: کۆی گشتی ئەو کاتانەی شاعیر تێیدا ژیاوە، بە م شێوەیە هەر لە یەکەم وشەی دەستپێکدا شاعیر ستراتیژ و ڕێگای بینینی بۆ خوێنەران ڕۆشن کردۆتەوە، کە دەقەکە ژیاننامەییە و باس لە ساڵانی ڕابردووی ژیانی دەکات. ئەو ڕوون کردەوە و ناسینەی شاعیر ویستوویەتی لە دەستپێکدا خوێنەرانی پێ ئاشنا بکات بەوە دەستی پێکردووە (ساڵەکان ماندوون و گۆرانی نیوە گوتراون) واتە: قورسایی دەستپێک کاتە، ئەو کاتەی شاعیر لەناویدا ژیاوەو لە ئێستا کۆتایی هاتووە و شاعیر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دەقەوە دووبارە

بچێتەوە ناو ئەو ژیانە رابردووە و زیندووی بکاتەوە. لە هە مانکاتیشدا لە ریێگەی ئەو دێرەی یەکەمەوە ئاماژە بەو هەموو نەهامە تیی و ناخۆشییە دەدات، لەناو ژیانیدا ئەزموونی کردووە و ساڵەکان ماندوون بە واتای هیلاکی و ناخۆشی رووداوەکانی تەمەنی شاعیر دێت و لەوێوە شاعیر کە ئێستا لە ژیاندا ماوە گەلێک ئاوات و ئارە زووی هەبووەو بەشێکیان بەزیندوویی مردوون و بەشێکیان رەنگە تا نیوە جێبەجێ کرابن، گۆرانی نیوە گوتراون دەلالەتێکە کە هێشتا شاعیر لە ژیاندا ماوەو هەوڵی بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی دەدات. لەم دێڕەوە راستەوخۆ ناونیشان و دەستپێک لەناو بۆتەی یەک ستراتیژدا تێکەڵ دەبن و خودگێڕانەوە رەنگڕێژ دەکەن.

دیوانەکەم لەلایەک دادەنێم و داوا لە خودا دەکەم
ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات
لە ڕۆژی لەدایکبوونم کۆچ و باربم (سەرەتا وشە بوو: ٣)

هەر لە دەستپێکدا شاعیر پێناسەی خۆی و کارو پیشەی خۆی دە کات و دەستەواژەی دیوانەکەم لەلایەک دادەنێم ئەوە دەسەلمێنێت شاعیربوون پیشەکەیەتی و لەو ڕێگەیەوە شاعیر بەشێکی گرینگ لە ژیانی خۆی بۆ وەرگر ئاشکرا دەکات و هەوڵ دەدات لە پیشەی شاعیری خۆی دوور بکەوێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ژیاننامەی خودی خۆی دوور لە کاریگەری و کارتێکردنەکانی شاعیربوونی بگێڕێتەوە،

بۆیە ئاماژە بە رۆژی لە دایکبوونی خۆی دەکات و لەگەڵ ناونیشانی دەقەکە ریک دەکەویتەوە کە رووداوی لە دایکبوونی خۆیەتی، دووبارە لێرەدا ناونیشان و دەستپێک تێکدەئاڵێن و ستراتیژییەتی دەق دادەڕێژن. لەو دەستپێکەدا شاعیر ساتی لە دایکبوونی زۆر بە روونی لەرێگای ناونیشانی دەقەوە دیاریکردووە. لەهەمانکاتیشدا بە دەستە واژەیەک ژیانی خۆی کورت و پوخت کردۆتەوە کە دەڵێت: (لە ڕۆژی لەدایکبوونم کۆچ و باربم) بە واتای ئەوەی ژیانێکی تژی لە ناخۆشی و نەهامەتی هەبووە، کۆچ و بار پێچەوانەی نیشتەجێبییە، ئەوی یەکە میان بارێکی ناسەقامگیر و ناچەسپیوە و کە هەمیشە لە گۆڕاندایە، وەلێ ئەوەی دووەمیان بارێکی چەسپاوە و سەقامگیرە کە گۆڕانی زۆر سست و لەسەر خۆیە. بۆیە دەبینین لە دەستپێکدا شاعیر هەم رۆژی لە دایکبوونی خۆی دیاری دەکات و هەمیش رۆژگاری ژیانی خۆی باس دەکات. بێگومان هەر کەسێک لە دایک بێت، دەشمرێت، واتە: هەموو سەرەتایەک، کۆتاییەکی هەیە، بۆیە شاعیر هەر لەو دە ستپێکەدا سەرەڕای ئەوەی دووبارە جەخت لەسەر ناجۆری ژیانی دە کاتەوە، ئارەزووی مردنێکی باشتر لە چاو ژیانی دەکات، کاتێک دە ڵێت: (دارەبازەی بۆنخۆشیشم بەرز بکرێتەوە ناو ڕووناکییەکی بەهێز) دارە بازە وەکو کۆدێکە شاعیر بۆ مەرگی بەکارهێناوە، دە کرێت لێرەدا پرسیاری ئەوەش بکەین کە بۆ راستەوخۆ (مردن، مە رگ) ئەو وشانەی بەکارنەهێناوە، دیارە بوونی دارەبازە هێشتا جە ستەی کەسەکە لەناو ژیاندا ماوەو نەچۆتە ژێر گڵ، لەکاتێکدا مردن و

مەرگ هەموو شتێکی بڕاندۆتەوە و کۆتایی هاتووە، چونکە شاعیر هێشتا لە ژیاندا ماوە دارەبازە ئەو هیوایەیە کە هێشتا بە جەستەش بێت لە ژیاندا دەمێنێتەوەو ئارەزووی ئەوە دەکات بە رووناکی بگات و لەو شەوە تاریکی ژیانی رزگاری ببێت.

دەقی شیعری دەقێکی هێمادار و پڕ لە رەمزو کۆدە و رستەکانی کورت و پوختن، بۆیە بۆ باسکردنی بابەتێکی وەکو ژیاننامە، قورسە بتوانرێت تەواوی وردەکارییەکانی رۆژانەی ژیان و بەسەرهاتەکانی تێدا تۆمار بکرێت. لەبەر ئەوە شاعیر بە ناچاری بەشێک لەوێستگە گرینگەکانی ژیانی هەڵبژاردووە، ئەو وێستگانەی کاریگەری و کارتێکردنێکی قووڵیان لەسەر ئەو و کۆمەڵگەکەی هەبووەو رامان و بینینەکانی ئەویان گۆڕیوەو هەستەکانیان خەملاندووە. لەبەر ئەوە شاعیر پەنای بۆ (وێنە چیرۆک) بردووەو هەوڵی داوە لەرێگای وێنە جۆراجۆرەکانی ژیانییەوە بەشێک لە هەڵوێست و تێڕوانییەکانی خۆی باس بکات، لە یەکێک لەو وێستگانەی ژیانی و لە رێگای وێنە چیرۆکێکە وە باس لە نەهەماتییەکانی شەڕی ناوخۆ دەکات:

هەواڵی بای جەنگی ناو چیاکانم پرسی
بۆنی پیس و ناقۆڵای لوولەی تفەنگم بۆ هات
خۆشی لە خۆم
ڕازی کەروێشکێکم نەشکاندووە
مێشێکیشم لەکەدار نەکردووە (سەرەتا وشە بوو: ٤)

لێرەدا شاعیر ژیانی خۆی لەناو چوارچێوەی شەڕی نەگریسی ناوخۆیی دەگێڕێتەوە، بێگومان لەگەڵ هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕە رەشانەی مێژووش، هەڵوێستی شاعیر لەبەرانبەر ئەو کارە نەگریسەیە روون و ئاشکرایە و بەتوندی دژی ئەو کارەیە و بە بۆنێکی پیس لە مێژووی نەتە وەکەی و لە مێژووی خودی خۆی دایدەنێت. پرسینی هەواڵی جەنگ بەو مانایە دێت، کە شاعیر روانین و بیرکردنەوەی ئەوەیە ئەو جەنگە لەبەرانبە ر دوژمن ئەنجام بدرێت، بەڵام بە داخەوە برایەکان دەستیان چۆتە خوێنی یەکتر، ئیدی رووبارێک خوێن رێچکەی کردووە و بەدەستی یەکترییەوە وشک نابێت و بەردەوام لە رەوکردندایە. ئەو کارە قێزەونە مرۆڤ فێری ئەوە دەکات کە هەمیشە توندڕەو و تاوانبار بێت و لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی ببەخشرێت. شاعیر خۆی لەگەڵ ئەو جۆرە مرۆڤانە بەراورد دە کات، لەوێنەیەکی شیعریدا ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەو تەنانەت رازی کە روێشک و مێشکیشی لەکەدار نەکردووە، چ جا لەوەی کە مرۆڤێک خەڵتانی خوێن بکات. ئازارەکانی ئەو شەڕە نەگریسەی برایەکانی چیا، ئەوەندە بە سۆیە شاعیر لەدوای خۆ ناساندن و چەسپاندنی رۆژی لە دایکبوونی یە کڕاست دەچێتە سەر ئەو بابەتە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کاریگەری و کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر دەروونی شاعیر دروست کردووە، هە ڵبژاردنی وەها بابەتێک بۆ ئەوەی وەکو یەکەم وێستگەی ژیانی شاعیر ئە وە روون دەکاتەوە کە خودی شاعیر لەژێر کاریگەری ئەو مێژووە سوور و رەشەوە گۆڕاوەو کەوتۆتە ناو بارودۆخێکی دیکەوە. بارودۆخێک ئێش

و ئازارێکی بێ وێنەی لەگەڵ دروست کردووەو ناخی شاعیری هەژاندووە. هەر لەبەر ئەوەشە شاعیر باسی منداڵی خۆی ناگێڕێتەوە وەکو وێستگەی سەرەتا، چونکە منداڵی جیهانی بێ تاوانی و پەپوولەییە، بەڵکو جیهانی دڕندە و خوێن ڕیشتن دەکاتە سەرەتا. بەدیوێکی دیکەدا شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت ئەو شەڕە نەگریسانەی برایانی چیا منداڵی ئێمەیان کوشت و هەرگیز مرۆڤی کورد نەیتوانیوە قۆناغی منداڵی بژیت و خەون و جوانییە کانی ئەو قۆناغە بکاتە ملوانکەی هەڵگرتنی بۆ تەمەنەکانی دیکە، بەڵکو ئەو جەنگە ملوانکەیەکی لەملی مرۆڤی کورد داناوە کە بەخوێنی برایەکەی خۆی دروست کراوە. شاعیر تەنیا بە نیشاندانی وێرانەی خودی خۆی وە کو لێکەوتەی شەڕی براکوژی ناوەستێت، بەڵکو وێرانەی خەڵک و میللەتە کەشی وێنا کردووەو پیشانی داوە:

بەناو خەڵکدا تێپەڕیم
ویستم دوا وشەیان لێ وەرگرم و دوا وشەشم ببیستن
ڕوخسارەکان گرمۆڵە ببوون
مردنیش بەردەوام ڕووی دەدا
بیرم لە ئاسمانی بە باران کردبووەوە و هاتبووم
گوللەی گیربوو لە زمانیان دەربهێنم
کوورەی ئەتۆمیش
وەک دەمی بورکانێکی دامرکاو دابخەم (سەرەتا وشە بوو: ٤)

بارودۆخی خەڵک وەکو دەرئەنجامی شەڕی نەگریسی ناوخۆ گەلێک دژوار بووە و شاعیر لەخودی خۆیەوە خودی ئەوانی دیکەمان بۆ روون دەکاتەوە لە چەند وێنەیەکی شیعریدا کە زیاتر پەنای بۆ هێما خە مبار و دڵتەنگییەکان بردووە، هەوڵیداوە ئەو بارودۆخە وێنا بکات و رووخساری مرۆڤی سەردەمی شەڕی برایانی چیا و مردنە بەردەوامە کان پیشان بدات. لەهەمانکاتیشدا هەڵوێستەکان دژی ئەو شەڕە روون دەکاتەوە دەستەواژەی گوللەی گیربوو لە زمانیان، گوزارشتی لەو باوردۆخە کردووە کە دەسەڵات هەمیشە بە گوللە وەڵامی داواکاری و داخوازییەکانی جەماوەرەکەی داوەتەوە و هەوڵی دەمکوتکردنی هەموو دەنگێکی نارازیی داوە. سەرەڕای ئەوەش خودی شاعیر هەوڵی ئەوەی داوە ئەو شەڕە کە وەکو کوورەیەکی ئەتۆمە دابخات و تا هەتا دابمرکێتەوە و خەڵکی لەدەستی رزگاریان ببێت. شاعیر کاتێک لە خودی خۆیەوە دەچێتە ناو جەماوەرەوە و لەوێشەوە وێنەکە گەورە دە کاتەوە و وێنای جیهانی سەردەمی ژیانی خۆشی دەکاتەوە:

تاریکایی جیهانیشم لەپێشە
پێویستە من ئارام بم
شیعر ئەندازەی ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شوێنپێکان
کردوومت بە خوێنی پشتی خۆت
لە گۆڕستانی شادمانیی ئاوێتەی خاکم کە

(سەرەتا وشە بوو: ٥)

شاعیر بارودۆخی سەردەمی ژیانی دەخاتەڕوو کە ئەویش وەکو خودی خۆی و نیشتمانەکەی تاریکە، بەڵام ئەو تاریکیانە جیاوازن، تاریکی خودی خۆی، تاریکایی مرۆڤێکە بە دیدێکی شاعیرییەوە پێی ناوەتە جیهان و دەیەوێت بوونی خۆی لەو جیهانەدا بچەسپێنێت، تاریکایی نیشتیمانیش لە ژێر چەپۆکی داگیرکاری و شەڕی برایانی چیادا نقووم بووە، وەلێ تاریکایی جیهان لە بێدەنگی و بێ هەڵوێستی بەرانبەر بە نەتەوەکەی و خوێنڕشتنی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە: تاریکی جیهان چەند قاتی تاریکی خودی خۆی و نیشتیمانەکەی قورسترە، چونکە هەموو ئەوانەی لە ژیانی خۆی و خەڵکیدا روو دەدەن لە ئەنجامی بێ هەڵوێستی و بێدەنگی جیهانی دەرەوەیە. بۆیە شاعیر لە ئاست ئەو زوڵمە گەورانەوە داوای ئارامی لە خودی خۆی دەکات و ڕێگای شیعر هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی پەیام و رامانەکانی بە ئەوانی دیکە بگەیەنێت. ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شوێن و مرۆڤەکان، خودی کەسەکە دەکەنە شاعیر و شاعیر شیعر دەکاتە خوێنی خۆی. بەو واتایەی چۆن مرۆڤ بێ خوێن توانای ژیانی نییە، شاعیریش بەبێ شیعر توانای ژیانی نییە. کەواتە: شیعر دەبێتە یەکێک لە نەریتە رۆژانەییەکانی شاعیر و هەمیشە بەهۆی شیعرەوە دەژیت. لەم وێستگەی ژیانیدا شاعیر لە دوای باسکردنی شەڕی برایانی چیا، وێستگەیەکی دیکەی گرینگی هەڵبژاردووە بۆ باسکردن، ئەویش بوون بە شاعیر و خووگرتن بە شیعرەوە بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت

شاعیر بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە ناهەموارە پەنای بۆ ئەدەب و شیعر هێناوە و ئەو ڕێگەیەی بە باشترین

ڕێگە هەڵبژاردووە و ئێمەی لە بەرانبەر ئەم هاوکێشەیەدا وە ستاندووە، کە ئەویش شەڕی براکوژی بەرانبەر بە شیعر.




ئەم هاوکێشە ژیانی سەرەتایی شاعیری پێکهێناوە و هەوڵیداوە لە چەند وێنەیەکی شیعری و بە چەند وێستگەیەک لە خود گێڕانەوەدا روونیان بکاتە وە. لەو هاوکێشەیەدا شاعیر دوای ئازارێکی زۆر لەدەست لێکەوتەکانی شە ڕەوە، ئەو هەمیشە لەبەری شیعر بووە و ئەوی هەڵبژاردووە. شاعیر سەرکە وتووانە شیعری وێناکردووە بەوەی کە دەربازبوونە لە نەهامەتییەکانی شەڕ. لەهەمانکاتیشدا ژیانی لەنێوان دوو بژاردە داناوە کە یەکێکیان شیعرە و پێچە وانەی دۆخی شەڕە و هەڵبژاردنی ئەو دوو دۆخەشی بۆ مرۆڤەکان بە جێهێشتووە، ئەو خۆی لەو خود گێڕانەوەیە ئاماژەی بە چاکەی هەڵبژاردنی خودی خۆی بۆ شیعر کردووە و هەوڵیشی داوە خەڵک لەوە بکات کە ژیان

به هۆی شیعرەوە دروست دەبێت و لەڕێگای شیعرەوە پردی خۆشنوودی دروست دەبێت و بەختەوەری فەراهەم دەکرێت. شاعیر روونتر ئەو هاوکێشەیە روون دەکاتەوە:

کە تەختەڕەشی ڕەوانبێژییە بنووسن ئاوێنە گەورەکە
لە پەلکی دووەمیشدا پەیکەری سەرکردە

(سەرەتا وشە بوو: ٥)

لێرەدا شیعری بە تەختەڕەشی ژیان وێناکردووە، هەموو کەسێک کە شیعری هەڵبژارد دەتوانێت خودی خۆی بنووسێتەوەو ئازادانە بڕیار لە ژیانی خۆی بدات و بوێرانە بیرکردنەوەکانی بەیان بکات و ببێتە ئەو ئاوێنە گەورەیەی کە هەموو کەسێک خۆی تێدا ببینێتەوە. لەبەرانبەر هە ڵبژاردنی شەڕ، پەیکەری سەرکردەیەک هەڵدەبژێرێت کە ئەو بڕیار لە سەر ژیانت و بیرکردنەوەو خواردن و خواردنەوەت دەدات و دواجاریش بە بڕیاری ئەو دەبێت بمریت و خوێنت لە کاسەیەکدا پێشکە شی بکەیت. ئەمە چوارچێوەیەک بووە کە شاعیر تێیدا ژیاوەو پێگەیوە:

بەم شێوەیە لە لەشێکدا ڕەنگ و ڕووم کرایەوە
زەوی بە هێمای پەنجە گەرم بوو
ڕەش و سپی ڕەنگی تەواون و لە چاڵی گوللەیەک
ڕستی بینینیان تێکپەڕی
مەترسیی دڕندەی تاهەتاییان تێپەڕاند
شیعر کردنی بە یەکەم ئومێد

ئومێدی دووەمیش هێشتان ڕوخساری پیشان نەداوین

(سەرەتا وشە بوو: ٦)

شاعیر لەناو ئەو بارودۆخەدا دروست بووەو رەنگ و رووی کراوەتەوە، لەناو ئەو هاوکێشەیەی شەڕو شیعردا ژیاوە کە شاعیر بە ڕەشوسپی وێنای کردووە، لەنێوانیشاندا شاعیر رووی لە سپییەکە کردووە و شیعری کردۆتەوە ئارامی خودی خۆی و بە یەکەم ئومێدی داناوە، لەوێوە چاوی لە هیواکانی دیکە گرتووە، کە هێشتا ماون رووخساریان پیشان بدەن و ئارەزوو و ئاواتەکانی شاعیر بەدی بهێنن.

لەبەشێکی دیکەی گێڕانەوەکەیدا شاعیر ئاماژە بە ئەزموونی شیعرنووسینی خۆی دەدات و رێوشوێنی نووسینی شیعر و کەشی ناوەوەی خودی خۆی باس دەکات:

ڕووناکییەکی مایەوەی ناو قۆزاخە

کۆمەڵێک دەستنووسی تەواونەکراوی دامێ

بە تاسەوە ڕاما و فەرموو تەواویان بکە

لە ساکاریی توانیم بەم جۆرە بژیم

باران بەر لە بارینی

کۆپلەیەکی لە دەستنووسەکەی پێیداهاتبوومەوە

هەڵبژارد بۆ هەڵەچنی

لە ماتەمی بلیمەتان بگەڕێوە

خانەی شاکارەکانی خودا ڕژاوەتە خانەکانتەوە

(سەرەتا وشە بوو: ٧)

شاعیر هێزی نووسینی شیعری بۆ ئەو ڕووناکییە گەڕاندۆتەوە کە دژ بەو تاریکییەی دەدات خۆی و نیشتیمان و جیهانەکەی گرتووە، ئەو ڕووناکییە دەبێتە هەوێنی شیعر و دەستنووسەکانی ژیانی پێ دەبە خشێت و داوای لێ دەکات تەواوی بکات، ئەو جۆرە ژیانەی شاعیر وای کردووە هەمیشە بۆ شیعر بژیت و لە ڕووناکیدا بمێنێتەوە، تاوەکو بەرەو مەنزڵگای ئەوین و خۆشنوودی بڕوات و لەگەڵ خۆیدا وشیارییە کی درەوشاوە بهێنێتەکایەوە کە بەهۆیەوە وەکو بارانێک هەڵەچنی کردە وەکانی ژیانی پێ بکات:

ئەگەر پەنجەم لەسەر کاغەز
ڕاوی لە گۆمی لێڵ کرد
لێ دەگەڕێم مشکی دز بیخوا
چاوەڕوانیی و بێزارییم کەمتر دەبن
دەشمەوێ خەونەکانم زوو بگرم
نەوەک سەریان لەبن باڵی شکاوی
نائومێدیی بنێن و لە دەستم دەرچن

(سەرەتا وشە بوو: ٧-٨)

ئەو چونکە مەبەستی هێنانەکایەی دنیایەکی دیکە و هۆشیاربوونەوە یەکی درەوشانەوەی گەرەکە، بۆیە هەرگیز بیر لە خیانەتکردن لە شیعر و وشەو ڕستەکان ناکاتەوە، کاتێکیش لە ڕۆژگاردا گەر دووچاری جۆرێک لەو ناڕاستگۆییە بووە، بوێرانە دان بەوەدا دەنێت کە هەموو نووسینەکانی دەکاتە خۆراکی مشکێکی دز و لێ بێبەری دەبێت. شاعیر،

چونکە لەناخی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک پرەنسیپ و بیروباوەڕە هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە لە وشە و ڕستەکان جیا ببێتەوە رێچکەیەکی دیکە هە ڵبژێرێت، هەر لەبەر ئەمەش خاوەن ئومێدێکی گەورەیە بە ژیان و دەیە وێت بە زووترین کات خەونەکانی بەدی بهێنێت.

شیعرەکانم دڵسۆزمن و ژیانی لەوە باشتر ناژین
داواشم لە خاڵبەندی کردووە واز لە ڕاوەدوونانی ڕستە بێنێت
ئێستا هەر ئەوەندەم لەسەرە
لە نائومێدی نەترسم و بشزانم هەوێنی ئاسوودەیی نامەیێت
(سەرەتا وشە بوو: ٨)

کاتێک شاعیر راستگۆیی و بوێری لەلای دەبێتە ئەرک و هەمیشە شیعر دەکاتە ژیان و نوێبوونەوە، ئیدی شیعرەکانیش دەست لەسەر سنگ دەوەستن و دڵسۆزی دەبن و لەوە باشتر کەسێکی دیکەیان بەدەست ناکەوێت نازیان بکێشێت و بەخێویان بکات. بۆیە کاتێک کە سانێک بەو جۆرە لە روانین و بیرکردنەوەکانیان دەخەنە ناو کۆمە ڵگەوە، ئیدی کەسانێکی دیکە دژایەتییان دەکەن و هەوڵی لە ناوبردنیان دەدەن. بێگومان ئەمەش ململانێیەکانی کۆمەڵگە و ژیانە و هەمیشە کۆتایی نایەت و لەدواجاریشدا براوە دەبێت بۆ ئەوانەی، کە بۆ راستی کاردەکەن و بۆ بەرەی حەق بێت. دیارە ئەم ململانێیە لەناو گۆڕەپانی ئەدەبیدا بە ململانێی نەوە ئەدەبییەکانەوە بەند دە

بێت، هەمیشە لەناو نەوە ئەدەبییەکاندا ململانێ لەناو خودی شاعیران و نووسەراندا دروست دەبێت، کە دەبێتە کرۆکی پێکهێنه ری وشیاری و کلتووری ئەو نەوەیە، لەم روانگەیەوە شاعیر داوا لە نەوەکەی دەکات واز لە ڕستەکانی بهێنن و ئەوەندە خاڵ و نوقتە بۆ ڕستەکانی نەدۆزنەوە، چونکە ڕستە خۆی واتایەکی تەواو دەبە خشێت و پێویستی بەو هەموو ململانێیەی ئەوانەوە نییە. ئەو، چونکە نائومێد نییە، ئیدی ژیان بەردەوامی پێ دەبەخشێت و خاڵبە ندییەکان ناتوانن کۆتا ڕستەی پێ بنووسنەوە و لە گۆڕەپانەکە بیوە ستێنن.

لە وێستگەیەکی دیکەی خود گێڕانەوەیدا شاعیر بۆ گوندەکەی شوێنی یەکەمی لە دایکبوونی دەگەڕێتەوە و دووبارە هەوڵ دەدات لە وێدا زیندووبێتەوە:

لەناو گەرمەی خەونێکدا ئەو ڕازەم دەستنیشانکرد
گۆڕستانی شادمانییم لە گوندەکەمە
ڕوخسارە لە یادکراوەکان و باڵندە تێیدا بەخەبەردێن

(سەرەتا وشە بوو: ٨)

ئەو گەڕانەوەیە بۆ ژیانی منداڵی و بۆ کەشوهەوای ناو گوندەکەی و گەڕانەوەی رووخسارە لەیادکراوەکان و باڵندە رەنگاوڕەنگەکان، گەڕانە وەیە بۆ زەمەنی جوانی و پەپوولەیی، زەمەنێک کە بەشێکی گرینگ لە کەسایەتی و دەروونی مرۆڤ پێکدەهێنێت. ئەو گەڕانەوەیە وەکو خە

ونێک وایە هەمیشە گەورەکان وەکو برووسکێک، خەونێک هەمیشە بە شێک لە ژیانی منداڵیان لەناو یادگەیان تۆمارکراوە و بە ئاگا، یان بێ ئاگا لە کات و ساتی دیاریکراودا دێتەوە بەرچاویان، دیارە بۆ کەسانێک کە خود گێڕانەوە ئەنجام دەدەن، گەڕانەوە بۆ ئەو قۆناغە بەشێکی گرینگ لە خودی خۆیان پێکدەهێنێت و بێ ئاماژە دان ناتوانرێت خودگێڕانەوە تەواو بێت.

خودگێرانەوە، ئەگەرچی پەیوەستە بە رابردووەوە و هەمیشە مادده خاوەکەی لەو کاتە رابردووە وەردەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر بازێکی بەسەر ئەو خاسیەتەی خودگێڕانەوە داوە، مردن و ژیانی دوای مەرگیشی تۆمارکردووە، کە هەر چەندە هێشتا روویان نەداوە:

لە گۆڕەکەشمەوە لەخۆم دەڕوانم
بوومەتە گۆی زەوی بە چواردەوری هەمووانددا دەسووڕێمەوە
تاج و ئەڵماسی واقوڕمانێکی هەمیشەیین
مانگ دەبینم دەژی
ئەسپی کێوی یەکەم گزنگ
دەخاتە سەرپشتی و دێتە سەرەتای ڕێگا
دەپرسێ خودا ئاسمانی بۆ باڵندە یان فڕۆکە ڕۆشنکردووە
شیعریش نقێمی ئەنگوستیلە ڕۆشندەکاتەوە
هەنگاوی ورچی عۆل و حەپۆلی پێ تێک دەدا

(سەرەتا وشە بوو: ٩)

لێرەدا خود گێڕانەوە لە رابردووەو گەیشتووە بە داهاتوو و ئە زموونێکی نوێی تۆمارنەکراوی باس کردووە، شاعیر بۆ ئەوەی خولی ژیانی خۆی لە خودگێڕانەوە بەتەواوەتی باس بکات، هەر چۆن لە ناونیشانەوە کە بەرواری لە دایکبوونییەتی، لەکۆتایی دەقەکەش باس لە مەرگی خۆی دەکات و خولی ژیانی خۆی پێ تەواو دەکات. (لە گۆڕەکەشمەوە لەخۆم دەڕوانم) شاعیر لەناو گۆڕەکەیدا دووبارە رۆحی خودی خۆی زیندوو دەکاتەوەو لە زەوی و ئاسمان و ژیان و مرۆڤ دەڕوانێت و دەیەوێت بزانێت ژیانی پاش ئەو چۆنە و چی دەگوزرێت، لەوێشدا بەردەوامی ژیان دەبینێت و بە دەستەواژەی مانگ دەژی و ئە سپی کێوی دێتە سەر رێگا گوزارشت لەو ژیانە ئاساییەی دەکات کە هەمیشە لە بەردەوامبوون بێزار نابێت.

سەرچاوە:


١. سەباح رەنجدەر، سەرەتا وشە بوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران ٢٠٢٠.

٢. نیعمە قەرەنی، هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی رۆژهەلات - هەولێر ٢٠١٢.

٣. د.عبدالعزیز شرف، ادب السیرة  الذاتیة، مکتبة لبنان ١٩٩٨.

٤. جينز بروكمبير و دونال كربو،السرد والهوية: دراسات في السيرة الذاتية و الذات و الثقافة، ت: عبدالمقصود عبدالكريم، مركز القومى للترجمة، القاهرة ٢٠١٥.
٥. تهاني عبدالفتاح شاكر، السيرة الذاتية في الآدب العربي، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت ـ لبنان ٢٠٠٢.
٦. د. معجب الزهرانى، الرواية العربية... ممكنات السرد، مطابع دار السياسة، دولة الكويت ٢٠٠٩.

# ژنێکی بێ ناونیشان

بەیانییەک، بەر لە کازیوە
هێشتا، نووکی شمشێری ڕووناکی
نەگەیشتۆتە هەناوی تاریکی،
هێشتا، ئەستێرەکان خواحافیزییان لەشەو نەکردووە،
هێشتا، درەختەکان لەخەو هەڵنەستاون،
هێشتا، گوڵ بە شەونم دەستنوێژی هەڵنەگرتووە،
هێشتا، چۆلەکەکان بە جریوە بەیەکیان نەگوتووە بەیانی باش،
جیرەجیرِی دەرگا دێ و لەپڕ مەرگ
وەک میوانێکی نامۆ بێ سڵاوکردن دێتە ژووری
دەبێتە غەڵبەغەڵب،
تاتە شۆرێک لەحەوشەکەمان دادەنرێ،
دایکە نەخۆشەکەم وەک پەپولەیەکی پیر،
چاوەکانی دەبن بە هەور
فرمێسکەکانی دەبن بەباران
دەفتەرەکەم دادەخرێ و
لەدوا دێڕی چیرۆکەکەم مەرگ خاڵی کۆتایی دادەنێ،
چیرۆکی من و تەنیایی
چیرۆکی من و عەشقێکی یەکسەرە
دەچمە خەوی ئەبەدییەوە و دەرفەت نابێ

بەدونیا بڵێم گیرفانەکانی تۆ بۆ من پڕ خەم بوون
شیعرەکانم دەڵێی ئەو بێوەژنەیە
باش دەزانێ جلە ڕەشەکانی مێردەکەی بۆ ناهێنێتەوە
شیعرەکانم وەک پووشوپەڵاشی ناو جۆگای لێدێ
کە پێڕاناگەن ماڵئاوایی لە هاوڕێکانیان بکەن
وەک چۆن،
ئەگەر ڕووبار بمرێ، بە ئاوا لافیتەی بۆ دەنووسرێ
ئەگەر با بمرێ، بەگفە گف لافیتەی بۆ دەنووسرێ
ئەگەر مانگ بمرێ، بە تریفە لافیتەی بۆ دەنووسرێ
ئەگەر خۆر بمرێ، بە تیشک لافیتەی بۆ دەنووسرێ
ئەگەر تەلعەت سامان بمرێ بە قاسپە قاسپی،
کەوەکانی قەرەچوغ لافیتەی بۆ دەنووسرێ
بەیانییەک، بەر لە کازیوە
ژنێکی بێ ناونیشان
چاوەکانی پڕ دەکا لە کل،
بەمیکیاژ لێوی سوور سوور دەکا
لەسەر مینای پەنجەرەی ژوورەکەشی،
بە نەسیمی هەناسەی دەنووسێ
بەدبەخترین عاشقی دونیا مرد
بەیانییەک، بەر لەکازیوە.

# مەرگ وەک بوونێکی ژیان

# لەدەقی: (ژنێکی بێ ناونیشان)ی عوسمان هورمزیاردا

ژیان و مەرگ بەشێکی گرینگ و گەورەی بوونی مرۆڤ پێکدەهێنن و هەمیشە مرۆڤ کەوتۆتە نێوان پێداویستییەکانی ژیان و ترسناکی مە رگەوە، ئەم دووانەیەی کە هەمیشە جێگەی نیگەرانی مرۆڤ بووەو بە بوونی مرۆڤەوە نووساوەو نەیتوانیوە لێی رابکات، بەمشێوەیە ژیان و مەرگ دوو نهێنی گەورەن لە بوونی مرۆڤ، کەهەمیشە هەوڵ و ئامانجی ئەوەی هەبووە وەکو مەتەڵێک ئەو نهێنیانە پووچەڵ بکاتەوەو ئاشکرایان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا مەرگ وەک بەشێکی گرینگی بوونی مرۆڤ، رۆڵی هەرە گەورەی لە ژیانی مرۆڤایەتی گێڕاوە، هەر لە دێرینە وە مرۆڤ عەودالی زانینی هۆکاری مەرگ و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی بووە و هەولی داوە لێکەوتەی کاریگەری لەسەر ژیانی بزانێت (ليلى عبدالحميد،٢٠٠٩: ١٧٣)، ئەو نهێنییەی مەرگ و ئەو تالی و نائومێدی و ونبوونە گەورەیەی کە لەدوای خۆی بەجێ دەهێنێت سام و ترسێکی یە کجار گەورەی لەسەر دەروونی مرۆڤ بەجێ هێشتووە، بەشێوەیەک مرۆڤ رەنگە بەدرێژایی رۆژگاری خۆی خەریکی لێکدانەوەی هەڵهێنانی مەتەڵی ئەو مەرگە بووە کە هەمیشە خاڵێکی یەکلاکەرەوە بووە لە

کۆتایی هێنانی ژیانی. بە واتایەکی دیکە مەرگ خاڵی جیاکەرەوەی ژیانی واقیعی مرۆڤ بووە لە ژیانێکی نهێنی و شاراوە کە زیاتر لەخە یاڵ چووە، بەو پێیەی کە دوای مردن هیچ زانیارییەکی دیاریکراو لەبە ردەست نییە، بۆیە ((قسەکردن لەسەر مەرگ، مرۆڤ لە بازنەی ژیان بۆ بازنەی مەرگ دەگوازێتەوە، بەو پێیەش مەرگ هەمیشە دیاردەیەکی مرۆڤایەتییەو رووبەرێکی زۆری لە بیرکردنەوەی مرۆڤ بەخۆیەوە سە رقاڵ کردووە، لەبەر ئەوە مەرگ لەڕووی چەندین فاکتەری دەروونی و ژینگەیی هاوتەریبە لەگەڵ ژیان)) (مبروكة ضو، ٢٠١٨،أ). بۆیە مرۆڤ لە کۆنەوە مەرگی وەکو کێشەو گرفتێکی گەورەی ژیان ناسیوە کە تا بە ئەمڕۆش دەگات لەبەرانبەری دەستەوەستان بووەو توانای چارەسە رکردنی بۆ نەبووە. ئەو دەستەوەستانە لەبەرانبەر مەرگ، بوونێکی گە ورەتری بە خودی بوون و ژیان بەخشیوەو وای لە مرۆڤ کردووە بە ردەوام بیر لە باشترکردنی دۆخی ژیان و بەرەوپێشبردن و گەشانەوە ی بدات لەبەرانبەردا تارمایی مەرگ بەهەموو شێوەیەک لە زیهن و هۆشی مرۆڤایەتی کاڵ بکاتەوە، چونکە گرینگیدان بە مەرگ لە سنووری زیاتری خۆی، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤ بایەخ زیاتر بە دونیایەک بدات کە لەدوای مەرگ بەپێی خەیاڵ و لێکدانەوەکانی خۆی دروستی دەکات و تا زیندووش بێت چاوی پێ ناکەوێت، ئەمەش وا دەکات ژیانی ئێستا و هەنووکەیی کە چرکەساتەکانی تێیدا بەڕێ دە کات لەبەرچاوی پلەیەکی نزمتر لە ئاست مەرگ وەربگرێت، دواجار ئەم بارودۆخە وا دەکات مرۆڤ بایەخ بە ژیان و دەوروبەری خۆی نەدات

و بەکەم وەریبگرێت، ئەمەش ناوەرۆک و کرۆکی بەشێکی زۆر لە ئایینەکان دروست دەکات، کە لەناو بەشێکی زۆریان بەپێی ئەو لێکدانە وە چارەسەری مەرگ کراوە بە وێستگەی پەڕینەوە بۆ دنیای ئەو دیو لەقەڵەم دراوە، گەیشتن بەو دنیایەش لەسەر بەکەمکردنی دنیای هە نووکەیی و واقیعییەی کەتێیدا دەژیت پێکدێت، ئەمەش لەخۆیدا پلەیەکی گوازراوەی پێ بەخشیوە، شتگەلی گوازراوە هەمیشە جێگەی بایەخ نییە و مرۆڤ بەردەوام بەدوای شتی جێگیر و سەقامگیر دەگەڕێت، ئەو گوتارەی ئایین مەرگ دەکاتە ئەو پردەی کە مرۆڤ بە دنیایەکی جێگیر و سەقامگیر بکات. بۆیە لە ئاییندا مەرگ قەبارەیەکی گەورەتری لە بوونی دنیا هەیە و مرۆڤ بەردەوام مەرگی بەبیردا دەهێنرێتەوە بۆ ئە وەی خۆی بۆ دنیای دوای مەرگ کە تا ئەو ساتەی دەیبینی خەیاڵی و نەبینراوە ئامادە بکات.

سەرەڕای ئەمانەش مرۆڤ لەبەرانبەر مەرگ کۆڵی نەداوەو هەمیشە هەوڵی داوە لە (کینون)ەو چەمکی مەرگ تێ بگات و لێکۆڵینەوەکانی لە مبارەیەوە چڕ کردۆتەوە و هەوڵی داوە شی بکاتەوە، هەر لەکۆنەوەش مەرگ لە نێوان دووانەی رۆح و جەستەدا خۆی بینیوەتەوە، دیارە ئەو دووانەیە جێگەی مشتومڕێکی زۆر بووەو هەمیشە لەروانگەی جیاوازە وە لێیان کۆڵیوەتەوە. جیاوازی نێوان رۆح و جەستە وەکو جیاوازی لە نێوان ناوەرۆک و جەوهەر و لاشە بێت وایە، کە هەر یەکێکیان پێویستی بە ئەوی دیکەوە هەیە. لەراستیشدا بوونی خولقاندنی رۆح و جەستە، مەسەلەی بوونی مەرگیشی هێناوەتە ئاراوە. بۆیە لەکۆنەوە ئە

گەر جیاوازی لەنێوانیشیاندا کرا بێت، ئەوا لە لایەنی مەرگ بەشێوەیەک لە شێوەکان هەردووکیانی کۆتایی پێهێناوە، چونکە مەرگ واتە گەیشتن بە حاڵەتی سکون و بێ دەنگی و بێ جووڵەیی، ئەم حاڵەتەش لەخۆیدا هەستەکان دەوەستێنێت و بەهیچ شێوەیەک ئاگایی دروست نابێت، ئەمە بووەتە هۆکاری ڕامان و وردبوونەوەی فەیلەسوفان لەمەسەلەی ئەو مەرگەی کە هەمیشە بوونێکی بەهێزی هەیە و رووماڵی ژیانی مرۆڤ دەکات. ئەوەتا (سوقرات ٤٧٠ پ .ز ـ ٤٠٠ پ. ز) پێیوایە کە ئەگەر لە ژیاندا بوونمان نەمێنێت، ئەوا هەست بە هیچ شتێک ناکەین و ئاگاییمان لە حاڵەتی سفردا دەبێت، ئەو پێیوایە مەرگ ئەو خێر و بەرەکەتەیە کە رەنگە لە زۆر حاڵەتی دیکە کە بەسەر مرۆڤ دا دێت چێژدار تر بێت. چونکە هەموو جۆرە ئاگاییەک لە خودی خۆی و دەوروبەرەکەی کۆتایی پێ دێنێت، ئەمەش ئەزموونێکە کە زۆر لە ئەزموونەکانی دیکەی مرۆڤ باشتر و چێژ بەخشترە (مبروكة ضو، ٢٠١٨،٨). سوقرات ئەو حاڵەتە باش و چێژدارە لەوە دەبینێتەوە کە پێویستە مرۆڤ بۆ بەرە نگاربوونەوەی مەرگ خۆی لە کاری خراپە بپارێزێت و لێی دوور بکە وێتەوە، نەک لەبەری ڕا بکات و هەڵبێت، چونکە بەڕای ئەو مردن باشترە لە ژیان، بێگومان ئەم ڕایەشی دژی ڕاو بۆچوونە باوەکەی سە ردەمی خۆی بوو، کە وای دەبینی مەرگ ترسناک و وەحشیگەراییە و دوا شتە کە بەرۆکی مرۆڤ دەگرێت و لە کردەیەکی تراژیدیدا لەناوی دەبات. لەم چوارچێوەیەدا (ئەفلاتون) ڕای وایە کە ((مەرگ جودابوونە وەی ڕۆحە لە جەستە، بەمەش وا وێنای دەکات وەکو ئەوەی زیندانی

بێت و لەتواناشیدا بێت هەڵبێت و خوایەتی خۆی بەدەست بهێنێتەوە کە ئەویش نەمرییە)) (جاک شورن، ١٩٧٨: ٦٤)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رۆح بەهیچ شێوەیەک نامرێت، ئەوەی تامی مەرگ دەچێژێت ئەوە جەستەیە. رۆح هەمیشە بەنەمری دەمێنێتەوە. واتە لێرەدا مرۆڤ بە شێکی نەمرەو بەشەکەی دیکەی دووچاری لەناوچوون و مردن دەبێتە وە. بەهەمان شێوە (ئەرستۆ)ش پێیوایە مردن تەنیا بۆ جەستەیەو رۆح نەمر و زیندووە. ئەو پێیوایە کە رۆح لە جەستەیەک بۆ جەستەیەکی دیکە دەگوزارێتەوە، بەمەش کەسایەتی بە ئاگا دێتەکایەوە. بەو واتایەی کە رۆح بناغەو بنەمای ژیانە و لەوێوە زیندوویەتی بە جەستە دەبە خشرێت، بەمەش ئەرستۆ لە پرنسیپی نەمری رۆح و دەروون، کە ئە فلاتون خستبوویە ڕوو، بۆ پرنسیپی عەقڵ دەگوازێتەوە کە ئازاد دە کرێ، چونکە بەشێکی خوداییە لە مرۆڤدا و دووبارە لەکردەی مەرگدا هەڵدەمژرێتەوەو دەگەڕێنرێتەوە بۆ نیشتمانی ڕەسەنی خۆی (حياة هروال، ٢٠٠٩ : ٢٣).

لەلایەن خۆیەوە (هیگل) پێی وایە مەرگ ئاشتبوونەوەی رۆحە لەگەڵ زاتی خۆی، ئەو بەشێوەیەک تەماشای نەمری دەکات کە گەواهیدەری تەناهی و تاکانییەتی رۆحە، بۆیە ڕای وایە کە تەنیا لوتکەیەک کە ناتوانرێت تێپەرێنرێت، مەرگە و دەبێ هەموومان لەبەرانبەر ئەو لوتکە یەدا چۆک دابدەین (مبروكة ضو، ٢٠١٨،٩).

ئەوەی دەیبینین و تێبینی دەکەین مەسەلەی مەرگ زیاتر بووەتە جێگەی باس و خواسەکانی مرۆڤ هەر لە کۆنەوە تا وەکو ئێستا، بۆیە

ئەو مەسەلەیە لە کۆنی کۆنەوە پێکهێنەری گەلێک بیروڕا و ئایین و داب و نەریت بووە، لەهەمانکاتیشدا ئەگەر سەیری ئەفسانەی کۆن بکەین، مە رگ پێکهێنەری بەشێکی زۆر لە رووداوەکانی بووە، بۆنموونە ئەفسانەی گلگامش لەسەر مەرگ و نەمری بوون رووداوەکانی پێکهێنراوە، ((کاتێک لە قۆناغی سەرەتایی مێژوودا، مرۆڤ حەتمییەتی مەرگی بۆ سەلما، هە ولێدا بەدوای نەمریدا بگەڕێت، بینینە واقیعییەکەی تێکەڵی خەیاڵ و ئە فسانە بوو، بۆیە گلگامش دوای مردنی ئەنکیدۆی هاوڕێی لە حەژمەتان وەکو شتێک بە بیابان دا کەوت)) (کفایت الله همداني، ٢٠١٥ : ٣٠١). لەو گەشتە دوور و درێژەیدا بۆ بەدەستهێنانی گیای نەمری، مەبەستی بوو بەهیچ شێوەیەک مەرگ زەفەری پێ نەبات، بەڵام لەدواجاردا کە هەرچە ندە گیای نەمری بەدەست هێنا، بەڵام لەکاتی پشوودان و نووستنەوە مارێک گیایەکەی لێ دەبات و ئیدی بەرانبەر سروشتی مەرگ دەدۆڕێت. ئەو دۆرانە حەتمییەتی مەرگی سەلماند، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە مەرگ هەموو کەسێک بۆ خۆی راکێش دەکات و کەس ناتوانێت لێی هە ڵبێت. هەروەکو بڕبڕەی پشتی گشت ئایینەکانیش جەخت لەسەر ئەو مە سەلەیە دەکەنەوە، ئەوەتا لە قورئاندا ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو دە روونێک مەرگ دەچێژێت. ئەو گرنگییەی مەرگ لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە مرۆڤ لە هەر پلە و پایەو پۆستێک بێت، لێی رزگار نابێت، بەواتایە کی دیکە مەرگ دادپەروەرییەکی بێ وێنەی هەیە و رەنگە تاکە شتێک بێت لە سروشت کە وەها دادپەروەر بێت، میوانی کەسانی وا دەبێت کە ئەو کەسە تا لە ژیاندا بووە لەو بڕوایەدا بووە کە دنیا بێ ئەو نابێت و

بەڕێوەناچێت، کەچی لەناکاو مەرگ ڕاپێچی دەکات و تا هەتا ناوی دە سڕێتەوە. ئەو دادگەرییەی مەرگ لە بەرانبەر مرۆڤ لە هەر پلە و پایە و چین و توێژێک بێت، وای کردووە مرۆڤ لەبەرانبەردا بەگلەیی نەبێت و ئەگەر گەدایەک بێت، یان پاشایەک بێت، بە ئاسانی بڕوا بەوە بکات کە مەرگ ڕۆژێک دێت لەگەڵ خۆی دەیبات و بەیەکجاری لە دنیای دادە بڕی.

بەدەوری خۆیەوە ئەدەب یەکێکە لە بوارە هەرە کاریگەرەکان بە مە رگەوە، چونکە نووسەرو شاعیران هەمیشە وەکو هزر و ڕوانین و میتۆدێک لە مەرگیان ڕوانیوە و هەوڵیان داوە لەڕێگەی ئەدەبەوە بە شێوەیەک باس لەمەرگ بکەن کە کاروکردەوەکانی لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگە ڕوونتر بکەنەوەو مرۆڤ لەڕوانگەیەکی هزری و ڕۆشنبیرییە وە مامەڵەی لەتەکدا بکات، دیارە شاعیران ئەو توێژەن کە هەمیشە بە هۆی هەست ناسکی و ڕوانین لەمەسەلەکانی کەون و مرۆڤایەتییەوە، ڕوونتر و نزیکتر لەگەڵ مەرگ مامەڵەیان کردووە و شیعریش وەکو ژانرێکی ئەدەبی ((لەهەموو هونەرەکانی دیکە پەیوەسترە بە مەرگ و مردنەوە، چونکە شیعر جەوهەری شتەکانمان پیشان دەدات، نەک ڕووکاری دەرەوەی شتەکان. زمانیش بەشێوەیەک پیشان دەدات کە دوورە لەو ڕووکارەی کە ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، چونکە دەچێتە ژێر باری ئەزموونی شاعیرەوە، شاعیریش زۆر هەستیارە لەگە ڵ مەسەلەی مردن و لەناوچوونەوە. بەڵام زۆریش بەڕامانە لەسەر مە سەلەی بوون و ژیانەوە. بەشێوەیەک لە لوتکەی چالاکی و زیندوویيە

وه دەچێتە ناوییەوە و چاودێری دەکات. ئەو بوونی ئێستا دەشکێنێت و بەرەو ئایندە هەنگاو دەنێت)) (ملاک سعید محمد، ٢٠١٦: ٣٠) . مەرگ بروایەکی یەقینە لە عەقڵی خودی شاعیر و ئەویش بەهەڵچوونەکانییەوە هەوڵدەدات لەو بڕوا یەقینییە رزگاری بێت. چونکە شیعر سەرەڕای ئە وەی کە هزر و رۆشنبیری و شارستانی لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانییدا یە، لەگەڵیشیدا هەڵچوونە دەروونیی و ناوخۆییەکانی شاعیر بەشێکی سەرەکی لەو پێکهێنەرانە داگیر دەکات و ئاراستەی دەکات. ئەمەش وای لێدەکات بە دوای ئەلتەرناتیفێک بۆ مەرگ بگەڕێت و لە دەقەکانیدا جێگە ی بکاتەوە، ئەمەش دەرگای کێشەیەکی دیکە بەڕووی خەیاڵ و ئەندێشە کانی دەکاتەوە.

دیارە یەکێک لەو بابەتە هەرە گرینگانەی کە لە ئەدەبی کوردیدا لای لێ کراوەتەوەو بووەتە جێگەی باس و گفتوگۆی لەبارەیەوە کراوە، مە رگە، لەوەشدا شیعر بە گوێرەی کاریگەری گەورەی لە ئەدەبی کوردیدا بەشێکی گرینگ و گەورەی ئەو باس و خواسانەی بەرکەوتووە و شاعیران هەمیشە لەهەوڵی ناسین و هەڵهێنانی مەتەڵی مەرگ بوونە و پەیوەست بوونی بە ژیان و بوونی مرۆڤیان کردۆتە بنچینە و بناغەی دەقەکانیان. (عوسمان هورمزیار) لە دەقی (ژنێکی بێ ناونیشان)دا مە رگ دەکاتە سەنتەری بوونی دەقەکەی و لەوێوە هەوڵدەدات دووبارە پێناسەی بکاتەوەو بیروڕاکانی لەبارەی ئەو مەسەلەیە بخاتەڕوو. ئەگەر لە ناونیشانی دەقەکە ورد بینەوە، تێبینی ئەوە دەکەین باس لە کەسێک دەکات کە ئافرەتێکە، بەڵام هیچ زانیارییەکی لەبارەی ناخاتەڕوو، بەڵکو

به پێچەوانەوە مۆری تەمومژی و نادیاری زیاتر بۆ ئەو ژنە دیار دە کات کاتێک دەستەواژەی (بێ ناونیشان) وەکو وەسفێک بۆ ئافرەتەکە بەکاردێنێت. لێرەشدا خوێنەر دەرگاکانی ناسین و چوونە نێو بابەتی سەرەکی دەقەکەی لەسەر دادەخرێت و دەبێت هەوڵی ئەوە بدات وێنای کەسێک بکات بەبێ ئەوەی هیچ سیما و سیفەت و خەسڵەتێکی دیاریکراوی لەبەرچاو بگرێت. ئەم ناونیشانە تەماوییە جۆرێک لە بوونێکی تەمومژاوی بە کەسایەتی سەرەکی دەقەکە کە ژنەکەیە دەبە خشێت و لەگەڵ یەکەم بینینی ئەو جۆرە ناونیشانە، خوێنەر کۆمەڵێک پرسیاری جیاوازی بەمێشکی دا دێت و هەوڵی وەڵامدانەوە و دە ستخستنی زانیاری لەبارەیانەوە دەدات. لە هەمانکاتیشدا ناونیشانی دە قەکە هیچ جۆرە رووناکییەک بۆ دەقەکە دروست ناکات، هەر وەکو لە ژێر رۆشنایی ئەو وتەیەی کە ناونیشان بلاجکتۆری دەقە سەرچاوەی گرتووە. بە پێچەوانەوە گەلێک جار ناونیشان تاریکاییەک بۆ دەق دروست دەکات و نیشانەی سەرسوڕمان لە مێشکی خوێنەر و وەرگر دادەنێت. ئەم جۆرە ناونیشانە رەنگدانەوەی ناواخنی خودی دەقەکەیە، چونکە دەقەکە مەرگ لە خۆی دەگرێت، بە واتایەکی دیکە مەرگ سەنتە ری پێکهێنانی رەگەزەکانی ناوەوەی دەقەکە لە خۆ دەگرێت. ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە جۆرێک لە تەمومژ و رەشایەتییەک لە ناونیشانی دەقەکە هەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ رەوتی رووداوەکانی ناو دە قەکە رێکبکەوێتەوە. دیارە مەرگ واتە داخرانی شتێک کە پێشتر بوونی هەبووە، ئەو بوونە کراوە بووەو بە مەرگ دادەخرێتەوە، لێرەشدا

چونکە بابەتی سەرەکی ئەو دەقە مەرگە، بۆیە داخرانێک لەناو خودی ڕووداوەکانی دەقەکە هەیە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر ناونیشانی دەقەکە دروست کردووە، بەشێوەیەک ناونیشانی دەق، دە توانین بڵێین ناونیشانێکی داخراوە، گوزارشت لە بوونێک دەکات کە بێگومان پێشتر بە بوونێکی کراوەدا تێپەڕیوەو ئێستا بووە بە بوونێکی داخراو و بەرەو کۆتایی دەچێت. بۆیە ناونیشانێکی لەو جۆرە سنوورێک بە بیر خوێنەر دەهێنێتەوە، سنووری مەرگ کە هەمیشە ئەو سنوورە کۆتایی دەگەیەنێت و بەرەو ئاوابوون دەڕوات. بۆیە ناونیشانی دەق لێرەدا ناونیشانێکە لە یەک کات بوون و ژیان لەخۆیدا کۆ دەکاتە وە، بەڵام ناونیشانەکە لە سات و کاتی کۆتایی دا گیرساوەتەوەو لە وێوە خۆی نیشانی خوێنەر داوە.

دەستپێکی دەق زۆر گرینگە، چونکە لەوێوە شاعیر سەرجەم بینین و ڕوانین و ڕامانەکانی خۆی لە چوارچێوەی وشەو ڕستەدا دادەڕێژێت. لەو سەرەتایەدا تەواوی بیروڕاو بۆچوونەکانی شاعیر لەمەڕ بابەتی سەرەکی دەقەکەی ڕوون دەبێتەوە. دەستپێک گرینگی لەوەدایە کە پێویستە شاعیر بەشێک لە زانیارییەکانی ڕووداو بخاتەڕوو، ئەو زانیارییانە دواتر فراوانتر دەبنەوە، چونکە ((هەر شتێک کە دواتر لە دە قدا ڕوو دەدات پێشتر لە دەستپێک گەرایەکی هەبووە، یاخود هێلکەیەکە دەپیتێ و دەبێ بە کۆرپەلە و دواجاریش دەبێت بە قەوارە، یان جەستە یەکی سەربەخۆ و عاقڵ ئەگەر ئەو کۆرپەلە دەسپێکە جوان هاتبێ و جوانیش گەشە بکات ئەوا جەستەی دەق بەگشتی و بە جوانی پێدەگات

واتا هەر شتێ لە دەقدا روو دەدات ناوکێکی لە دەسپێکدا هەیە)) (ئارام سدیق، ٢٠١٢: ٢٥). ئەگەر لەدەستپێکی ئەو دەقەی شاعیر وردبینەوە کە بەمشێوەیە هاتووە:

بەیانییەک، بەر لە کازیوە
هێشتا، نووکی شمشێری ڕووناکی
نەگەیشتۆتە هەناوی تاریکی،
هێشتا، ئەستێرەکان خواحافیزییان لەشەو نەکردووە،
هێشتا، درەختەکان لەخەو هەڵنەستاون،
هێشتا، گوڵ بە شەونم دەستنوێژی هەڵنەگرتووە،
هێشتا، چۆلەکەکان بە جریوە بەیەکیان نەگوتووە بەیانی باش،
جیرەجیرِی دەرگا دێ و لەپڕ مەرگ
وەک میوانێکی نامۆ بێ سڵاوکردن دێتە ژووری

لەو دەستپێکەدا کات و شوێن زۆر زاڵن بەسەر رووداوەکانەوە و شاعیر لەرێگەی کات و شوێنەوە دەرگای باسی بابەتەکەی کردۆتەوە، لە ڕووی کاتەوە شاعیر بەیانی هەڵبژاردووە، دیارە کاتی بەیانیان کاتێکی تازەو نوێیە و لاپەڕەیەکی تازەیە لە ژیانی مرۆڤ، بەیانی واتە دووبارە گەشەسەندن و پێگەیشتن و ئامادەسازی بۆ کارکردن، واتە لە و کاتەدا مرۆڤ پڕ وزەیە و چالاکی و جووڵەیەکی زۆری هەیە، بێگومان هەر لەو کاتەشدا لایەنی دەروونی مرۆڤ لە گەشانەوەیەکی

بریقەدار و سەقامگیرییەکی بێ وێنەدایە. سەرەڕای ئەمانەش هەمیشە بەیانی وەکو ئیدیۆمێک بۆ سەرهەڵدانی خۆری ئازادی و دادپەروەری و رزگاربوون لە ستەم و زۆرداری بەکار دێت. شاعیر لێزانانە ئەو سیفە ت و کردەوانەی بەیانی لە دەستپێکی دەق بەخوێنەران گەیاندووە:

بەیانییەک، بەر لە کازیوە
هێشتا، نووکی شمشێری ڕووناکی
نەگەیشتۆتە هەناوی تاریکی،
هێشتا، ئەستێرەکان خواحافیزییان لەشەو نەکردووە،

هەروەها سروشتیش هێشتا لەڕووی کاتەوە لە بەیانییەکی زوودایە و لەکۆتاییەکانی شەودایە، بەو واتایەی ئەو دەستپێکەی کە شاعیر لە ڕووی کاتەوە هەڵیبژاردووە، دەستپێکێکی کراوەیە، چونکە بەیانی کرانە وەیە بەڕووی ژیان و چوونە ناو قووڵاییەکانی ژیانە، لەبەرانبەریشدا بە یانی کۆتایی شەوە، بەو واتایەی شەو دەستپێکێکی داخراوەو لەگەڵ خۆیدا مات و کزی و داسەپاندن و گەڕانەوە بۆ کونی ژوورەکان دە هێنێت و مرۆڤ دەخاتە مردنێکی کاتییەوە کە نووستنە. کەچی لەڕووی شوێنەوە بە پێچەوانەوەی کاتەوە ژووری هەڵبژاردووە کە دیارە ئەمە ش دەستپێکی داخراوە، چونکە هەمیشە شوێن ڕووبەرێکی سنووورداری هەیە و ماڵ گەورەترە لەو، بۆیە ماڵ بە بەراورد بە ژوور، بە دە ستپێکێکی کراوەتر لە قەڵەم دەدرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هێشتا ئەو ژنە لەناو ژوورەکەیدا هیچ جووڵەیەکی نەکردووە، هەر چەندە کات

دەستپێکێکی کراوەیە، کە بەیانییە و سەرتۆپی ئەنجامدانی چالاکی و جووڵەیە، بەڵام ژوور لە چوار دیواردا هێشتا گشت ئەو وزەیەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی چالاکی و جووڵەکان لە قالب داوەو بەرتەسکی کردۆتەوە و هێناویەتەوە خاڵی سفر. ئیتر لە نێوان ئەو دوو دەستپێکەی شوێن و کاتدا مەرگ دێت و زۆر بە ئاسانیش بە دەرگادا دێت. کەواتە لێرەدا مەرگ سوودێکی زۆری لە دەستپێکی کاتی کراوەدا وەرگرتووەو لەبری مرۆڤ، چالاکی و جووڵەی ئەنجامداوە. لەهەمانکاتیشدا مەرگ بووەتە هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤ لە چالاکی و جووڵە بەدوور بخاتەوە و کۆتایی بە بوونێکی ئەو مرۆڤە بهێنێت کە بوونێکی کراوەی هەبووە. لێرەدا مەرگ بوونێکی داخراو بۆ مرۆڤەکە کە ئافرەتێکە هەڵدەبژێرێت، کە ئافرەتێک خۆی هیچ زانیاری و هەواڵێکی لەبارەی نەبووەو ئامادەی ئەو کارەش نەبووە:

جیڕەجیڕی دەرگا دێ و لەپڕ مەرگ

وەک میوانێکی نامۆ بێ سڵاوکردن دێتە ژووری

مەرگ زۆر لەناکاو و لەپڕ ئەو کارە ئەنجام دەدات و بڕیارەکەش خۆی داویەتی، بێ ئەوەی نێچیرەکەی ئاگادار بکاتەوە. واتە ئافرەتەکە نەک هەر هەواڵی هاتنی مەرگی نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی ئەو مەرگەش بە دەست خۆی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی تەواوی مەرگ لە دەست خودی خۆی دایە و بێ هیچ وادە و ژوانێک دێت، بۆیە شاعیر لەدەرگاوە دە یهێنێتە ژوورەوە وەکو کارێکی زۆر ئاسایی وێنای دەکات، چونکە هیچ

کەسێک نییە کات و ساتی مەرگی خۆی بزانێت، لەهەمانکاتیشدا هەموو کەسێک یەقینێکی تەواوی هەیە کە لە کات و ساتێکدا دەمرێت. بۆیە لە ناخی عەقڵی ناوەوەی خۆیدا مرۆڤ هەمیشە ئامادەی مەرگە و سات بە سات چاوەڕوانی دەکات. بۆیە هاتنی مەرگ لە دەرگاوە ئاماژەیە بۆ ئەو ناخەی مرۆڤ کە مەرگ بە شتێکی ئاسایی وەردەگرێت و چاوەڕوانییە تی.

شاعیر دەقەکەی بە ڕاگەیاندنی مەرگ دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی خوێنەریش دڵنیا بێت لە هەواڵی ئەو مردنەی کە گەیشتۆتە ژووری ژنە بێ ناونیشانەکە، شاعیر پەنای بۆ کۆمەڵێک ڕستە بردووە، کە ئەو ڕستانە دەلالەت لە کات دەکەن و جەخت لەسەر هاتنی مەرگ دەکەنەوە ، لەو سەرەتایەشەوە شاعیر دەست بە گێڕانەوەی کارەساتێک دەکات، کە ئەویش کارەساتی مەرگە، کە بێگومان مەرگ گەورەترین ڕووداوە لە ژیانی مرۆڤدا، ڕووداوێکی دڵتەزێنی یەکلاکەرەوەیە. ئەم کارەی شاعیر بۆ دروستکردنی زەمینەسازی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەرگرە تا بەهۆیەوە لێکەوتەکانی ئەو مەرگەی لەلای دەربکەون و هێواش کاریگەرییان لەسەری هەبێت، نەک کاریگەرییەکی قورسی ڕاستەوخۆ کە ڕەنگە خوێنەر ئامادەیی وەرگرتنی نەبێت. ئەو ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتییە جۆرێک دڵنیایی لای شاعیر دروست دەکات کە هەواڵی مە رگی ژنێک بە خوێنەران بدات، بێ ئەوەی زۆر لەخۆی بکات و کاریگە رییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگ و ڕووخساری بشێوێنن.

دەبێتە غەڵبەغەڵب،
تاتە شۆرێک لەحەوشەکەمان دادەنرێ،
دایکە نەخۆشەکەم وەک پەپولەیەکی پیر،
چاوەکانی دەبن بە هەور
فرمێسکەکانی دەبن بەباران
دەفتەرەکەم دادەخرێ و
لەدوا دێڕی چیرۆکەکەم مەرگ خاڵی کۆتایی دادەنێ

لەو دەستپێکەدا کە هەواڵی مەرگ رادەگەیەنرێت، پێویست بە جه ختکردنەوە هەیە، ئەو جەختکردنەوەیە لەو غەڵبە غەڵبەی نێو ماڵەکە بە دیار دەکەوێت کە هەموویان دووچاری شۆک دەکاتەوە، بێگومان غەڵبە غەڵب و کارو کردەوەیەکی نادروستی دەروونی و کۆمەڵایەتییەو مرۆڤ لە دۆخی بێ ئاگاییەوە بەکاری دەهێنێت. دیارە ئەو کارانە لەو ساتەدا دەگاتە لووتکە کە کردەوەکە کارەسات بێت و ناخۆشی لەدوای خۆی بهێنێت. مەرگ لەگەڵ خۆیدا رێورەسمێکی تایبەتیش دەهێنێت، لە وانەش شوشتن و کفنکردنی کەسی مردوو و شاردنەوەی لە گۆڕستان و پرسەدانان و....تاد. شاعیر لەو رێورەسمانەدا ئاماژە بە (تاتەشۆر) دە کات، کە ئاماژەیە بۆ شوشتنی مرۆڤەکە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا چە ندین دەلالەت هەڵدەگرێت، لەوانەش بەها و نرخی گەورەی مرۆڤ کە دەبێ بە پاکی ئەو دنیایە بەجێ بهێڵێت و بەرەو ژیانی دیکە بڕوات، لێرە شدا مرۆڤی خاوێن و دنیای پیس وەکو دوو کۆدی ناو دەقەکە دە

خوێندرێتەوە، دیارە دوانەی ( پاک و پیس) لە زۆر لایەنییەوە جێبەجێ دەبێت، لەوانەش لەسەر خودی مرۆڤەکە خۆی، چونکە مرۆڤیش پاک و پیس هەڵدەگرێت. گرینگ ئەوەیە مرۆڤ ئەگەر لەڕووی دەروونییەوە خاوێنیش نەبێت، لەدوای مەرگ دەبێت بشوورێت بۆ ئەوەی بە جەستە یەکی پاک و خاوێن بڕوات. لێرەشدا شاعیر لەرێگەی دەستەواژەی (ژنێکی بێ ناونیشان)دا پاکی و خاوێنی لەڕووی دەروونی و جەستەیی ئەو ژنە دیاری دەکات، چونکە بوونی ناونیشان، واتە بوونی ئایدۆلۆژیا و بیرۆکەیەکی دیاریکراو و سنووردار، کە ئەمەش رەنگە مرۆڤ بەرەو هەڵدێر و هەڵە ببات، بەڵام لێرەدا لە کۆتا دێردا خاوێنی ئەو کەسە روون کراوەتەوە :

بەدبەخترین عاشقی دونیا مرد
بەیانییەک، بەر لەکازیوە.

کەواتە کەسێکی خاوێن لە دنیادا دەڕوات و ئەو دنیایەش بەپێی دوانەیی ( پاک ـ پیس) رۆڵی پیسەکە دەگێڕێت. سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤێکی پاک، دنیایەکی پیس بەجێ دەهێڵێت، کە ئەمە خاڵێکی پۆزەتیفە ، کەچی کردەی بەجێهێشتنەکە کە مەرگە، ئەوەندە بە ئازار و بەسۆیە کەس حەزی پێ ناکات و مرۆڤەکان دەخاتە بارێکی دەروونی زۆر تایبە تەوە:

دایکە نەخۆشەکەم وەک پەپولەیەکی پیر،
چاوەکانی دەبن بە هەور
فرمێسکەکانی دەبن بەباران

دایک لەهەموو مرۆڤەکانی دیکە کاریگەری و کارتێکردنەکانی مەرگی لەسەر بەدیار دەکەوێت، چونکە ئەو کەسانەی کە دەمرن چ لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە کە رەنگە برا یان باوک و دایک و هاوسەری بن، یان ئەگەر منداڵەکانی خۆی بن، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زۆر تایبەتترەوە، هەر لەبەر ئەوە شاعیر بۆ دەرخستنی کەش و هەوای دەروونی و کۆمەڵایەتی ماڵەکە، لەگەڵ هاتنی ناوادەی مەرگەوە لەرێگەی دروستکردنی وێنەیەکی شیعری واقیعی کە وێنای دایک دەکات و هەڵسوکەوتەکانی پیشان دەدات. ئەو هەڵسوکەت و رەفتار و کاردانەوەی دایک بێگومان لەهەموو ئەندامانی دیکەی ماڵەوە کاریگەرترە و شاعیر وەکو نمونەیەکی دیاریکراوی وەسفکردنی ئەتمۆسفیری ماڵەکە هەڵیبژاردووە.

دەفتەرەکەم دادەخرێ و
لەدوا دێڕی چیرۆکەکەم مەرگ خاڵی کۆتایی دادەنێ
ژیانی هەر مرۆڤێک، چیرۆکێکە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە ، وەلێ مرۆڤەکە ناوەڕاستەکەی بەدەست خۆیەتی و دەتوانێت بڕیاری لێوە بدات کە چۆن چۆنی دایدەڕێژێتەوەو بەسەری دەبات، کەچی سە

ڕەتاکەی کە هاتنە سەر دنیایە نەک هەر بەدەست خۆی نییە، بەڵکو ئاگاشی لێی نییە کە سەرەتای ژیانی دەستی پێکردووە، بەهەمان شێوە کۆتاییەکەشی لە دەستی خۆی دا نییەو هیچ زانیارییەکی پێشوەختەی لەبارەوە نازانێت، کات و ساتی هاتنیشی لا دیار نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی کۆتایی پێهێنانی ژیانەکەشی نییە و مەرگ ئەو کارەی بۆ دە کات، واتە خۆشی ناتوانێت کۆتایی بە بوون و ژیانی خۆی بهێنێت، مە رگ ئەو کارەی بۆ ئەنجام دەدات، تەنانەت لە حاڵەتی زۆر تایبەتیش کە مرۆڤەکە خۆی بڕیار دەدات و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت، ئەوا مەرگ هەڵدەبژێرێت وبەهانایەوە دەچێت، خۆ ئەگەر مەرگ بوونی نەبا، بڕیاری خۆکوشتنی مرۆڤ چ سوودێکی دەبوو؟!! شاعیر ئەو واقیعەی بەتەواوەتی و هۆشیارییەوە بەرجەستە کردووەو بە ئاشکرا ڕۆڵی مە رگی دیارکردووە لە کۆتایی هێنانی ژیانی دنیایەکەیەوە.

چیرۆکی من و تەنیایی
چیرۆکی من و عەشقێکی یەکسەرە
دەچمە خەوی ئەبەدییەوە و دەرفەت نابێ
بەدونیا بڵێم گیرفانەکانی تۆ بۆ من پڕ خەم بوون
شیعرەکانم دەڵێی ئەو بێوەژنەیە
باش دەزانێ جلە ڕەشەکانی مێردەکەی بۆ ناهێنێتەوە
شیعرەکانم وەک پووشوپەڵاشی ناو جۆگای لێدێ
کە پێراناگەن ماڵئاوایی لە هاوڕێکانیان بکەن

مەرگ کۆتایی بەهەموو گێڕانەوەکانی مرۆڤ دەهێنێت و لەهەمانکاتیشدا سەرەتای دەستپێکردنی گێڕانەوەیەکی دیکەی مرۆڤ دەبێت، بەڵام لەدنیادا ئەو گێڕانەوەیە ناڕوون و نزیک لە خەیاڵ دەمێنێتەوە و نابیستریێت. ئەو گێڕانەوەیەی کە روون و دیار و بیستراوە و گێڕانەوەی ژیانی دنیای مرۆڤەکانە. ئەو دنیایەی بوونێکی ماددی بەر هەستی هەیە و تێیدا گێڕانەوەی مرۆڤ لەگەڵ باقی مرۆڤەکانی دیکە تێکەڵ دەبێت و مێژووی مرۆڤایەتی دروست دەکات. ئەو گێڕانەوەیەی کە شاعیر خوازیارە لەم دەقەدا بە ئێمەی بێژێت، چیرۆکی عەشقێکی یەکسەرەو تژی لە تەنیاییە. ئەو چیرۆکە عەشقێکە تەنیا خودی مرۆڤەکە خۆی زانیویەتی و ئەوی دیکە هیچ جۆرە زانیارییەکی لە بارەی نەبووەو لێی بێ ئاگا بووە.

چیرۆکی من و تەنیایی
چیرۆکی من و عەشقێکی یەکسەرە
دەچمە خەوی ئەبەدییەوە و دەرفەت نابێ
بەدونیا بڵێم گیرفانەکانی تۆ بۆ من پڕ خەم بوون

ئەو چیرۆکەی کە گێڕانەوەی شاعیر پێکدەهێنێت هێشتا لە قۆناغی مەنەلۆگی ناوەخۆیی دایە و تەنیا خودی خۆی گوێ بیستی دەبێت، هیچ مرۆڤێکی دیکە بەشداری لە زانینی ئەو عیشقە ناکات و خۆی نهێنی و رازەکانی دەزانێت، لەخۆی بترازێت کەسی دیکە نییە گرانایی ئەو نهێنییە هەڵگرێت، هەر بۆیە تەنیایی دەبێتە پیشەی، چونکە هە

ڵگرتنی نهێنیی بەتایبەتیش کە پەیوەست بێت بە سۆز و ئەوینەوە ئەوە ندە گەورەیە توانای کەسەکان دەکوژێت و لە زۆر شت سنووردارییان دەکات، لەوانەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەجارێک بەرتەسک دەکاتەوە کە کەسی هەڵگر توانا و ئارەزووی ئەوەی نییە ئەو پەیوە ندییانە بەردەوامی پێ بدات و زیاتر حەز بەوە دەکات بە تەنیا بێت، ئە و تەنیاییە لە روانگەی دەروونییەوە بەڕاست دەگەڕێت و لێکەوتەو کاریگەرییەکانی زیاتر دەبن و رەنگە خۆشی هەستی تەواوی پێ بکات، بەڵام لەروانگەی کۆمەڵایەتییەوە ئەو هەست دەکات لەگەڵ مرۆڤێکی دیکەدا مامەڵە دەکات، ئەو مرۆڤەی لە ناخی دایە کە نهێنییە کانی بۆ هەڵگرتووە، بۆیە ئەو حاڵەتە بەهەمان شێوەی لایەنی دە روونیشی نێگەتیفە، بەڵام ئەو بەلایەنی پوزەتیفی خۆی دەزانێت و ناتوانێت لێی جیا بێتەوە. بۆیە تەنیایی و عیشقەکەی دواجار دەکەوێتە وە سەر واقیع و لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە لە دەستبەتاڵی و مەرگبوون هیچی دیکەی لێ سەوز نابێت و خەم و تەمێکی زۆر لە سەر دڵ و دەروونی بەجێ دەهێڵێت.

شیعرەکانم دەڵێی ئەو بێوەژنەیە
باش دەزانێ جلە ڕەشەکانی مێردەکەی بۆ ناهێنێتەوە
شیعرەکانم وەک پووشوپەڵاشی ناو جۆگای لێدێ
کە پێراناگەن ماڵئاوایی لە هاوڕێکانیان بکەن

باشترین حاڵەت بۆ رزگاربوون لەو دۆخە پەنا بردنە بۆ شیعرە کانی، ئەو شیعرانەی دەرچەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی گەورەی بۆ دەخەنە سەرپشت بۆ ئەوەی ئەو نهێنیە گەورەیەی کە سەرشانی قورس کردووە بۆ لایەنی بەرانبەر بگوازێتەوەو بۆ یەکەم جار لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسانێک لەرێگای خوێندنەوە وەرگری ئەو نهێنییە بن و بەشداری لە خەم و خەفەتەکانی بکەن. بەمەش کۆتایی بە تەنیاییەکە ی دێت، بەڵام رزگاریشی نابێت، چونکە مەرگ بواری ئەوەی پێ نادا دووبارە خۆی کۆبکاتەوەو لە ژیاندا وەرچەرخێتەوە و سەر لەنوێ هە ناسەیەکی دیکەی ژیان بدات، چونکە مەرگێک لەناکاو لەبەیانییەکی زوودا خۆی بەژووردا دەکات و تەنانەت بواری ئەوەش نادات ماڵئاوایی لە هاوڕێکانی بکات. بەمەش شیعرەکانی لە گەیاندنی پەیامەکەی دەکە ون و توانای ئەوەیان نامێنێت روئیا و بۆچوونی شاعیر بە خوێنەرانی بگەیەنن، شیعرەکانی دەبن بە پووش و پەڵاشی ناو جۆگاکان، کە هیچ توانایەکی خۆ جووڵاندنیان نییە و چڵکاوی جۆگاکان، بە ئارەزووی خۆیان ئاراستەیان دەکەن و رێڕەویی جووڵەکانیان بۆ دیاری دەکەن. شیعرەکانی وەکو ئەو بێوەژنەی لێ دێت، کە بە پۆشینی جلی رەش، مێردەکەی بۆ ناگەڕێتەوە، درکاندنی نهێنییەکانیش لە رێگای شیعرەوە دواجار ئەو ژنە بێ ناونیشانەی بۆ ناگەڕێنێتەوە کە بەیانییەکی زوو بێ ئەوەی بەو عیشقە تاک لایەنە بزانێت، مەرگ راپێچی دنیای دیکەی دە کات. بەمەش شیعر کە شاعیر پەنای بۆ بردووە لە ئاست مەرگ چۆک دادەدات و توانای بەرەنگاربوونەی دێوەزمەی مەرگی نامێنێت، بەواتای

ئەوەی شیعریش ئەو بەرگرییەی کە شاعیر چاوەڕوانی لێ دەکرد لە دژی مەرگ بیکات، ناتوانێت ئەنجامی بدات و لەدواجاردا شیعریش خۆی بەدەستەوە دەدات و تەنیا دەتوانێت هەواڵی مەرگە لەناکاوەکە بگوازێتەوە. بەو واتایەی هەواڵی مەرگ لەناو دەقەکە لەسەر نهێنی عیشقەکە زاڵتر و فراوانترە و سەرجەم لاشەی دەقەکەی تەنیوەتەوە.

وەک چۆن،

ئەگەر ڕووبار بمرێ، بە ئاوا لافیتەی بۆ دەنووسرێ

ئەگەر با بمرێ، بەگفە گف لافیتەی بۆ دەنووسرێ

ئەگەر مانگ بمرێ، بە تریفە لافیتەی بۆ دەنووسرێ

ئەگەر خۆر بمرێ، بە تیشک لافیتەی بۆ دەنووسرێ

شاعیر دەزانێت دەقی شیعر ئەرکی راگەیاندنی مەرگی هیچ کەسێک نییە، جا ئەو کەسە، زۆر نزیک و ئازیزیش بێت، بۆیە لە ئەنجامی رێگریکردنی مەرگ لە دەربڕینی هەستەکانی ناوەوە و گوزارشت کردن لەو عیشقە بێ کۆتاییە، بە ناچاری دەق دەکەوێتە ژێر کاریگەری راگە یاندنی مەرگ، لەمەشدا وێنەیەکی واقیعی ناو کۆمەڵگەکەی دەکاتە وێنە ی شیعرەکانییەوە کە ئەویش نووسینی لافیتەی ئاگادارکردنەوەی خە ڵکییە لە مردنی کەسێک. دیارە لەمەشدا دەقەکەی هەمان رۆڵی ئەو لافیتەیە دەگێڕێت کە راگەیاندنی مردنی ئەو ژنە بێ ناونیشانەیە و ئاگادارکردنەوەی خوێنەر و وەرگرانییەتی. بۆ پاساوهێنانەوە بە سروشتی زانینی ئەو کارەشی ناچار پەنای بۆ سروشت بردووەو کە

رستەکانی سروشتی بەکارهێناوە بۆ شەرعییەتدان بە کارەکەی. ئەوەتا ئەگەر رووبار بمرێ دیارە ئاوەکەی چک دەکات و نامێنێت، ئەمەش وەکو راگەیاندنی ئەو لافیتە رەشەیە کە هەناسە وەستان و لە ژیان کەوتنی مرۆڤێک رادەگەیەنێت. هەروەها ئەگەر گڤەگڤە نەمێنێت و بارودۆخی سروشت لە ئاستێکی سەقامگیردا بێت، کەواتە با نییە و مردووەو کۆتایی هاتووە، بەهەمان شێوە مانگ و خۆریش گەر مردن بە نەمانی تریفە و تیشکەوە هەواڵی مردنەکەیان بڵاودەکرێتەوە. کەواتە ئاساییە شیعریش بکرێتە ئەو لافیتە رەشەیەی کە هەواڵی مەرگی عیشقێکی تاکلایەنەی پڕ لە هەست و سۆز رابگەیەنێت. شاعیر دڵی بە سروشتیش ئاو ناخواتەوە، بەڵکو پەنا بۆ رەمزێکی رۆشنبیری و مەعریفی شاری هەولێر دەبات کە ئەویش (تەلعەت سامان)ەو نەمرییەکی پێ دەبەخشێ:

ئەگەر تەلعەت سامان بمرێ بە قاسپە قاسپی،
کەوەکانی قەرەچوغ لافیتەی بۆ دەنووسرێ

کارە درامییە هەرە مەزنەکەی تەلعەت سامانی دەرهێنەر (کەوەکانی قەرەچوغ)ە کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ڕەوتی مێژووی درامای کوردی هەبوو. بۆیە بەلای شاعیرەوە ئەو درامایە راگەیاندنی مەرگی ئەو دەرهێنەرەیە، ئەویش لەو باوەڕەی کە داهێنەر لە لوتکەی کاری داهێنانەوە واز دەهێنێت و مێژووی سەروەرییەکانی لەگەڵ ئەو لوتکەی

داهێنانه رادەگرێت و واز دەهێنێت، دیارە ئەوەش مەرگی کارو کردەوە کانی خۆی دەبێت. شاعیر مەرگی راستەقینەی (تەلعەت سامان) بەمە رگێکی زۆر ئاسایی دەبینێت و مەرگی ناوازەی ئەو لەو درامایەدا دە بینێتەوەو دەیخاتە ناو دەقەکەیەوە.

بەیانییەک، بەر لە کازیوە
ژنێکی بێ ناونیشان
چاوەکانی پڕ دەکا لە کل،
بەمیکیاژ لێوی سوور سوور دەکا
لەسەر مینای پەنجەرەی ژوورەکەشی،
بە نەسیمی هەناسەی دەنووسێ
بەدبەخترین عاشقی دونیا مرد
بەیانییەک، بەر لەکازیوە.

لە کۆتایی دەقەکەیدا شاعیر دەگەڕێتەوە ئەو بەیانییەی کە تێیدا مە رگ چەپۆکی لەو عیشقە و لەو ژنە بێ ناونیشانە گیر کرد و کۆتایی بە گێڕانەوەکەی هێنا، ئەو مەرگەی کە کەس چاوەڕوانی نەبووە لەو رۆژە دا ئەو کارەساتە بخولقێنێت و روویان لێ بکات، تەنانەت ژیان لە ریتمێکی زۆر ئاساییانەی خۆی بووەو ئەو ژنە لە بارودۆخێکی زۆر سەقامگیری خۆی ژیاوە و هەر لەو بەیانییەدا وەکو هەموو بەیانییە کانی دیکەی ژیان چاوەکانی لە کل داوەو لێوی میکاژ کردووە، بەهیچ

شێوەیەک پێشبینی ئەوەی نەکردووە مەرگ لەناکاو هێرشی خۆی بکات و راپێچی دنیایەکی دیکەی نەناسراوی بکات، شاعیر دەیەوێت ئەوە بڵێت کە هەمیشە مرۆڤەکان دەزانن دەمرن، بەڵام هەرگیز وادەی دیاریکراوی مردنی خۆیان نازانن، بۆیە ئەو بەیانییە کە عاشقێکی دنیا مرد، رۆژێکی ئاسایی بوو، هێشتا کازیوە نەهاتبوو، ئەو ژنە لەو پەڕی بزووتی و کارو چالاکی خۆی دابوو، بەڵام مەرگ کۆتایی بە گێڕانەوە کانی هێنا.

لەراستیدا ئەو دەقە لەسەر بنچینە و بناغەی مەرگ داڕێژراوە، واتا مەرگ دێر بەدێری ئەو شیعرەی هۆنیوەتەوەو ئەگەر مەرگ بوونی نە با، هەرگیز دەقێکی وا لە دایک نەدەبوو، بوونی مەرگێکی لەناکاو، واتە بوونی دەقێکی لەمجۆرەی پڕ لەخەم، لە نا دڵنیایی، کە شاعیری ناچاری ئەوە کردووە بەو پەلە پروزەیە گشت نهێنییەکان بدرکێنێت و دواجار ئەو ژنەمان پێ بناسێنێت کە هیچ ناونیشانێکی نەبووە.

**سەرچاوە:**


١. عوسمان هورمزیار، ژنێک لێناگەڕێ پیر بم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠١٩.

٢. مبروكة ضو ، سماح بوصبيح ابراهيم، الموت في الشعر علي عناد، رسالة ماجستير، جامعة الشهيد حمة لخضر الوادي، الجزائر ٢٠١٨.

٣. جاک شورن، الموت في الفكر الغربي، ت: كامل يوسف حسن، دار المعرفة- الكويت ١٩٧٨.

٤. حياة هروال، دلائلية الموت في الخطاب الشعر الجزائري المعاصر، رسالة ماجستر، جامعة منتوري - قسنطينة، الجزائر ٢٠٠٩.

٥. ملاک سعيد محمد شعبلو، رؤية الموت في شعر محمد القيسى، رسالة ماجستر، جامعة الشرق الاوسط، الجزائر ٢٠١٦،

٦. كفايةت اللة همدانى،فكرة الموت في الشعر العربي، مجلة (جهات الاسلام) ، مجلد ٩، العدد ١، يوليو - ديسمبر ٢٠١٥.

٧. ليلي عبدالحميد الهنداوي،٢٠٠٩ معادلة الحياة و الموت موضوعا شعريا، مجلة درسات التربوية، العدد الثامن، تشرين الآول ٢٠٠٩.

٨. ئارام سدیق، دەسپێک لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی یاد سلێمانی ٢٠١٢.

# مرۆڤ

مرۆڤ بوومایە
هەموو بەیانییەک زەویم گەسک دەدا
بەیەک دێڕ،
هەمووتان براو خوشکمن،
فەرموون، ئاشتی ئامادەیە
دڵ بە ئاقڵی لەسەر سفرە دانیشتووە،
تکایە فەرموون، با بەیەکەوە بژین.
نەرموونیانیم لەبەر دەکرد و
دەچوومە کن دارێکی سەدساڵی،
کە چەندان منداڵ و
هەڵسوکەوتی پڕ لە ئاکاری شیرینی بۆ بەجێ هێشتووین
وەکو گوڵێکی چواردەساڵی سەیرم دەکرد و
بن قاچیم ماچ دەکرد
رێزم لە سروشت دەگرت و
هەنارم بە شووتی نەدەفرۆشت
دەبوومە فەرمانبەر و

نەمدەهێشت، خەون لەسەر لێوی تەنیاییەکی،
قورس قورس خەوی لێ بکەوێت
گۆرانیم کڕ نەدەکرد و
بە پیاسە، لەسەر باڵێکی ئاسمان دەڕۆیشتم،
کاتێک تەنیا دەبووم، دەبوومە قاسە متمانە،
بۆ ئەو کەسانەی،
چوار قسەی گەچراوی خۆیانیان بۆ باس کردووم،
نەدەبوومە چڵکاو
چڵکاو شمەکی دەوروبەر پیس دەکا
نەدەبوومە دووکەڵ،
دووکەڵ قوڕگی مرۆڤەکان دەخوسێنێت.
نەدەبوومە دەمانچە،
پێمخۆشە برین بێ کڕیار بێت
دەبوومە بەفرگر،
بەفرگر شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی وەرزەکان
دەبوومە شەمەندەفەر
شەمەندەفەر مرۆڤی شارەکان دەکاتە زاوا و خەزوور،
مرۆڤ بوومایە،
بە گەورەیی، زۆر گەورە، دەمنووسی: سڵاو
سڵاو لە رووناکی و پشوو و شیرینی و
هەناسەی گەرم و شتی تریش.

کتێبێکی قەبەم بەکاردەهێنا
مرۆڤ .. مرۆڤ. مرۆڤ
نقورچەم لە خەمی هیچ کەسێک نەدەدا
تەنیاییم لە پێش ماڵی هیچ کەسێک نەدەڕژاند
ناوقەدی هیچ کەسێکم نەدەنووشتاندەوە و
دڵی هیچ کەسێکم نەدەدڕاند
خۆکوشتن و ئەویتر کوشتنم دەکردە مۆدیلێکی کۆن
هەر زۆر زۆر کۆن
بەدوو قسەی خۆش،
دڵەکانم دەکردنە کۆتر و
لەماڵی پەپوولەکانم دوور دەخستنەوە و
ماڵی خۆییم لە ڕۆخ قومە ئاوێکی قەنداویی
بۆ دروست دەکرد
مرۆڤ بوومایە، ئاخ من بۆ مرۆڤ نەبووم؟
بەردی کەترەم لەسەر ڕێگەکانی بژار دەکرد.
بەردەم دوکانەکانم بە هەقیقەت قەرەباڵخ دەکرد
کرێی پاس و تاکسییەکانم دەکردە نزای سێبووری
کاتژمێرەکانم وەکو جانتایەک پڕ لە ئارامی دەکرد
دڵنەواییم ڕادەخست و
دۆڵکەیەکی پڕ لە میهرەبانیم دادەنا.
لەگەڵ جامێک، لە ڕەنگی سپی

نەمدەهێشت چاکوچۆنی، هەر لە بەیانیدا کۆتایی بێت.
نەمدەهێشت پەنجەرە تووشی گوناهم بکات
نەمدەهێشت ئەقڵم لەدڵم جیا بێتەوە
نەمدەهێشت کتێب واقیع هەلا هەلا بکات
نەمدەهێشت هەق نابووت دەربکەوێت
نەمدەهێشت تەمەن پێوەر بێت بۆ مردن
مرۆڤ بوومایە،
بە کەرتە گوێزێکی گەنج ڕازی دەبووم و
ئەم هەموو خۆراکانەم بۆ سکە بەتاڵەکان دەنارد
دەستی قۆخەکانم دەگرت و بە یەک دەنکە ترێ
لەسەر دەستی خۆشبەختی
لە گوڵە گەنمەکانم مارە دەکردن
وامدەکرد حاکم و پۆلیسەکان
لە بێ ئیشیان هەر چای بخۆنەوە
نۆرەی نانەواخانەکانم نەدەهێشت و
فەرمانگەکانم دەهێنایەماڵەوە
ئاگری ڕەزاگرانم لە مەکسییە ناسکەکان دەشاردەوە
لەهەموو کەناڵەکان یەک فیلمم پەخش دەکرد
فیلمی بڕوابوون
لە چایخانەکاندا
کورسی بەتاڵم لە بەینی هاوڕێیەکان نەدەهێشت و

پڕم لە خۆشبەختی و ئەمان دەکرد.

ئارەزووم دەکرد مرۆڤ بوومایە و

تکایە بۆ چەند ڕۆژێک دەمەوێت ببمە مرۆڤ

مرۆڤی نیوە و مرۆڤی خوار نا

مرۆڤی چوارگۆشە و مرۆڤی بازنەیی و

مرۆڤی دوونەفەری نا

مرۆڤی پڕ، مرۆڤی پڕ لە مرۆڤ

مرۆڤێک، قاچێکی بەردەوام

لە حەوشەی بەرداخە بریندارەکاندا بێت

مرۆڤێک، بە پێکەنین غەمگین بێت و

بە غەمگینی دڵخۆشبێت

مرۆڤێک، گوێی بە دیوارەکاندا نەنووسێنێت

بۆ دزینی ئازادی

مرۆڤێک، هەوڵنەدات

هیچ دڵۆپە بارانێکی پێخواس

هیچ دڵۆپە بارانێکی خاوێن،

هیچ، هەر هیچ دڵۆپە بارانێک بکاتە سۆرانی

دڵۆپە بارانەکان،

کراس، چەرچەف، خۆشبەختی ئێمەن

دڵۆپە بارانەکان،

پەرژین، سێبەر، کامەرانی ئێمەن

مرۆڤ، مرۆڤم خۆشدەویت هێندەی دڵی راستەم.
دڵم چەپان نییە
مرۆڤم خۆشدەوێت، بەنهێنی گریان ناخەمە چاوییەوە
مرۆڤ لە چەقۆ و خانوو و گوڵ گەورەترە
مرۆڤ لە ئاسمان و قەبر و خواردن گەورەترە
مرۆڤ ژیانی لەنێو دڵیدایە، ڕێک لەنێو دڵی.
مرۆڤ بوومایە،
منداڵەکانم دەخستە پێش پیشەوەی ژیان و
پێم دەگوتن: ژیان گەورەترە لە مردن
پێکەنین باشترە لە گریان
بە ئارەزووی خۆتان ئاسوودەیی بەکاربهێنن
بە ئاسوودەیی بەختەوەری بخۆن
بە بەختەوەری تەمەنتان لەو شوێنانە دابنێن
کە پێتان خۆشە
بەدڵی خۆتان زۆر بە هێواشی
قیچ قیچ گەورە بن و
ژیان ململانێیە. خەم بۆ یەکتری هەڵمەگرن
ئازار ناکرێتە دیاری.
مرۆڤ بوومایە،
مرۆڤ بوومایە،
شەڕم نەدەکردە گەمەیەکی بەتام

شەڕم لە پەنایەکدا،

دەخستە ژێر چەنگێک لمەوەو دەمگوت:

وسبە

شەڕ، خانووەکان پڕ لە بۆشایی دەکات

شەڕ، منداڵەکان بێ منداڵی دەکات

شەڕ، ئوتومبێلەکان دەکاتە ماڵی کوشتن

شەڕ، نەخۆشی پەسیو و سکچوون و قۆڵۆن بڵاودەکاتەوە

شەڕ، شمەکەکان تووشی لۆچ دەکات و

ئاوێنە، ئاوێنەی قۆز، تەڵخ دەکات

لە کاتی شەڕدا، گڵۆپەکان تاریک تاریک دادێن

لە کاتی شەڕدا، ژنەکان سکیان بەتاڵ دەبێت و

هیچ قومە شەربەتێک....

هیچ قومە خۆشییەک....

شک نابەن بۆ خواردنەوە

بازاڕ شەلەل دەبێت و کەس بۆنی خۆش ناکڕێت..

مرۆڤ بوومایە،

ئۆییی مرۆڤ بۆ وا دەکات؟

بۆچی قۆرت،

قۆرتی زل زل لەسەر ڕێگەکاندا هەڵدەکەنێت؟

بۆچی ددان دەچەقێنێتە لەشی یەکتری و

خوێن لەگەڵ نان، لەگەڵ پشوو.

لەگەڵ نیوەڕۆکانیان، لەگەڵ ئێوارەکانیاندا دەخۆنەوە؟
خوێن. خوێن. خوێن، باغەڵم پڕ بووە
پڕ پڕ لە خوێن بووە،
لە خوێن دەترسم
لایبەرە، لایبەرە، وشەی خوێن لەم شیعرەدا لابەرە و
لەبەرچی مانگ نیوەڕووتە و خۆر تاڵە؟
لەبەرچی زەوی بنەوەی خۆشتر بێت لە سەرەوەی؟
لەبەرچی زەوی، بنەوەی ڕووناکتر بێت لە سەرەوەی؟
لەبەرچی زەوی، بنەوەی خاوێنتر بێت لە سەرەوەی؟
سەر زەوی پیس بووە
کەس دەست و دڵی بەیەکەوە ناشوات
باخچەکان قورگیان وشک بووە و
کەس نییە بە قومێک ئاوی پاکەوە
لێوی زەردییان لاشەی وشکبوویان،
ئاو بدات و لە مردن دووریان بخاتەوە،
مرۆڤ چییە؟
مرۆڤ پێک هاتووە.
لە دەمار و پێست و موو و گۆرانی
مرۆڤ پێکهاتووە
لە ئاودەست و خواردنگە و زیاتر هەوا
مرۆڤ کە قاچی ڕاستەی دەشکێت

دەستی چەپەی ژان دەکات
کە گیرفانی کون دەبێت
سینگی ئێشێکی بەهێز دەیگرێت.
کە پرچی دەشوات
دەبێت لێنەگەڕێت ژێر نینۆکەکانی پێی پیس بێت
دەبێت لێنەگەڕێت خولەکەکانی چرووک بکات
چیبکەم، من چیبکەم فریشتەم و مرۆڤ نیم؟
چۆن دەکرێت دایک، کۆن بێت؟
من هاتمە زەوی و
دایکێکم بینی فڕێیان دابوو و گوتیان کۆن بووە
دایک ژیانێکی ترە
هەرگیز لە هیچ کەرستەیەک دروست ناکرێت
دایک رۆحە. بەدەست ناگیرێت
دەبێت بیخەیتە نێو دڵتەوە
تا مرۆڤبوونت دڵتەنگ نەبێت
کە دایک وەکو شتێکی کۆن فڕێ دەدرێت
نرخی ئاسن و پەڕۆ و
مەیموونی نێو خامخانەکان بەرز دەبێتەوە و
بەخێرایی، زۆر زۆر بەخێرایی،
نرخی، هەست، کۆتر، دڵی سپی، کامەرانی، دادەبەزێت
مرۆڤ بە کوژراوی

مرۆڤ وەکو دارێکی ڕەق
مرۆڤ سەراوژێر
لەسەر شەقامی کەشخە
لە بن بینای باڵابەرز، دەکەوێت و
گەلێک بەجوانی، شۆڕ دەبێتەوە و
چاوی، دەستی ڕاستی نابینێت
مرۆڤ بوومایە،
بە پڕمینی پەڕەسێلکەم نەدەگوت: دەرد
بە ساتمەیەکی بێئاگام نەدەگوت: سندان
بە مێروولەیەکی کەنار گەزۆم نەدەگوت: ژەهر
ناوم لە خواردنگە نەدەنا، ئاودەست
بە ئاودەستم نەدەگوت: متبەخ
دەستم پاک پاک دەکردەوە و
دەستگوشینێکی گەرموگوڕم لەگەڵ هەقیقەت دەکرد
توند توند سنگی خۆشەویستیم بە خۆمەوە دەنووساند
و ژیانم دەکردە زمانی پێکەنین و
مرۆڤ گەورەترە لەفریشتە
من دەمەوێت ببمە مرۆڤ
من فریشتەم و مرۆڤ گەورەیە
زۆر گەورەیە

# مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی
# لە دەقی: (مرۆڤ)ی تەیب قادردا

مرۆڤبوون کردەیەکی ئاڵۆزە و پەیوەستی بەهۆشیاری و مەعریفەیەکی فراوان هەیە، چونکە مرۆڤبوون کردەی ناسین و هەست پێکردنە بە ژیان، ئەو ژیانەی کە مرۆڤەکان دروستی دەکەن، بێگومان جیا دەبێت لەو ژیانەی کە گیانلەبەرەکانی دیکە تێیدا دەژین، ئەوان بێ ئاگا و بێ ئەوەی هەست بە ژیان بکەن، دەژین، بەڵام کاتێک مرۆڤ هۆشیاری و مەعریفەیەکی فراوانی پەیدا کرد، ئەوا ئەو کات بە ئاگاییەوە دەژیت، واتە هەست بە چرکەساتەکانی ژیان دەکات و بەناویدا تێدەپەڕێت. بۆیە مرۆڤبوون کردەیەکی ئاڵۆزە و ڕەنگە مرۆڤ بەچەند قۆناغێک بیگاتێ، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو پرسیارەیە، کە ئایا پێویستە مرۆڤ، مرۆڤ بێت؟ خودی ئەم پرسیارە دەمانباتە سەر واقیعێکی دیکە، ئەگەر مرۆڤ، مرۆڤ نەبێت، ئەی چییە؟ بێگومان خەڵکانێکی زۆر بەناوی مرۆڤەوە لە سەر گۆی زەوی دەژین، بەڵام دەکرێ وەکو هەموو گیانلەبەرێک لەو گیانلەبەرانەی کە لەسەر گۆی زەوی دەژین سەیریان بکەین، تا ئەو کاتەی کەسێک لە خانەی گیانلەبەری دەردەچێت و دەچێتە خانەی مرۆڤبوون، ئەمەش پەیوەستی بە کۆمەڵێک فاکتەر و خەسڵەت و تایبە

تمەندی دیاریکراو هەیە، بۆ ئەوەی کەسێک سەرەڕای گیانلەبەری، مرۆڤیش بێت. دەبێت سەرەتا خۆی بناسێت، ناسینی خود یەکەم هە نگاوی گەیشتن بە مرۆڤبوونە، چونکە ناسینی خود هەستەکان بە ئاگا دەهێنێتەوە و لەگەڵ ئەویشدا خانەی زانیاری بەکار دەکەوێت، بەمەش هۆشیاری و مەعریفە دروست دەبێت، کاتێک کەسێک خۆی ناسی، ئەو کات مرۆڤێک دێتە بوون، ئەو ساتانە کەسێک هەست دەکات مرۆڤە و بەشێک لە بەرپرسیارییەتی لەسەر شانیەتی و دەبێ لە ژیانیدا جێبەجێی بکات. کەواتە مرۆڤبوون کارێکی پڕ زەحمەتە، هەموو کەسێک ناتوانێت ببێت بە مرۆڤ. چونکە سەرەتا پێویستە ((خۆی بە خودی خۆی ئاشنا و پێناسە بکات و رەگ و ریشەی خۆی و تایبەتمەندییەکانی وەکو مرۆڤێک بناسێت و گرینگی و بایەخی لەو گەردوونەی کە تێیدا دەژیت بزانێت، چونکە مرۆڤ گرینگترین رەگەزە لە رەگەزەکانی شارستانی و ترسناکترینیشیانە. ئەو تەوەرێکە کە تەواوی جووڵانەوەی بوونەکان لە دەوریدا شەپۆل دەدەن و هەر مرۆڤیش راسپێردراوە زاڵ بێت بەسە ریاندا و بۆ ئامانجی گەورە و مەترسیدار ئاراستەیان بکات)) (العربی حمدوش، ٢٠١٢: ٤). بەمشێوەیە مرۆڤبوون بەشێکی گرینگی بزووتنەوە ی شارستانی پێکدەهێنێت و دەبێتە بنچینە و بناغەی دامەزراندنی ژیاری و کلتووری جیهان. کەواتە ئەگەر گۆی زەوی لە حاڵەتی مرۆڤبوون نەمێنێت، ئەوا شتێک نامێنێتەوە کە باس لە ژیار و شارستانی و کلتوور و رۆشنبیری بکەین، چونکە ئەو کاتە گۆی زەوی پڕ دەبێت لە گیانلەبەر، بەڵام خاڵی دەبێت لە بوونی مرۆڤ. ئەم

بارودۆخەش یەکجار مەترسیدارە لەسەر خودی ژیان و ئایندەی ژیانی مرۆڤایەتی. لێرەدا ئێمە بەرانبەر دوو دیاردەی گرینگ لە ژیان دە وستینەوە کە ئەوانیش بریتین لە مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی. دیارە کە کاتێک مرۆڤ وەکو کائینێک لە حاڵەتی گیانلەبەری هۆش و هەست و وشیارییەک دروست دەکات و خودی خۆی دەناسێت. ئەو کاتە دەچێتە حاڵەتی مرۆڤبوونەوە، بەمەش یەکەم هەنگاوی گەیشتن بە ژیاری و شارستانی دەست پێ دەکات.

بۆیە مرۆڤبوون وێستگەی یەکەمە کە لەرێگای خودناسینەوە دێتە بوون، ئەو مرۆڤبوونە لە کۆتاییدا بەشێوەیەک گەشە دەکات و دەچێتە قۆناغێکی دیکەی گەورەتر ئەویش مرۆڤایەتییە. بەواتا هەست کردنە بە مرۆڤەکانی دەوروبەری خۆت و گرینگیدانە بە ئەوی دیکە، ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە لە چوارچێوەی خود دێتە دەرەوەو مرۆڤەکانی دیکە دەناسێت. واتە لە حاڵەتی تایبەتی کە مرۆڤبوونە دەچێتە حاڵەتێکی گەورەتری گشتی کە مرۆڤایەتییە:

مرۆڤبوون ⟵ مرۆڤایەتی

بەمجۆرە مرۆڤبوون وێستگەیەکە لەچوارچێوەی خود قەتیس دە مێنێتەوەو لە ئەنجامی خودناسین و هەستکردن بە بوون و بە ئاگایی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و مەعریفە دێتەئاراوە، لە ئەنجامی گە شەسەندنی ئەو خودناسینە مرۆڤبوون دەچێتە کردەیەکی لەخۆی گە

وره‌تر و ده‌بێته مرۆڤایه‌تی . كه‌واته مرۆڤبوون هه‌نگاوی یه‌كه‌مه و تا ئه‌و كرده‌یه نه‌یه‌ته بوون، مرۆڤایه‌تی دروست نابێت. به‌و مانایه‌ی مرۆڤایه‌تی له‌هه‌ناوی مرۆڤبوونه‌وه دروست ده‌بێت. مرۆڤبوونیش له ئه نجامی دروستبوونی وشیاری و ئاگایی خودیی دێته كایه‌وه. به‌و پێیه‌ی كه خود ده‌بێته سه‌نته‌ری كارو چالاكییه‌كان و خود هه‌ست به بوونی خۆی ده‌كات. هه‌ر كاتێكیش توانیمان ئه‌و خوده بناسین، ئه‌و كاته ته‌واو هه‌ست و ئاگایی ناوه‌وه‌مان ده‌كه‌ونه كار و چالاكی ده‌نوێنن و له‌وێوه مرۆڤبوون ده‌خه‌ملێت و له‌دایك ده‌بێت. كه‌واته مه‌رجی مرۆڤبوون ناسینی خوده. كه ئه‌مه مه‌رجی یه‌كه‌می ده‌ربازبوونه له دۆخی گیانله‌به ری و چوونه ناو دۆخی مرۆڤبوونه، دیاره (( یه‌كه‌م بناغه و كۆڵه‌كه‌ی دروستی ده‌روونی و دوور بوون له گرفت و نه‌خۆشی ده‌روونی خۆناسینه، واته هه‌موو كه‌سێك ده‌بێت پێش ئه‌وه‌ی ببێت به برادەرو دۆستی كه‌سانی تر ببێت به هاوه‌ڵ و دۆستی خۆی و به‌ناخ و دڵ و ده روونی خۆیدا بچێته خواره‌وه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی نه‌زانینی خود و پشتگوێ خستنی و شاره‌زا نه‌بوونی خاڵه به‌هێز و لاوازه‌كانی، مرۆڤ به‌ره‌و هه ڵدێر و كۆمه‌ڵێك كێشه‌و گرفتی ده‌روونی و كۆمه‌ڵایه‌تی ده‌بات)) (د.كه ریم شه‌ریف قه‌ره‌چه‌تانی، ٢٠٠٦، ل٣٩٩)، ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت كه خود ناسین كرده‌یه‌كی دژوار و ئاڵۆزه‌و تێپه‌ڕاندنی ئه‌و كرده‌یه گه یشتنه به مرۆڤبوون، كاتێك مرۆڤ ده‌گاته پله‌ی خۆناسین، ئه‌و كاته سه‌ره‌ڕای ناسینی خۆی، ده‌وروبه‌ره‌كه‌شی ده‌بینێت و هۆشیاری و مه عریفه له‌باره‌ی ئه‌و ده‌وروبه‌ره‌ش كۆده‌كاته‌وه‌و مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵ ده

کات، چونکە مرۆڤیش ناتوانێت بەتەنیا بژیت و توانای گوزەرانی ئەو ژیانەی نییە بەتاقی تەنیا، بۆیە ناچارە پشت بە مرۆڤەکانی دیکە و سروشت و گیانلەبەرانی دیکەش ببەستێت بۆ ئەوەی بتوانێت بناغەیەکی ژیاری دروست بینا بکات، لەوکاتەوەش هەست و ئاگایی لە بارەی ئە وی دیکە دەبێتە مەرجی یەکەم و مرۆڤبوون لە قالبی خود دێتەدەرەوە و بەرەو خودی ئەوانی دیکەش هەنگاو دەنێت و ڕێگا دەبڕێ. ئەمەش دەبێتە هۆکاری لە دایکبوونی کردەیەکی گشتی فراوان کە بریتییە لە مرۆڤایەتی، بەواتای ئەوەی مرۆڤایەتی لەسەر بنچینە و بناغەی مرۆڤبوون دێتە کایەوەو بەرەو پێشەوە دەچێت. مرۆڤایەتیش بریتییە لە ((بینینێکی فراوان بۆ ژیان، بۆ بوون، بەتایبەتیش بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایە تی، ئەمەش گەورەترین خەونە ختووکەی خەیاڵی بیرمەند و شاعیر و فەیلەسووفان دەدات، یەکێک لە مانا گرینگەکانی ئەو مرۆڤایەتییە بڵاوکردنەوەی پرنسیپە پیرۆزەکان و نموونەی باڵایە لەناو خەڵکیدا، هە روەها دژایەتیکردنی ئەو یاسایانەی کە دانراون بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤ لە برایەکەی خۆی و کارکردن بۆ خوڵقاندنی کۆمەڵگەیەکی بە رزی مرۆڤایەتی، کە دادپەروەری و میهرەبانی و خۆشەویستی پێکهێنە ری بن. سەرەڕای کارکردن بۆ لاوازکردنی ئازارە مرۆڤایەتییەکان و وێنەگرتنی ژیان بەشێوازێک کە خۆشەویست بێت لای خەڵکی، یان دە توانین بڵێین مرۆڤایەتی خۆشەویستییەکی راستەقینەیە بۆ هەموو بوونێک، بەبێ جیاوازی و بەرزکردنەوەیەک)) (عیسی ناعوری، ٢٠١١، ل ٨٨-٨٩). کەواتە مرۆڤایەتی پلەی باڵای مرۆڤە و هەموو شتێک لە

پێناو مرۆڤایەتییدا جێگەی شانازی و ستایش کردنە. ئەو مرۆڤایەتییە لە دواجاردا لە چوارچێوەی مرۆڤبوونیش دێتە دەرەوەو پەل بۆ تەواوی بوارەکانی دیکە دەهاوێژێت. بەو واتایەی تەنیا مرۆڤبوون نابێتە سە رچاوەی سەرەکی مرۆڤایەتی، بەڵکو سروشت و گیانلەبەر و بێ گیانیش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرینگی مرۆڤایەتی و بایەخدانی مرۆڤایە تی بە سروشت و پاراستنی ژینگە و هەوڵدان بۆ راگرتنی باڵانسی سروشت و رووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو هەوڵانەی دژ بە سروشت ئەنجام دەدرێت، دەبێتە یەکێک لە ئەرکەکانی مرۆڤبوونیش، هەروەها راگرتن و پاراستنی مافەکانی ئاژەڵ و گیانلەبەرەکانی ناو سروشتیش بەشێکی گرینگ لە تەوەری بایەخدانەکانی ئەو مرۆڤایەتییە پێکدەهێنن، ئەمەش واتای فراوان بوونی سنوورەکانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. ئەمە ش ئەوە دەگەیەنێت کە چەمکی مرۆڤایەتی فراوانترە لە چەمکی مرۆڤبوون، بەچاوخستنە سەر ئەم نەخشەیە زیاتر ئەم بابەتەمان بۆ روون دەبێتەوە:




لەم خشتەیەدا ئەو روون دەبێتە کە مرۆڤایەتی گۆڕەپانی کارکردنی فراوانترە و زیاتر لە سنوورێک دەبڕێت و بەرەو گۆڕەپانەکانی دی هە نگاو دەنێت، لە کاتێکدا مرۆڤبوون کاریگەرییەکەی لە چوارچێوەی خود تێپەڕ ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ مرۆڤبوون، مرۆڤایەتی لەدایک نابێت.

لەم چوارچێوەیەدا دەقی(مرۆڤ)ی (تەیب قادر) دەبێتە بنچینە و بناغەی باسکردنمان لە سنووری مرۆڤبوون و مرۆڤایەتیدا، کە ئەمەش دەمانگەیەنێتە سنووری پەیوەندی مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی بە ئەدەبیاتە وە، کە دیارە پەیوەندییەکی چڕ و پڕ و تێکچڕژاو کۆیان دەکاتەوە، چونکە ئەدەبیات داهێنانێکی خودی مرۆڤە. دیارە ئەو داهێنانەش تایبە

تمەندی خەسڵەتەکانی مرۆڤ پیشان دەدات و لە تەواوی گیانلەبەرانی دیکە جودای دەکاتەوە، شاعیریش ئەو مرۆڤە دەکاتە تەوەر و بنچینەی دەقەکەی، چەمکی مرۆڤیش تەنیا لەمەوە کورت نابێتەوە، بەڵکو دەلالەتە بۆ ئەو ئامانجانەی کە پێویستە مرۆڤ لە ژیانیدا بەدەستیان بهێنێت، ئە ویش مەبەست و ئامانجی خێر و ئاشتەوایی لە گشت کردەوەکانی و بە دەستهێنانی بەختەوەرییە بۆ سەرجەم مرۆڤەکانی دیکەش. هەروەها هە وڵدانە بۆ باشترکردنی رەگەزی مرۆڤ و گەیشتن بە پلەی کەمال و گە یشتن بە راستی رەهای مرۆڤ بەبێ هیچ کەموکوڕییەک. (مفید ممحیة، ١٩٨١، ص ٢٧) دیارە لەم پێناوەشدا ئەدەب پەیوەستە بە مرۆڤ و مە سەلە مرۆڤایەتییەکان و تەواوی خزمەتی ئەدەب لەپێناو مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا رەنگڕێژ بووە، چونکە ئەدەب (( بەرهەمێکی زمانەوانییە بایەخ بە مرۆڤ دەدات بەو پێیەی کە مرۆڤە، ئەویش خوڵقاوێکی ئادە مییە لەسەر پشتی ئەو زەوییەدا دەژیت و ژیاری مرۆڤایەتیی ئەزموون دەکات، بەمەش کاریگەریی جۆراجۆری لەسەر دەبێت، بەو پێیەی کە مرۆڤە، نەک بەو پێیەی کە پسپۆرە لە بوارێک لە بوارەکانی چالاکی مرۆڤایەتیدا)) (محمد النويهي، ١٩٨٧، ص٣٤) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەدوو لایەنەوە شاعیر لە کانی مرۆڤایەتییدا ئاو دەخواتەوە: لایەنی یەکەم لەو بوارو بابەتەی کە تایبەتە بە مرۆڤ و لایەنی دووەمیش رێگای گەیشتن و پێکهێنان و ئەرکی ئەو مرۆڤایەتییە روون دەکاتەوە. دیارە مەسەلەی مرۆڤایەتی لە کۆنەوە ئەرکێکی وابەستەی ئەدەب بووە، بەڵام لە شیعری کوردیدا بە حوکمی ئەوەی کە کورد لە دێر زەمانەوە

عەودالّی ئازادی خاک و نەتەوەو تاکەکانی بووە، ئەو مرۆڤایەتییە لە تە واوی لایەنەکانی ئەدەبی کوردیدا بە تایبەتیش شیعر رەگی داکوتاوە و بەرەو پێش چووە. شاعیر هەوڵی داوە لەم دەقەیدا بەدید و روئیاییەکی جیاوازتر لە گوتاری شیعری کوردیدا بەدیار بکەوێت لەباسکردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا بیرکردنەوەیەکی دیکە بخاتەڕوو، ئەو بیرکردنەوە یەی زیاتر لە چوارچێوەی خودی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەمە ش رەنگدانەوەی ئەو ئاراستەیە کە لەدوای راپەڕینەوە لە شیعری کوردیدا هاتۆتە کایەوە (( یەکێک لە دیاردەکانی شیعری دوای راپەڕین، سەرهەڵدانی ئەو دەنگەیە، کە دەیەوێت تاکایەتی خۆی بنووسێتەوە، وە کو ئەوەی هەموو شەڕەکان کۆتاییان هاتبێت و ئینسان بیر لە خودی خۆی بکاتەوە )) (ئەحمەد مەلا، ٢٠١٩، ل١١). لەمڕووەوە شاعیر هەوڵی داوە لە دەقی (مرۆڤ)دا خودی خۆی بکاتە سەنتەر و لەوێوە بەدوای مرۆڤبوونی خۆی بگەڕێت و بەتەنگ مرۆڤایەتیش بێت. بۆیە گەر لە ناونیشانی دەقەکەوە وردبینەوە (مرۆڤ) خۆی دەربڕی خودی شاعیرە کە دەگەیەنێت کە هێشتا لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیت خەون بە مرۆڤبوونە وە دەبینێت، ناونیشانەکە جۆرێک لە پرسیار و سەرسوڕمان لای خوێنە ر دروست دەکات، ئەو جۆرە ناونیشانانە دەبنە جێگەی بایەخ پێدانی خوێنەر و بەشێک لە یادەوەریی داگیر دەکات، چونکە ناونیشان یەکەم رستەیە کە ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە و تەواوی هەست و سۆز و هۆشی بۆ لای خۆی رادەکێشێت. لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە ناونیشانێکی سادە و بێ گرێ و گۆڵی وەکو (مرۆڤ)ە، خوێنەر دەباتە

جیهانێکی دیاریکراو، کە هەمیشە هەست بەوە بکات ئەو دەقە لەگەڵ ئە و مامەڵە دەکات و پەیوەستە بە ئەوەوە. سەرەڕای ئەمەش ناونیشانی دەقەکە ڕێک جیاکارییەک لەناو زیندووەکانی گۆی زەوی دەهێنێتەکایە وە کە ئەویش (مرۆڤ)ە، واتە تەنیا لەناو هەموو زیندەوەرەکانی ناو گۆی زەوی، شاعیر مەبەستی مرۆڤە، ئەمەش ڕێک ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ خۆی خاوەنی ئەو دەقە بێت و گیانلەبەرانی دیکەی زەوی پەیوە ندییان پێوە نەبێت.

ئەوەی لێرەدا زۆر پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە شاعیر زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ ناونیشان کردووە، بەشێوەیەک هەر دوو لایەنی مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی لە ناونیشاندا ناوەند و چەقی دەقی پێکهێناوە، ئەوەتا (مرۆڤ) کە ناونیشانی دەقەکەیە، ئاماژەیە بۆ خودی (مرۆڤ) و لە چوارچێوەی ئەو کائینە دیاریکراوەوە پەیامەکانی خۆی بۆ مرۆڤبوون دەردەبڕێت. لەبەرانبەریشدا ئەو دەقە بەشێکە لە کۆی دە قەکانی کتێبێک بەناونیشانی (مرۆڤێک لە نزیکمانە) کە ئەمەش ڕێک واتای مرۆڤایەتی دەگەیەنێت، چونکە مرۆڤایەتی بریتییە لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەوی دی، ئەو ئەویدییەی کە مرۆڤەکانی دەوروبەرمان دەگرێتە وە. کەواتە شاعیر لە هەردوو ناونیشاندا مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی گوزارشت دەکات و دەیانکاتە مانشێتی گەورەی کارکردنەکەی.

سەرەتای دەقەکە بەوە دەست پێدەکات کە شاعیر دەخوازێت مرۆڤ بێت:

مرۆڤ بوومایە
هەموو بەیانییەک زەویم گەسک دەدا (مرۆڤێک لەنزیکمانە ل٥)

واتە لێرەدا شاعیر نەگەیشتۆتە پلەی مرۆڤبوون و هێشتا ئاواتە خوازە بۆ ئەوەی مرۆڤ بێت، ئەمەش دەرگای گەورە لەبەردەم مرۆڤبوون لە کۆمەڵگەکەی ئێمە والا دەکات. ئەو حەزەی شاعیر ئەوە دەردەخات هێشتا کۆمەڵگە لە قۆناغی پێش مرۆڤبوونە و لە ئاستەکانی ئەوەش دا نییە بەو پلەیە بگات، کەواتە شاعیر و کۆمەڵگەکەی هێشتا زۆر دوورن لە مرۆڤایەتی، واتە ناسینی مرۆڤەکانی دیکە، چونکە هێشتا خۆیان نەناسیوە، کە یەکەم قۆناغی گەیشتنە بە مرۆڤایەتی. لە تەواوی دەقەکەدا دەستەواژەی (مرۆڤ بوومایە) دووبارە دەبێتەوە و بەشێک لە ریتمی ناوەوەی دەقەکە دروست دەکات و مانای شاراوەی دەقەکە بەدیار دەخات، چونکە کەسێک ئاواتەخوازی ئەوەیە مرۆڤ بێت، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسە هەستی بەخۆی کردووە کە مرۆڤ نییە، لەهەمانکاتیشدا مرۆڤی بینیوە و ئاواتەخوازە بگاتە پلەی مرۆڤبوون. دیارە ئەو هەست بەخۆ کردنە و ئەو ئارە زووە نیشانەی سەرەتایی بوونی کردەی خۆ ناسینە، کە لەدوای چە ندین وێستگەی جۆراجۆری ئەزموونی شاعیر و دەرخستنی چۆنییە تی کەسەکان لە پێش مرۆڤبوون و هەڵسوکەوتیان لە دوای مرۆڤبوونەوە، ئەو خۆناسینە دەگاتە ئاستێکی دیاریکراو کە خۆی بۆ

خوێنەر پێناسە بکات بەوەی کە فریشتەیە، دیارە فریشتە لە ئاسمانە کاندا دەژیت و لەمرۆڤ جیاوازترە، بەڵام لای شاعیر مرۆڤ گەورە ترە ئەمەش کۆتایی دەقەکە پێکدەهێنێت:

من فریشتەم و مرۆڤ گەورەیە
زۆر گەورەیە     (مرۆڤێک لەنزیکمانە ل ١٦)

لێرەدا کۆتایی دەقەکە گەورەیی مرۆڤ دیاردەخات و ئەوە روون دە کاتەوە کە مرۆڤ پیرۆزترە لە ئەوانی دیکە. ئەمەش لەو چیرۆکە ئاینییە وەرگیراوە کە کاتێک خواوەند مرۆڤی دروست کرد لە قوڕ، فەرمانی بە هەموو فریشتەکان کرد کە کڕنووشی بۆ ببەن، ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی شەیتان بەهۆی ئەوەی ئاگری پێ پاکتر بوو لە قوڕ، کڕنووش بردن بۆ مرۆڤ رەت بکاتەوە، بەمەش دووچاری ئەو سزا هەتاهەتاییە بوو کە مرۆڤ هۆکارەکەی بوو، بۆیە بڕیاریدا هەمیشە مرۆڤ لەخوا بکات و دووچاری لادان و تاوانی بکات، بۆ ئەوەی بۆ خواوەندی بسە لمێنێت کە دروستکراوە پیرۆزەکەی شایەنی ئەو بایەخ پێدانە نەبوو. شاعیر لەم دەقەدا دژی ئەو بۆچوونەی شەیتانە و لەگەڵ خواوەندا یە کدەگرێتەوە کە مرۆڤ زۆر گەورەیە، تەنانەت فریشتەش هێشتا نەگە یشتۆتە ئاست و پلەی مرۆڤ، بۆیە مرۆڤبوون لای شاعیر گەورەییەکە ی بەس دەبێت بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خواوەندی لەلا پەسەند بێت و دژی یاخیبوونەکەی شەیتان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر دان بەوە

دادەنێت کە سەرەڕای ئەو واقیعە هێشتا مرۆڤ هەستی بە گەورەیی خۆی نەکردووە و پەی بەو نهێنییە نەبردووە کە مرۆڤ گەورەی کەون و زەوی و ئاسمانەکانە. بۆیە لە ژیانی رۆژانە و ئەزموونەکانیدا مرۆڤی وا خراپی بەرچاو دەکەوێت کە شایەنی ئەوە نەبووە ببێتە مرۆڤ. بۆیە ئەو دەخوازێت کە ببێتە مرۆڤ ئەوا:

ڕێزم لە سروشت دەگرت و
هەنارم بە شووتی نەدەفرۆشت
دەبوومە فەرمانبەر و
نەمدەهێشت، خەون لەسەر لێوی تەنیاییەکی،
قورس قورس خەوی لێ بکەوێت

(مرۆڤێک لەنزیکمانە ل ٦)

دیارە ئەوانەی کە بوونەتە مرۆڤ تاوان بەرانبەر سروشت ئەنجام دەدەن و ڕێزی پێویستی لێ ناگرن، لەهەمانکاتیشدا بەشێکی دیکە خە ریکی فرتوفێڵن و تەڵەکەبازی لە بەرهەمەکانی سروشتیش دەکەن، جیا لەمانەش مرۆڤی دیکە دووچاری بێ کاری دەکەنەوەو بەمەش تەنیایان دەکەن و لەمەشدا پەیوەندییان بە ئەوی دیکە نامێنێت و ناگەنە پلەی مرۆڤایەتیبوون. شاعیر لەسەر ئەو تاوانانەی مرۆڤەکان بەردەوام دە بێت و ئەوە دەخوازێت کە ئەو ببێتە مرۆڤ ئەو کاروکردەوانە ئەنجام نادات:

نەدەبوومە چڵکاو
چڵکاو شمەکی دەوروبەر پیس دەکا
نەدەبوومە دووکەڵ،
دووکەڵ قورگی مرۆڤەکان دەخوسێنێت.
نەدەبوومە دەمانچە،(مرۆڤێک لەنزیکمانە ل ٦)

مرۆڤەکان هەمیشە کاری دزێو و قێزەون دەکەن و سڵ لە خراپە کاری ناکەنەوە، ئەو مرۆڤانە بێ بەشن لە مرۆڤبوون و هەمیشە دۆزە خیش بۆ مرۆڤەکانی دیکە دروست دەکەن، شاعیر لە بەرانبەردا دووچاری پرسیار و سەرسوڕمان دەبێتەوە:

ئۆییی مرۆڤ بۆ وا دەکات؟
بۆ چی قۆرت،
قۆرتی زل زل لەسەر ڕێگەکاندا هەڵدەکەنێت؟
بۆچی ددان دەچەقێنێتە لەشی یەکتری و
خوێن لەگەڵ نان، لەگەڵ پشوو.
لەگەڵ نیوەڕۆکانیان، لەگەڵ ئێوارەکانیاندا دەخۆنەوە؟
(مرۆڤێک لەنزیکمانە ل ١٢)

ئەو کاروکردەوانەی مرۆڤ بەتەواوەتی شاعیری دووچاری خە مۆکی کردۆتەوە، بۆیە بڕیاری داوە ئەو پێچەوانەی ئەو کاروکردەوانە

ی مرۆڤ بجووڵێتەوە، بەڵام کاتێک کە لە دۆخی فریشتەیی دەچێتە دۆخی مرۆڤبوونەوە، دیارە ساتی نووسینی دەقەکە شاعیر لە دۆخی مرۆڤبوون نەبووە، بەڵکو لە دۆخی فریشتەیی دا بووە، ئەمەش وای کردووە کە شاعیر لە بارودۆخێکی دەروونی شڵەژاودا بێت و خۆزگەی ئەوە بخوازێت ببێتە مرۆڤ بۆ ئەوەی کاروکردەوە باشەکان بکات، کە لەو دەقەدا بە لەرێگای خۆزگەکانییەوە ئاماژەیان بۆ دەکات:

مرۆڤ ..مرۆڤ . مرۆڤ
نقورچەم لە خەمی هیچ کەسێک نەدەدا
تەنیاییم لە پێش ماڵی هیچ کەسێک نەدەڕژاند
ناوقەدی هیچ کەسێکم نەدەنووشتاندەوە و
دڵی هیچ کەسێکم نەدەدڕاند
خۆکوشتن و ئەویتر کوشتنم دەکردە مۆدیلێکی کۆن (مرۆڤێک لە نزیکمانە ل ٧)

شاعیر لێرەدا ئاماژە بە گەلێک دەرد و بەڵای کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی دەکات کە پێویستە مرۆڤ خۆی لێ بەدوور بگرێت و ئەویش وەکو فریشتەیەک خۆزگەی ئەوە دەخوازێت کە ببێتە مرۆڤ بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی ئاسایی و گونجاو لەنێوان مرۆڤە کان بنیاد بنێت و چیدیکە مرۆڤ بەدەست تەنیاییەوە ئازار نە چێژێت. دیارە لێرەدا (تەنیایی) وەکو کۆدێک بۆ ئەوە بەکارهاتووە

مرۆڤەکان لەیەکدی نزیک ببنەوە و گرینگی و بایەخ بە یەکدی بدەن، بەمەش مرۆڤ لە مرۆڤبوونەوە هەنگاو بەرەو مرۆڤایەتی دەنێت. ئەم لێک نزیکبوونەوەیەش وا دەکات مرۆڤەکان دەست لە کوشتنی خود و کوشتنی مرۆڤەکانی دیکە هەڵگرن، چونکە لە ئەنجامی دوور کەوتنەوە لە یەکتر و گفتوگۆنەکردن و ڕێزنەگرتن لە بیروڕای یەکتر، جیاوازی و توندوتیژی دێتەکایەوە کە ماڵوێرانی و کارەساتی بەردەوامی شەڕ و نەهامەتییەکانی لێ بەرهەم دێت. بۆیە شاعیر بەئاشکرا داوای گفتوگۆی نێوان مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی بۆ ئەوەی خۆی بناسێت و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوی دیکەش دەکات:

بەدوو قسەی خۆش،
دڵەکانم دەکردنە کۆتر و
لەماڵی پەپوولەکانم دوور دەخستنەوە و
ماڵی خۆییم لە ڕۆخ قومە ئاوێکی قەنداویی
بۆ دروست دەکرد(مرۆڤێک لەنزیکمانە ل ٧)

ئەم داوای گفتوگۆکردنە دەرگای کارێکی گرینگی لەبەردەم مرۆڤەکان دەکردەوە، ئەو مرۆڤانەی کە بەهۆی ئەوەی گەیشتوونەتە ئاستی مرۆڤبوون، ئەویش ئاشتەوایی و پێکەوەژیانە، دیارە پێکەوەژیان دەبێتە هۆکاری بەدیهێنانی ڕێزگرتن و گرینگدان بە یەکتر، ئەمەش ڕێگا خۆش

دەکات مرۆڤ بگات بە پلەی مرۆڤایەتی، ئەو پلەیەی ئیدی شەڕو نە هامەتییەکانی دەڕەوێنێتەوە و تامێکی دیکە بۆ ژیان دروست دەکات، کە دەمێک ساڵە مرۆڤ عەودالّییەتی:

وامدەکرد حاکم و پۆلیسەکان،
لە بێ ئیشیان هەر چای بخۆنەوە
نۆرەی نانەواخانەکانم نەدەهێشت و
فەرمانگەکانم دەهێنایە ماڵەوە (مرۆڤێک لەنزیکمانە ل ٩)

چونکە ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی و ئاشتەوایی و پێکەوەژیان دە بێتە هۆکاری بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری و دانانی سیستەمێکی پێشکەوتووی خزمەتگوزاری، بۆیە حاکم و پۆلیسەکان کە کاریان چە سپاندنی یاسا و چارەسەرکردنی کێشەکان و سزادانی تاوانبارەکانە، لە دۆخێکی وەهادا بەهۆی نەبوونی کێشەو تاوانباران بێ ئیش دەمانەوە و لەهەمانکاتیشدا کەس بەدوای بەدیهێنانی پێداویستییەکانی ژیان ماندوو نەدەبوو، ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ئارام بێت و دوور بێت لە کێشەو گرفتەوە. ئەو کەشە ئارامەی کۆمەڵگە کە لەسەر دەستی مرۆڤەکانەوە دووچاری شێوان و شڵەژان بۆتەوە، بەتایبەتیش شەڕ و نەهامەتییەکانی، بۆیە شاعیر زۆر بەتوندی دژی شەڕ دەوستێتەوەو بە هۆکاری سەرەکی ئەوەی دادەنێت کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی و مرۆڤبوون دەکەوێنێت:

مرۆڤ بوومایە،
شەڕم نەدەکردە گەمەیەکی بەتام
شەڕم لە پەنایەکدا،
دەخستە ژێر چەنگێک لمەوەو دەمگوت:
وسبە (مرۆڤێک لەنزیکمانە ل ١٢)

بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە قورسە، ئەرکی بوون بە مرۆڤ و زانینی بەها و پێگەی مرۆڤایەتی و چاندنی لەدڵ و دەرووندا، شاعیر پێشنیازی ئەوە دەکات کە ڕێگای پەروەردە بگرینە بەرو نەوەی نوێ بە پرنسیپە کانی مرۆڤبوون ئاشنا بکەین و تۆی مرۆڤایەتی لەناخیاندا بچێنین:

مرۆڤ بوومایە،
منداڵەکانم دەخستە پێش پێشەوەی ژیان و
پێم دەگوتن : ژیان گەورەترە لە مردن
پێکەنین باشترە لە گریان (مرۆڤێک لەنزیکمانە ل ١١)

دیارە شاعیر هێشتا لەدۆخی پێش مرۆڤبووندایە، ئەو دۆخەی کە بە فریشتە ناوی دەبات و خۆزگە دەخوازێت ببێت بە مرۆڤ بۆ ئەوەی ئە و کارە چاکانە لە ژیاندا تۆمار بکات، بەدیویکی دیکە پێمان دەڵێت پێویستە مرۆڤ ئەو کارانە بکات و ژیان ئاوەدان بکاتەوە، ئەم دۆخەی

که شاعیر دەخوازێت ببێتە مرۆڤ و لە فریشتەبوون رزگاری ببێت بە هۆی ئەوەیە کە:

سەر زەوی پیس بووە،
کەس دەست و دڵی بەیەکەوە ناشوات (مرۆڤێک لەنزیکمانە ل ١٣)

کەواتە شاعیر لەم دەقەیەوە زەنگێکی مەترسیدار لێدەدات و ئەوە بە گوێچکەمان دەچپێنێت کە هێشتا ماومانە بگەین بە قۆناغی مرۆڤبوون و زۆر دووریشین لە قۆناغی مرۆڤایەتی. بەمەش ژیان لەسەر زەوی بەرە و وێران بوون دەڕوات و ئایندەیەکی لێڵ چاوەڕوانی زەوی و ژیانی کە سەکانی دەکات.

**سەرچاوە:**


١. العربي حمدوش، النزعة الأنسانية فى شعر الصعاليک الجاهلية، رسالة ماجستر، جامعة قسنطنة ٢٠١٢.

٢. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠٠٦ .

٣. عیسی الناعوری، ادب المهجر، وزارة الثقافة ـ عمان ٢٠١١.

٤. مفيد قمحية، الأتجاه الأنساني في الشعر العربي المعاصر، دار الأفاق الجديدة، بيروت، الطبعة الأولى ١٩٨١.

٥. محمد النويهي، وظيفة الأدب، مطبعة الرسالة، عابدين، الطبعة الأولى ١٩٨٧.

٦. ئەحمەد مەلا، شیعری دوای راپەڕین، دەزگای چاپ و پەخشی سە ردەم، سلێمانی ٢٠١٩.

٧. تەیب قادر، مرۆڤێک لە نزیکمانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ ٢٠١٧.